١١/ ٦/ ٢٠٢٠

# پوختەی
# بنەماکانی تەوحید

احمد کوردی

عەقیدە #١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين أما بعد، خوای گەورە ڕەحم بە من و تۆش بکات بزانە کە تەوحید لە شەرعدا بەتەنهاڕاگرتنی خوایە لە هەرشتێکدا کە تاك و تەنها و تاقانە و بێ هاوەڵ و بێ شەریك و بێ هاوشێوەیە تیایدا، چ لە ناو و سیفاتیدا چ لە پەرستنیدا وە چ لە پەروەردگارێتیدا.

خوای گەورە سبحانە وتعالی ئەفەرموێت:

﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (١) ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ (٢) لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ (٣) وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ (٤) (الإخلاص) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ خوای گەورە تاقانەیە (١) گەورەیە و دروستکراوەکان پێویستیان پێیە (٢) کەسی لێ نەبووە وە لە کەس نەبووە (٣) وە هیچ هاوشێوەیەکی نییە (٤) ﴾.

﴿ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا (مريم - ٦٥) پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیانە، بیپەرستە و ئارام بگرە لەسەر پەرستنی، ئایا هیچ هاوشێوەیەکی هەیە ﴾.

﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ (الشورى - ١١) هیچ شتێك هاوتای خوا نییە، وە خوای گەورە بیسەر و بینەرە ﴾.

وە تەوحید یەکێکە لە دوو مەرجەکەی قبوڵبوونی عیبادەت، واتە بۆ ئەوەی عیبادەتەکانمان لە: نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و ئەوانی تر، قبوڵببێت لای خوای گەورە پێویستە دوو مەرجی هەبێت، وە یەکێك لەم مەرجانە بریتییە لە تەوحید، کە تەنها خوا بپەرستین و پەرستنەکەشمان هەر بۆ ئەو بێت.

خوای گەورە ئەفەرمویّت:

﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێکی نییە، وە بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکەم ملکەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (النور - ٥٥) خوای گەورە بەڵێنی داوە بەو باوەڕدارانە لە ئێوە کە کردەوەی چاکیان کردووە، ئەیانکات بە جێنشین لەسەر ڕووی زەوی وەك ئەوانەی پێش ئەوانی کرد بە جێنشین، وە ئەو دینەش سەرئەخات کە ڕازی بووە لێی بۆیان، وە حاڵیان لە ترسەوە ئەگۆڕێت بۆ دڵنیایی، بەو مەرجەی عیبادەتی من بکەن و هیچ شەریکم بۆ دانەنێن، وە هەرکەس کوفر بکات دوای ئەوە ئەوانە لە ڕێ دەرچوون ﴾.

﴿ قالَ اللَّهُ تَبارَكَ وتَعالَى: أنا أغْنَى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَن عَمِلَ عَمَلًا أشْرَكَ فيه مَعِي غيرِي، تَرَكْتُهُ وشِرْكَهُ (صحيح مسلم - ٢٩٨٥) خوای گەورە ئەفەرموێت لە فەرموودەی قودسیدا: من بێ ویست و بێ نیازترین هاوەڵم لە هاوەڵدانان و موحتاجی شەریك نیم، هەرکەس کارێك بکات تیایدا غەیری من هاوەڵم بۆ دابنێت، واز لە خۆی و هاوەڵدانانەکەی ئەهێنم و بەریم لێیان ﴾.

وە تەوحیــد مەرجــە بــۆ چــوونە بەهەشــت، واتــە بــەبێ تەوحیــد کــەس ناچــێتە بەهەشــتەوە بــە پێغەمبەرانیشەوە.

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٌ أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةُ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَـٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ (١٦١) خَـٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ (١٦٢) وَإِلَـٰهُكُمۡ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌۖ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحۡمَـٰنُ ٱلرَّحِيمُ (١٦٣) (البقرة) ئـەو کەسـانەی کوفریـان کـردووە و بـە کـافری مردوون ئەوانە لەعنەتی خوا و فریشتە و هەموو خـەڵکیان لەسـەرە (١٦١) هەتاهەتایـە لـە ئاگران سزایان لەسەر سووك ناکرێت وە مۆڵەتیان نادرێت (١٦٢) وە خوای ئێوە یـەك خوایـە، هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لەو، بەرِەحم و میهرەبانە (١٦٣) ﴾.
- ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمۡ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا (الکهـف - ١١٠) ئەی موحەممـەد پێیـان بڵێ من مرۆڤێکم وەك ئێوە جیاوازیم ئەوەیە وەحیم بـۆ دێـت، وە وەحییەکـەش ئەوەیـە کـە خواکەتان یەك خوایە، جا هەرکەس ئومێدی گەشتن بەپەروەردگارەکەی هەیە با کردەوەی چـاك بکات، وە لە عیبادەتی پەروەردگارەکەیدا با هیچ کەس بە شەریك دانەنێت ﴾.
- ﴿ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَـٰسِرِينَ (الزمـر - ٦٥) وە ئەی موحەممەد بەدڵنیاییەوە وەحی بۆ تۆ و پێغەمبـەرانی پـێش تۆش هاتووە، کە گـەر هاوبەشـدانەری بکـەیت کـردەوە چـاکەکانت بـەتاڵ ئەبێتـەوە، وە لـە دۆڕاوەکان ئەبیت ﴾.

وە هەموو پێغەمبەران بانگەوازی ئوممەتەکانیان بۆ تەوحید کردووە، لەناویاندا پێغەمبەرمان موحەممەد صلى الله عليه وسلم.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ (النحل - ٣٦) وە بەدڵنیاییەوە لەناو هەموو ئۆمەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە، کە بە ئۆمەتەکەیان وتووە الله بپەرستن و لە شەیتان و لەسنوردەرچووەکان و پەرستراوە بەتاڵەکان دووربکەونەوە ﴾.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت:

﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يقولوا: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فمَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فقَدْ عَصَمَ مِنِّي مالَهُ ونَفْسَهُ إلَّا بحَقِّهِ، وحِسابُهُ علَى اللَّهِ (صحيح البخاري - ٦٩٢٤) فەرمانم پێ کراوە جەنگی خەڵك بکەم هەتا ئەڵێن: هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لە الله، جا هەرکەس وای وت، ئەوا پارە و نەفسی پارێزراوە لێم مەگەر بە حەقی خۆی، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوای گەورەیە ﴾.

﴿ لَمَّا بَعَثَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ مُعاذَ بنَ جَبَلٍ إلى نَحْوِ أهْلِ اليَمَنِ قالَ له: إنَّكَ تَقْدَمُ علَى قَوْمٍ مِن أهْلِ الكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أوَّلَ ما تَدْعُوهُمْ إلى أنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعالَى، فَإِذَا عَرَفُوا ذلكَ، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ قدْ فَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في يَومِهِمْ ولَيْلَتِهِمْ (صحيح البخاري - ٧٣٧٢) پێغەمبەری خوا فەرمانی بە هاوەڵێکی کرد کە بانگی کۆمەڵێك گاور (مەسیحی) بکات بۆ ئیسلام، وە فەرمووی: با یەکەم شت کە بانگیان بۆی ئەکەیت ئەوە بێت خوای گەورە بە تاقانە و تەنها بناسن و بپەرستن، جا گەر ئەوەیان زانی و ڕازی بوون پێی، پێیان بڵێ خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەریان فەرزکردووە لە ڕۆژ و شەوەکەیاندا ﴾.

وە لەبەر ئەم گەورەییەی تەوحید، پێویستە لەلای موسوڵمان پێش هەموو شتێك بکەوێت لە زانینی و جێبەجێکردنی و گرنگی پێدانی. وە فێربوونی تەوحید واجبە لەسەر هەموو کەسێك لە ئینسان و جنۆکە نێر و مێیان.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

◆﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (محمد - ١٩) ئەی موحەممەد بزانە کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله ﴾.

◆﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا (الكهف - ١١٠) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ من مرۆڤێکم وەك ئێوە جیاوازیم ئەوەیە وەحیم بۆ دێت، وە وەحییەکەش ئەوەیە کە خواکەتان یەك خوایە، جا هەرکەس ئومێدی گەشتن بەپەروەردگارەکەی هەیە با کردەوەی چاك بکات، وە لە عیبادەتی پەروەردگارەکەیدا با هیچ کەس بە شەریك دانەنێت ﴾.

◆﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ (الذاريات - ٥٦) وە جن و ئینسم دروستنەکردووە تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت ﴾.

جا ڕەحمەتی خوات لێ بێت هەموومان ئەمانەوێت عیبادەتەکانمان قبوڵ ببێت و بچینە بەهەشتەوە، دە کەواتە با موەحید بین و هاوەڵ بۆ خواکەمان دانەنێین و موشریك نەبین.

خوای گەورە ئەفەرموێت:

◆﴿ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (الزمر - ٦٥) وە ئەی موحەممەد بەدڵنیاییەوە وەحی بۆ تۆ و پێغەمبەرانی پێش

تۆش هاتووه، كه گـەر هاوبەشـدانەری بکـەیت کـردەوە چـاکەکانت بـەتاڵ ئەبێتـەوە، وە لـە زەرەرمەندان ئەبیت ﴾.

﴿ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَـٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَـٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (البقرة - ٢١٧) وە هەرکـەس لـە ئێـوەی موسوڵمان لە دینەکەی پاشگەز ببێتەوە و بمرێت بە کـافریی، ئەوانـە کردەوەکانیـان پووچـەڵ بۆتەوە لە دونیا و ئاخیرەتدا، وە ئەوانە هاوەڵی ئاگرن و تاهەتایە تیای ئەمێننەوە ﴾.

لەمەوە، لە چەند ڕێسایەکدا بە کورتی تەوحید باس ئەکەم، وە داوام لە خوای گـەورە و تاقانـە و بـێ شەریك و بەبەزەیی و بەڕەحمە کە یارمەتیدەرم بێت لە تەواوکردنیدا، وە داواکارم لێی بە ناوە چـاك و جوانەکانی و سیفاتە بەرز و بێ نوقسانییەکانی لە گوناحی ئەوەڵ و ئەخیری من و تـۆش خۆشـبێت و فیردەوسی بەرزمان پێ ببەخشێت بە فەزڵ و کەرەم و ڕەحمی خۆی، إنه جواد کریم.

على بركة الله نستعين به ونتوكل عليه

## بابەتی یەکەم

## سەرچاوەکانی وەرگرتنی تەوحید

١. سەرچاوەکانی وەرگرتنی دین بەگشتی و تەوحید بەتایبەتی قورئان و فەرموودەن.

بابەتەکانی عەقیدە زۆربەیان نادیار و هەستپێنەکراون بە هەستەکان (غیب)، وە تاکە ڕێگە کە لێیەوە بتوانین ئاشنای بابەتەکانی ببین و بزانین لە جیهانی غەیبدا چی هەیە و چی نییە وەحییە. وە وەحیش لە ئیسلامدا تەنها قورئان و سوننەتن. بۆیە تەنها قورئان و سوننەت سەرچاوەمانن لە عەقیدەدا و، هەر بیروباوەڕێك ڕەتئەکەینەوە کە لەو دوو سەرچاوەیەوە نەهاتبن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا (النساء - ٥٩) ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر و کاربەدەست و زاناکان بن کە لەخۆتانن، جا ئەگەر ناکۆکیتان بوو لە شتێکدا بیگەڕێننەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر ئەگەر باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەو گەڕاندنەوەیە چاکە و باشترین ئەنجامە ﴾.

﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡكَٰفِرِينَ (آل عمران - ٣٢) پێیان بڵێ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بن، جا گەر پشتیان هەڵکرد ئەوا خوای گەورە کافرانی خۆش ناوێت ﴾.

﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ (٣) إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ (٤) (النجم) ئەم پێغەمبەرە بە هەوا و ئارەزووی خۆی و لەخۆیەوە قسە ناکات (٣) بەڵکو ئەوە تەنها وەحییە و بۆی دائەبەزێت (٤) ﴾.

٢. دەقــەکانی قورئــان و فــەرمووده بــەو شــێوەیە لێیــان تێئەگــەین کــە پێشــینانی ئیســلام تێیگەشتوون.

دەقەکانی وەحی بە زمانی عەرەبی دابەزیون، وە دەستەواژەکانی ئەشێ زیاتر لە واتایەك هەڵبگرن. وە شارەزاترین کەس بەم زمانە ئەو کەسـانەن کـە دەقـەکانیان بـۆ دابـەزیوە، کـە بـریتین لـە هـاوەڵانی پێغەمبەر ڕەزای خوایان لەسەر بێت. وە ئەوان لە هەموو کەس باشتر لە واتـا و مەبەسـتی دەقـەکان تێگەشتوون، وە ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەرەوە دینیان وەرگرتووە، وە خوای گەورە و پێغەمبەر صـلی الله علیه وسلم وەسـفیان کـردوون، وە شـارەزاترینی ئۆمەتەکـەن لـە دینـدا. بەهـەمان شـێوە قوتـابی و تەلەبەکانی هاوەڵانی پێغەمبەر، وە قوتابی قوتابییەکانیان.

لەبەر ئەمانە و وە بۆئەوەی نەکەوینە هەڵەوە لە تێگەشـتن و جێبـەجێکردنی دینـدا و لـە ڕاسـتەڕێی ئیسلام لانەدەین، ئەوان (صەحابە، تابیعی، تابیعی تابیعی) ئەکەین بە ڕێنیشاندەر و پێشەوامان لـە وەرگرتن و تێگەشتن و جێبەجێکردنی دیندا.

- ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا (النساء - ١١٥) وە هەرکەس دژایەتی و سەرپێچـی پێغەمبەری خوا بکات لەدوای ئەوەی ڕێی ڕاستی بۆ ڕوون بووەوە، وە شـوێن ڕێبـازی غـەیری موسوڵمانان بکەوێت، وازی لـێ دێـنین و ئەیدەینـە دەسـت ڕێبازەکـەی خـۆی، وە ئەیخەینـە جەهەننەمەوە و خراپترین ئەنجامە ﴾.
- ﴿ أوصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة وإن عبدا حبشيا، فإنه من يعش منكم بعدي فسيرى اختلافا كثيرا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء المهديين الراشدين تمسكوا بها، وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة (سنن أبي داود - ٤٦٠٧) وەسێت و نەسیحەتتان ئەکەم تەقوای خوا بکەن و گوێڕایەڵی بکەن گـەر کۆیلەیـەکی

حەبەشیش بێت، چونكە ئەوەی دوای من بژی جیاوازییەكی زۆر ئەبینێت، جا شوێن سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە هیدایەتدەرە ڕاستەكان بكەون، دەستی پێوە بگرن، وە ددانتانی لێ گیر بكەن، وە خۆتان بپارێزن لە داهێنراوەكان، چونكە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە ﴾.

﴿ خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ (صحيح البخاري - ٢٦٥٢) باشترینی خەڵك سەردەمی منە، پاشان ئەوانەی بەدوایانا دێن، پاشان ئەوانەی بەدوایانا دێن ﴾.

**٣. عەقڵ سەرپشكانە نابێت بە سەرچاوەی وەرگرتنی دین، بەڵكو شوێن دەقەكان ئەكەوێت.**

ئاینی ئیسلام لە بابەتی عەقڵدا لەنێوان دوو جەمسەردا نێوەندگیرە. جەمسەرێك كە عەقڵ ڕەتئەكاتەوە و هیچ حسابێكی بۆ دانانێت، وە ئەڵێت: كوێرانە چیت پێ وترا ئەوە بكە و بیری لێ مەكەرەوە چاكە یان نا، سوودی هەیە یان زەرەر. وە جەمسەرێك كە عەقڵ زۆر بە پیرۆز دائەنێت و هەر بڕیارێك عەقڵ بیدات شوێن ئەوە ئەكەوێت ئەگەر چی پێچەوانەی دەقی وەحیش بێت. وە ئەڵێت: هەرچی عەقڵ وتی ئەوە ڕاستە و چی عەقڵ ڕەتیكردەوە ئەوە خراپە، بێ گوێدان بە دەق. بەڵام ئاینی ئیسلام لەم بابەتەدا نە حەقی عەقڵی فەوتاندووە و نە وەحیشی ئیهمال كردووە، بەڵكو ڕێز و شكۆی عەقڵی پاراستووە و لەجێی خۆی دایناوە، لەگەڵ پێشەوایەتیدان بە وەحی و تەواوی ملكەچی عەقڵ بۆی. وە بەكورتی ئەڵێت: دەقی وەحی ڕێنیشاندەری عەقڵە و ڕۆشنی ئەكاتەوە، وە سەرچاوەیە بۆ شوێنكەوتن، وە مرۆڤیش بە عەقڵ لە بەڵگەكان ئەڕوانێت و لە سنوری فراوانی دەقدا بیرئەكاتەوە لە دروستكراوەكانی خوا و نیشانەكان بێ ئەوەی لە دەق لابدات و پێچەوانەی بجوڵێتەوە.

﴿ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (آل عمران - ٦٥) ئایا ئیتر ئاقڵ نابن؟ ﴾.

﴿ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْأَيَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (البقرة - ٢١٩) ئابەو شێوەیە خوای گەورە نیشانە و بەڵگەکانتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، بەڵکو بیربکەنەوە ﴾.

﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا (الفرقان - ٤٣) ئایا نابینی کەسێك حەزی خۆی کردووە بە خوا، ئایا تۆ بەزۆر ئیمان ئەخەیتە دڵیەوە ﴾.

﴿ إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ (١٨) فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ (١٩) ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ (٢٠) (المدثر) ئەم کەسە بیری کردەوە سەبارەت بە قورئان و بەپێی عەقڵ بڕیاری دا (١٨) لەعنەتی لێ بێت بۆ بڕیارێك کە دای (١٩) دیسان لەعنەتی لێ بێت بۆ بڕیارێك کە دای (٢٠) ﴾.

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا (النساء - ٦٥) سوێند بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن تا تۆ نەکەن بە داوەر لەو ناکۆکیانەی لەنێوانیان ڕوو ئەدات، پاشان هیچ پێ ناخۆشبوونێك لە دڵیان نەبێت کە تۆ حوکمت دا، وە خۆیان تەسلیم بە حوکمەکەی تۆ بکەن ﴾.

## بابەتی دووەم

## ناساندنی تەوحید

١. حەقیقەت و ڕاستیی تەوحید بریتییە لە کۆکردنەوەی نێوان ڕەتکردنەوە و سەلماندن.

تەوحید واتە کردنی کۆمەڵێك شت بە یەك شت. وە بۆ دەستکەوتنی تەوحید پێویستمان بە دوو دەستەواژەیە (عبارة)، یەکەمیان ڕەتکردنەوەی هەموو شتێك (نفي)، دووەمیان سەلماندنی یەك شت (إثبات).

بۆنموونە: گەر بمانەوێت بڵێین: تەنها ئازاد زیرەکە، ئەڵێین: هیچ کەس زیرەك نییە جگە لە ئازاد. یان بمانەوێت بڵێین: بەتەنیا ئاسۆ خاوەنی باخەکەیە، ئەڵێین: هیچ کەس خاوەنی ئەم باخە نییە جگە لە ئاسۆ. وە گەر بمانەوێت بڵێین تەنها الله خوای حەقە، ئەڵێین: هیچ شتێك خوای حەق نییە بێجگە لە الله.

گەر دیقەت بدەیت سەرەتا بوونی هەموو شتێکمان ڕەتکردەوە، پاشان بوونی سیفەتێکمان بۆ یەك کەس سەلماند، وە بەمە تەوحیدمان دەستکەوت. وە گەر دیقەتی نموونەکان بدەیت دوو جۆر دەستەواژە لە نموونەکان دووبارە بوون، ئەوانیش: هیچ کەس (یان: هیچ شتێك)، وە: جگە لە (یان: بێجگە لە). وە ئەم دوو دەستەواژەیە و هاوواتاکانیانە کە بۆ دەستکەوتنی تەوحید پێویستمانە، کە یەکەمیان بۆ ڕەتکردنەوەیە و دووەمیان بۆ سەلماندنە.

وە پێویستە ئەوە بزانین کە ئەگەر هاتوو تەنها بوونی هاوشێوەمان ڕەتکردەوە و سیفەتێکمان بۆ یەك کەس نەسەلماند، ئەوە تەوحید نییە، بەڵکو ئەوە لە بەرامبەر خوای گەورەدا کوفرە. بۆنموونە کەسێك بڵێت: هیچ کەس خوای حەق نییە. ئەمە ڕەتکردنەوەی ڕەهایە.

وه ئەگەر هاتوو بوونی هاوشێوەمان ڕەتنەکردەوە و تەنها سیفەتێکمان بۆ کەسێك سەلماند، ئەمە ڕێگر نابێت لە هاوەڵدانان و بەرەو شیرك ئەڕوات. بۆنموونە کەسێك بڵێت: الله خوای حەقە.

کەواتە هەردوو دەستەواژەکە زەرورین.

٢. تەوحید بناغە و بنچینەی کردەوەیە.

کردەوەکان بریتین لە کردەوەی دڵ (خۆشویستن، ڕق، ترس، هتد) و زمان (شایەتمان، زیکر، دوعا، هتد) و ئەندامەکان (نوێژ، ڕۆژوو، جیهاد، هتد).

کردەوەکان بۆ قبوڵبوونیان پێویستە لەسەر پایە و بناغەی تەوحید بونیادنرابن و ڕاوەستابن.

﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێکی نییە، وە بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکەم ملکەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.

هەر کردەوەیەك لەسەر بناغەی تەوحید نەوەستابێت بەتاڵە لەلای خوا.

﴿ قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا (١٠٣) ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا (١٠٤) أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنًا (١٠٥) ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمۡ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَرُسُلِي هُزُوًا (١٠٦) (الكهف) پێیان بڵێ ئایا هەواڵتان بدەینێ کێ لە هەموو کەس زەرەرمەندترە کە کردەوەشی کردووە (١٠٣) ئەو کەسانەن کە هەوڵیان لە دونیادا بە زایە

ڕۆشتووە، وە وائەزانن کە ئیشی چاکیان کردووە (١٠٤) ئەوانە ئەو کەسانەن کە کوفریان کردووە بە ئایەتەکانی خوا و بە گەشتن پێی، بۆیە کردەوەکانیان بەتاڵ بۆتەوە بۆیە هیچ نرخێکیان بۆ دانانێین لە قیامەتدا (١٠٥) سزای ئەم کەسانە جەهەننەمە بەهۆی کوفریانەوە، وە بەهۆی بەگاڵتەوەرگرتنی ئایەتەکان و پێغەمبەرەکانم (١٠٦) ﴾.

٣. تەوحید یەکەم واجب و کۆتا واجبە.

واجب ئەوانەن کە خوای گەورە و پێغەمبەر فەرمان بە ئەنجامدانی ئەکەن، وە پێداگرن لەسەر ئەنجامدانی. وە مرۆڤ بە ئەنجامدانی پاداشت وەرئەگرێت و بە نەکردنی سزا ئەدرێت.

لەناو واجباتەکاندا یەکەم واجب لەسەر مرۆڤ تەوحیدە، وە مرۆڤ بەوە نەبێت نابێت بە موسوڵمان، وە یەکەم شت کە داوا ئەکرێت لە مرۆڤ شایەتمان و تەوحیدە.

- ﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يقولوا: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فمَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فقَدْ عَصَمَ مِنِّي مالَهُ ونَفْسَهُ إلَّا بحَقِّهِ، وحِسابُهُ علَى اللَّهِ (صحيح البخاري - ٦٩٢٤) فەرمانم پێ کراوە جەنگی خەڵك بکەم هەتا ئەڵێن: هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لە الله، جا هەرکەس وای وت، ئەوا پارە و نەفسی پارێزراوە لێم مەگەر بە حەقی خۆی، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوای گەورەیە ﴾.
- ﴿ لَمَّا بَعَثَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ مُعَاذَ بنَ جَبَلٍ إلى نَحْوِ أهْلِ اليَمَنِ قالَ له: إنَّكَ تَقْدَمُ علَى قَوْمٍ مِن أهْلِ الكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أوَّلَ ما تَدْعُوهُمْ إلى أنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى، فَإِذَا عَرَفُوا ذلكَ، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ قدْ فَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في يَومِهِمْ ولَيْلَتِهِمْ (صحيح البخاري - ٧٣٧٢) پێغەمبەری خوا فەرمانی بە هاوەڵێکی کرد کە بانگی کۆمەڵێك گاور (مەسیحی)

بکات بۆ ئیسلام، وه فەرمووی: با یەکەم شت کە بانگیان بۆی ئەکەیت ئەوە بێت خوای گەورە بە تاقانە و تەنها بناسن و بپەرستن، جا گەر ئەوەیان زانی و ڕازی بوون پێی، پێیان بڵێ خـوای گەورە پێنج نوێژی لەسەریان فەرزکردووە لە ڕۆژ و شەوەکەیاندا ﴾.

وە کۆتا واجب لەسەر مرۆڤ هەر تەوحیدە، وە ئەبێت بەوەوە بگەڕێتەوە لای خوا.

- ﴿ لَقِّنُـوا مَوْتـاكُمْ لا إلَـهَ إلَّـا اللَّـهُ (صـحيح مسـلم - ٩١٧) ئەوانـەتان فێربکـەن کـە لـە سەرەمەرگدان بڵێن: لا إله إلا الله ﴾.
- ﴿ من كانَ آخرُ كلامِهِ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ دَخلَ الجَنَّةَ (صحيح أبي داود - ٣١١٦) هەرکـەس کۆتـا قسەی لا إله إلا الله بێت چۆتە بەهەشتەوە ﴾.

٤. تەوحید گەورەترین چاکەیە لە تەرازووی عەبدا.

- ﴿ قال موسى: يا ربِّ علِّمْني شيئًا أذكُرُك به وأدعوك به قـال: قُـلْ يـا موسـى: لا إلـهَ إلَّـا اللهُ قال: يا ربِّ: كلُّ عبادِك يقولُ هذا قال: قُلْ: لا إلهَ إلَّا اللهُ قال: إنَّما أُريدُ شيئًا تخُصُّني بـه قـال: يا موسى لو أنَّ أهلَ السَّمواتِ السَّبعِ والأرَضينَ السَّبعِ في كِفَّةٍ ولا إلهَ إلَّا اللهُ في كِفَّةٍ مالَتْ بهـم لا إلهَ إلَّا اللهُ (صحيح ابن حبان - ٦٢١٨) موسا علیه السلام بە خوای فەرموو: پـەروەردگار شتێکم فێربکە زیکری تۆی پێ بکەم وە پێی لێت بپاڕێمەوە. فەرمووی: موسا بڵێ: لا إله إلا الله. فەرمووی: پەروەردگارم هەموو عەبـدەکانت وائـەڵێن. فـەرمووی: بڵـێ: لا إلـە إلا الله. فەرمووی: شتێکم ئەوێت تایبەتی بکەیت بە من. فەرمووی: موسـا ئەگـەر خـەڵکی حـەوت ئاسمانەکە وە حەوت زەوییەکە لە تای تەرازوویەکدا بن، وە لا إله إلا الله لە تایەکـدا بێـت، لا إله إلا الله لاریان ئەکاتەوە ﴾.

٥. خۆدانەپاڵ پیاوچاکان سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت، مەگەر بە بوونی تەوحید و ئیمان.

پیاوچاك هەرکەسێکە کە چاکەکار و خواناسە و لەلای خەڵك پێشەوا و پێشەنگە، وەك: (پێغەمبەران، هاوەڵانی پێغەمبەر، خانەوادەی پێغەمبەر، زانایان، خواپەرستان، هتد).

لەلای خوای گەورە سبحانە وتعالی گرنگ نییە کوڕی کێیت، یان نەوەی کێیت، یان دۆست و برادەری کێیت، تا لە قیامەتدا بڵێیت: من فلان کەس باوکمە یان هاوەڵمە یان خزم و ناسیاومە یان ئاغا و سەرۆك و سەیدمە. بەڵکو ئەوەی لای خوای گەورە گرنگە و لە قیامەتدا سوودت پێ ئەگەیەنێت ئیمان و تەوحیدی خۆتە.

◆﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ (التحريم - ١٠) خوای گەورە نموونەی کافران دێنێتەوە بە خێزانەکەی نوح و خێزانەکەی لوط، هەردووك ئافرەتەکە خێزانی دوو بەندەی چاکەکاری خۆمان بوون، بەڵام خیانەتی دینییان لە مێردەکانیان کرد، وە ئەو پەیوەندی خێزانێتییەیان سوودی پێ نەگەیاندن لە بەرامبەر سزای خوادا، وە پێیان وترا بچنە ئاگرەوە لەگەڵ کافرەکاندا ﴾.

◆﴿ وَمَا كَانَ ٱسۡتِغۡفَارُ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوۡعِدَةٖ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنۡهُ (التوبة - ١١٤) وە کاتێ ئیبراهیم داوای لێخۆشبوونی بۆ باوکی کرد هێشتا بۆی دەرنەکەوتبوو کە جەهەننەمییە، وە کاتێك بۆی ڕوون بوەوە دوژمنی خوایە خۆی لێ بەری کرد ﴾.

◆﴿ وَمَن بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ، لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ (صحيح مسلم - ٢٦٩٩) وە هەرکەس کردەوەکەی هێواشی بکاتەوە لە گەشتن بە بەهەشت، نەسەب و خزمی خێرای ناکات ﴾.

﴿ أنَّ رَجُلًا قالَ: يا رَسولَ اللهِ، أيْنَ أبِي؟ قالَ: في النَّارِ، فَلَمَّا قَفَّى دَعاهُ، فقالَ: إنَّ أبِي وأَباكَ في النَّارِ (صحيح مسلم - ٢٠٣) پیاوێك له پێغەمبەری پرسی: باوکم لەکوێیە؟ فەرمووی: لە ئاگرایە. کاتێك پیاوەکە ڕۆشت بانگی کردەوە و پێی فەرموو: باوکم و باوکت لە ئاگرایە ﴾.

٦. فرەڕەوتی و جۆراوجۆریی لە تەوحید و عەقیدەدا نییە.

واجبە هەموو مرۆڤێك موسوڵمان بێت، وە بیروباوەڕی ئیسلام لە دڵ و مێشکیدا بێت.

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا (المائدة - ٣) ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواوکردن، وە نیعمەتی خۆم ڕژاند بەسەرتاندا، وە ڕازی بووم ئیسلام دینی ئێوە بێت ﴾.

﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ (آل عمران - ١٩) بەڕاستی تاکە دینی حەق لەلای خوا ئیسلامە ﴾.

﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (آل عمران - ٨٥) وە هەرکەس لەسەر دینێکی تر بێت جگە لە ئیسلام ئەوا لێی وەرناگیرێت، وە لە قیامەتیشدا لە زەرەرمەندانە ﴾.

﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ (٢) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٣) وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ (٤) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٥) لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ (٦) (الكافرون) بڵێ ئەی کافران (١) ئەوە ناپەرستم کە ئێوە ئەیپەرستن (٢) وە ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من ئەیپەرستم (٣) وە لە داهاتووشدا ئەوە ناپەرستم کە ئێوە پەرستووتانە (٤) وە ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من ئەیپەرستم (٥) ئێوە دینی خۆتان هەیە و منیش دینی خۆم (٦) ﴾.

﴿ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْ (البقرة - ١٣٧) وه گەر كافران باوەڕ بەوە بهێنن كە ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە ئەوا هیدایەتیان وەرگرتووە ﴾.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (سبإ - ٢٨) وە تۆمان ناردووە ئەی موحەممەد بۆ هەموو خەڵكی مژدەدەر و ئاگاداركەرەوە، بەڵام زۆربەی خەڵكی ئەمە نازانن ﴾.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ (الأنبياء - ١٠٧) وە تۆمان ناردووە ئەی موحەممەد وەك ڕەحمەت بۆ هەموو جیهان ﴾.

﴿ والذي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بيَدِهِ، لا يَسْمَعُ بي أحَدٌ مِن هذِه الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ، ولا نَصْرانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ ولَمْ يُؤْمِنْ بالَّذِي أُرْسِلْتُ به، إلَّا كانَ مِن أصْحابِ النَّارِ (صحيح مسلم - ١٥٣) سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، هیچ جولەكە و گاورێك نییە هەواڵی منی بیستبێت پاشان بمرێت و باوەڕی بەوە نەهێنابێت كە پێی نێردراوم، ئیللا لە هاوەڵانی ئاگرە ﴾.

﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يقولوا: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فمَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فقَدْ عَصَمَ مِنِّي مالَهُ، ونَفْسَهُ، إلَّا بحَقِّهِ وحِسابُهُ علَى اللهِ (صحيح مسلم - ٢٠) فەرمانم پێكراوە كە جەنگی خەڵك بكەم هەتا ئەڵێن: لا اله الا الله، جا هەركەس بیڵێت ئەوا پارە و نەفسی لێم پارێزراوە مەگەر بە حەقی خۆی، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوایە ﴾.

لە عەقیدەدا هەموو موسوڵمانان واجبە وەك یەك بن، نەوەك هەر كەسە عەقیدە و بیروباوەڕێكی جیا لەوی تری هەبێت. وە ئەو بیروباوەڕەی كە موسوڵمانان پێویستە لەسەری بن بریتییە لە بیروباوەڕی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و هاوەڵان ڕەزای خوایان لەسەر بێت (ئەهلی سوننە). وە هەر كەسێك لەسەر ئەم بیروباوەڕە نەبێت، ئەوا لەسەر گومڕاییە و شایەنی سزای ئاگرە.

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ (آل عمـران - ١٠٣) هەمووتان دەست بگـرن بـە دینی خواوە، وە پەرتەوازە مەبن ﴾.

﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ (الأنعام - ١٥٣) وە ئەمە ڕێگـای ڕاسـتی منـە کـە دیـنی ئیسـلامە جـا شـوێنی بکـەون، وە شـوێن ڕێبازەکانی تر مەکەون لە ڕێگای خوا جیاتان ئەکاتەوە ﴾.

﴿ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْ (البقـرة - ١٣٧) وە گەر کافران بـاوەڕ بـەوە بهێنن کە ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە ئەوا هیدایەتیان وەرگرتووە ﴾.

﴿ خطَّ لنا رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم خطًّا فقال: (هذا سـبيلُ اللهِ) ثـمَّ خـطَّ خُطوطًـا عـن يمينِه وعن شِمالِه ثمَّ قال: وهذه سُبُلٌ، على كلِّ سبيلٍ منها شيطانٌ يدعو إليـه، ثـمَّ تـلا: {وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا} إلى آخِرِ الآيةِ (صحيح ابـن حبـان - ٦) پێغەمبـەری خـوا خـەتێکی کێشا و فەرمووی: ئەمە ڕێبازی خوایە. وە چەند خەتێکی کێشـا لەملاولایـەوە و فـەرمووی: ئەمانە ڕێگەن، لەسەر هەر یەکێکیان شەیتانێکە خەڵك بانگ ئەکات بۆی. پاشان ئایەتەکـەی سورەتی ئەنعامی خوێندەوە ﴾.

﴿ افترقتِ اليهودُ والنصارى على إحدى وسبعين فرقةً، وستفترقُ أمتي على ثلاثٍ وسبعين فرقةً كلُّها في النارِ إلا واحدةً. قيل: من هم يـا رسـولَ اللهِ؟ قـال: مـا أنـا عليـه وأصـحابي (أحكـام القرآن – ٣/ ٤٣٢) جولەکە و گاور بەسەر حەفتا و یەك دەستە دابەش بـوون، وە ئومەتەکـەم بەسەر حەفتا و سێ پۆل دابەش ئەبن، هەموویان لە ئاگران جگە یەکێکیان. وتیان ئـەو یەکـە کامەیە؟ فەرمووی: ئەوەی من و هاوەڵانمی لەسەرم ﴾.

﴿ أوصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة وإن عبدا حبشيا، فإنه من يعش منكم بعـدي فسـيرى اختلافا كثيرا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء المهديين الراشـدين تمسـكوا بهـا، وعضـوا عليهـا بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة، وكـل بدعـة ضـلالة (سـنن أبـي داود -

٤٦٠٧) وەسێت و نەسیحەتتان ئەكەم تەقوای خوا بكەن و گوێرایەڵی بكەن گەر كۆیلەیەكی حەبەشیش بێت، چونكە ئەوەی دوای من بژی جیاوازییەكی زۆر ئەبینێت، جا شوێن سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە هیدایەتدەرە ڕاستەكان بكەون، دەستی پێوە بگرن، وە ددانتانی لێ گیربكەن، وە خۆتان بپارێزن لە داهێنراوەكان، چونكە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە ﴾.

وە فرەڕەوتیی فیقهیی لە فرەڕەوتیی عەقەدیی جیایە، وە یەكەمیان ئاسایی و ڕێگەپێدراوە بە مەرجی خۆی، وە دووەمیان حەرامە لە هەموو حاڵەتێكدا. وە مەبەست لە فرەڕەوتیی فیقهیی مەزهەبە فیقهییەكانی ناو ئەهلی سوننەیە، كە لە بابەتە فیقهییەكاندا جیاوازییەكیان هەیە، وەك: (حەنەفی، شافیعی، مالیكی، حەنبەلی، هتد). وە مەبەست لە فرەڕەوتیی عەقەدیی مەزهەب و كۆمەڵە عەقیدەییەكانە، كە لە بابەتەكانی عەقیدە و ئیماندا جیاوازن، وەك: (جولەكە، مەسیحی، زەردەشتی، شیوعی، عالەمانی، لیبرالی، بوذی، یەزیدی، كاكەیی، خەواریج، مورجیئە، شیعە، موعتەزیلە، ئەشاعیرە، سۆفی، قورئانی، هتد).

٧. دابەشكردنی تەوحید بۆ دوو بەش یان سێ بەش یان چوار بەش لەبەر خودی دابەشكردنەكە نییە، بەڵكو لەبەر ئەو بابەتانەیە كە هەر بەشێك لەخۆی ئەگرێت.

زانایانی ئەهلی سوننە لە كۆنەوە تەوحیدیان بە دوو بەش بینیوە بەپێی تێڕوانین لە دەقەكانی قورئان و سوننەت. بەشی یەكەمیان ئەو دەقانەن كە باس لە تاقانەیی ناو و سیفەت و كرداری خوای گەورە ئەكەن و خوای گەورە و توانا و دەسەڵاتەكانی ئەناسێنن لە دروستكردن و خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن، وە ناویان ناوە: تەوحیدی ناسین و سەلماندن (توحيد المعرفة والإثبات)، یان پەروەردگارێتیی (ربوبية).

وە بەشی دووەمیان ئەو دەقانەن کە باس لە تاقانەیی خوای گەورە ئەکەن لە پەرستن و تەرخانکردنی پەرستنەکان بۆیدا، وە ناویان ناوە: تەوحیدی ویست و داواکردن و بەرەوڕووچوون (توحید القصد والطلب)، یان خوایەتیی (ألوهیة). وە لە سەردەمانی دواتردا بەهۆی بڵاوبوونەوەی گومان و ڕەتکردنەوەی بەشێك یان هەموو ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە لەلایەن کۆمەڵە گومڕاکانی وەك: (جەهمی، موعتەزیلە، ئەشاعیرە، هتد)، زانایانی ئەهلی سوننە وایان بینی کە لەکاتی شیکردنەوەی عەقیدە و تەوحیددا بەشێك تایبەت بکەن لە تەوحیددا بۆ ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە و باسکردنی بیروباوەڕی پێغەمبەر و هاوەڵانی و زانایانی ئەهلی سوننە لەم بابەتەدا. وە ناویان نا: تەوحیدی ناو و سیفەتەکان (توحید الأسماء والصفات)، کە لە پێشوودا لەگەڵ پەروەردگارێتیدا باسئەکرا. وە لەم دواییانەدا بەشێك لە زانایان وایان بە باش و گونجاو بینی کە بابەتێك بە جیا باس بکەن لە تەوحیددا، کە بریتییە لە سیفەتی حاکمێتیی خوای گەورە و شایستەیی حوکم بردنە لای شەریعەتی خوا بە تەنها و، شەرعی خوای گەورە دوور لە هەر شەرع و یاسا و دینێك و بەتەنها بەسەر خەڵكیدا بچەسپێنرێت. ئەمەش لەبەر پابەند نەبوونی بەشێکی خەڵك بە حوکمەکانی شەریعەتەوە، وە دژایەتی کردنی شەریعەتی خوا لەلایەن بەشێکی ترەوە، وە ئەمیان ناونا: تەوحیدی حاکمێتیی (الحاکمیة).

کەواتە ئەوەی وای لە زانایان کردووە تەوحید بۆ زیاتر لە بەشێك دابەش بکەن لە سەرەتاوە تێڕوانین و تێڕامان بووە لە دەقەکان، پاشان گومڕایی و گوماندروستکردنی کۆمەڵە گومڕاکانە لە سەردەمە جیاوازەکان. ئەگینا ئاسانە بڵێین: تەوحید بریتییە لە دانپێدانان بەو تایبەتمەندییانەی کە خوای گەورە هاوشێوەی نییە تێیاندا و دەق سەلماندوویەتی بۆی، وە ڕەتکردنەوەی هەر نوقسانی و کەموکورتییەکە لە ئاستیدا و سەلماندنی تەواوی پێچەوانەکەیەتی بۆی سبحانە وتعالی.

وە دابەشکردنی تەوحید بۆ ئەم بەشانە لە لایەن زانایانەوە لەبەر ڕوونکردنەوەی زیـاتری تەوحیـدە، وە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەیە کە لەلای خەڵك دروستبووە لە بەشێکی تەوحیددا، ئەگینا ئەگەر ئـەم دابەشکردنەش نەبێت ئەوا بابەتەکانی تەوحید هەر هەن و لە دەقە شەرعییەکاندا باسکراون. نابینیت زانایان بۆ جیاکردنەوەی ئەهلی سوننە لە کۆمەڵە و دینەکان تەنانەت بابەتێکی وەك سڕینی خوففیـان لە کتێبەکانی عەقیدەدا باسکردووە، کە خـۆی لـە بنەڕەتـدا شـوێنی کتێبـە فیقهییەکانـە، چـونکە کۆمەڵە گومڕاکانی وەك: (شیعە، خەواریج) سڕینی خوففیان بە بابەتێکی شەرعی نەبینیوە. جا بۆیـە هەندێك جار واقیعی سەردەمەکە ئەوە ئەخوازێت کە بابەتێکی دین زیاتر زەقبکرێتـەوە و باسـبکرێت تا حەق لە بەتاڵ جیابکرێتەوە و لایەنگرانی حەق هەمیشە دیاربن و لەسەرەوە بن.

جا ئەگەر هاتوو کەسێك وتی: "من ڕازی نیم بەم دابەشکردنە و بیدعەیە". ئـەڵێین: کێشـەمان نییـە گەر دابەشکردنەکە ڕەت بکەیتەوە بەو مەرجەی، ئـەو بابەتانـەی بەشـەکان لـەخۆی ئـەگرن و دەق و کۆڕای زانایانی ئەهلی سوننەیان لەسەرە ڕەتیان نەکەیتەوە، وە خوای گەورە بەتەنها بپەرستیت وەکـو خۆی فەرمانی کردووە، وە باوەڕت بە ناو و سیفاتەکانی هەبێت وەکو خۆی و پێغەمبەرەکـەی باسـیان کردووە، وە جگە لە شەرعی خوای گەورە شوێن شەرع و بەرنامە و ڕێبازی تر نەکەویت.

## بابەتی سێهەم

## ناساندنی تەوحیدی پەروەردگارێتیی

١. پەروەردگارێتیی بەتەنیاڕاگرتنی خوایە سبحانه وتعالى بە کردەوەکانی.

ئەمە پێناسەی تەوحیدی پەروەردگارێتییە. وە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە کردەوەی لێ ئەوەشێتەوە، وەك: (دروستکردن، بەڕێوەبردن، زیندووکردنەوە، مراندن، ڕزقدان، گومڕاکردن، هیدایەتدان، هتد). وە واجب لەسەرمان بەتەنیاڕاگرتنی خوایە لە کردەوەکانیدا و هاوبەش تیایان ڕەتبکەینەوە، وەك: (کەس بەدیهێنەر نییە جگە لە خوا، کەس ژیێنەر نییە جگە لە خوا، کەس مرێنەر نییە جگە لە خوا).

٢. تەوحیدی پەروەردگارێتیی سەرەتایی و فیترییە.

فیتری واتە مرۆڤ بە فیترەتی خۆی لە لەدایك بوونییەوە باوەڕی بە بوونی خوا هەیە و، باوەڕی بەوەیە کە پەروەردگارە و دروستکەرە و ژیێنەرە و مرێنەرە.

- ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاًۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا (الروم - ٣٠) ڕووی خۆت بە پاکی ڕابگرە و دامەزراوبە لەسەر دین، ئەم دینە ئەو فیترەتەیە کە خوای گەورە خەڵکی خستۆتە سەر ﴾.
- ﴿ كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ على الفِطْرَةِ، فأبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أوْ يُنَصِّرَانِهِ، أوْ يُمَجِّسَانِهِ (صحيح البخاري - ١٣٨٥) هەموو لەدایك بوویەك لەسەر فیترەت لەدایك ئەبێت، جا باوانی ئەیکەن بە یەهودی، یان نەصرانی، یان مەجوسی ﴾.

◆﴿ أَلَا إِنَّ رَبِّي أَمَرَنِي أَنْ أُعَلِّمَكُمْ ما جَهِلْتُمْ، مِمَّا عَلَّمَنِي يَومِي هذا، كُلُّ مَالٍ نَحَلْتُهُ عَبْدًا حَلَالٌ، وإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ، وإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عن دِينِهِمْ، وَحَرَّمَتْ عليهم ما أَحْلَلْتُ لهمْ، وَأَمَرَتْهُمْ أَنْ يُشْرِكُوا بي ما لَمْ أُنْزِلْ به سُلْطَانًا (صحيح مسلم - ٢٨٦٥) خواى گەورە فەرمانی پێکردووم ئەوەی نایزانن فێرتانی بکەم، ئەوەی ئەمڕۆ فێری کردم، هەر سامانێکم بە عەبدێك دابێت حەڵاڵە، وە عەبدەکانم دروستکردووە بە پاکی و دامەزراوی، وە شەیتانەکان بۆیان هاتن و گومڕایان کردن لە دین، وە ئەوەی حەڵاڵم کردبوو بۆیان حەرامیان کرد لێیان، وە فەرمانیان پێ کردن شەریکم بۆ بڕیار بدەن ﴾.

سەرەتایی واتە لە زانستە زەرورییەکانە کە کەس ناتوانێت لە دڵی دەربیبکات، ئەگەرچی بە زمانیش نکوڵی بکات.

◆﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ (العنكبوت - ٦١) وە ئەگەر پرسیار لە کافران بکەیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە و خۆر و مانگی ژێربار کردووە، ئەڵێن الله، ئەی بۆ لائەدەن لە پەرستنی خوا ﴾.

◆﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ (النمل - ١٤) وە بە ڕووکەش نکوڵیان کرد بەهۆی لوتبەرزییەوە، بەڵام لە نەفسی خۆیاندا یەقینیان هەبوو ﴾.

٣. دوودڵی نییە لە خوای گەورەدا.

واتە لە بوونی خوا و پەروەردگارێتییەکەیدا هیچ دوودڵییەك نییە و یەقین لە دڵی هەموو کەسێکدا هەیە کە خوا هەیە و، کەس ناتوانێت نکوڵی بوونی خوا بکات لە ناخی خۆیدا.

وه له بوون و تاقانەیی و پەروەردگارێتیی و خوایەتیدا یەقین هەیە بەهۆی بەڵگەی عەقڵی و دەق و هەست و فیترەتەوە و، له هیچ لایەنێکەوە شك بوونی نییه لەم بابەتەدا.

﴿ قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ (إبراهيم - ١٠) پێغەمبەرانیان پێیان وتن ئایا دوودڵی و گومان هەیە لە خوای گەورەدا کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴾.

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلْآفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ (فصلت - ٥٣) ئێمە نیشانەی تاك وتەنهایی خوا و ڕاستی ئیسلام و قورئان و پێغەمبەریان نیشان ئەدەین لە لوتکە و ئاسماندا وه لە نەفسی خۆیاندا، هەتا بۆیان ڕوونببێتەوە کە ئەوانە حەقن ﴾.

٤. زیندوویی خوا و بەڕێوەبەرێتیی بۆ گەردوون لە پێویستی پەروەردگارێتییەکەین.

واتە کاتێك ئەڵێین خوای گەورە پەروەردگارە، لە هەمان کاتدا وتومانە زیندووە و بەتوانای خۆی هەیە و، پشتی بە هیچ نەبەستووە لە بوونیدا. چونکە ئەم دوو سیفەتە کۆڵەکەی پەروەردگارێتین و، شتێك مردووبێت یان پشت بە غەیری خۆی ببەستێت لە بوونیدا پەروەردگار نییە.

وه گەر دیقەتی قورئان بدەیت ئەبینیت یەکێك لە بەڵگەی بەتاڵی خوایەتی بتەکان ئەوەیە کە مردوون، یان بۆ بوون و مانەوەیان پێویستیان بە غەیری خۆیانە.

﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ (الفرقان - ٥٨) وه هەموو کاروبارێك ڕادەستی ئەو زاتە بکە کە زیندووە و هەرگیز نامرێت، وه بەپاك ڕایبگرە و سوپاسی بکە ﴾.

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومُ (البقرة - ٢٥٥) الله ئەو خوایەیە کە هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، هەمیشە زیندووە و بە بێ پشتبەستن بە هیچ شتێك هەیە ﴾.

﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ (٢٠) أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖۖ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ (٢١) (النحل) وه ئەوانەی جگە لە خوا هاواریان ئەکەن هیچ شتێك دروستناكەن و خۆیان دروستئەكرێن (٢٠) ئەوانە مردوون زیندوو نین، وه هەست ناكەن كەی زیندوو ئەكرێنەوە (٢١) ﴾.

﴿ كُلُّ مَنۡ عَلَيۡهَا فَانٖ (٢٦) وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ (٢٧) (الرحمن) هەرچی لەسەر زەوی هەیە لەناو ئەچن و نامێنن (٢٦) وه ڕوخساری پەروەردگارت ئەمێنێتەوە كە خاوەنی گەورەیی و پیرۆزییە (٢٧) ﴾.

٥. هیچ پەروەردگارێك نییە جگە لە الله.

﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ (الأنعام - ١٠٢) ئەوە الله یە پەروەردگاری ئێوە هیچ خوایەك نییە جگە لەو، بەدیهێنەری هەموو شتێكە ئێوە بیپەرستن، وه بەسەر هەموو شتێكدا بە دەسەڵاتە ﴾.

﴿ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِي رَبّٗا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيۡءٖ (الأنعام - ١٦٤) ئایا جگە لە الله شتێك بكەم بە پەروەردگارم، كاتێك ئەو پەروەردگاری هەموو شتێكە ﴾.

﴿ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ (فاطر - ١٣) شەو ئەخاتە سەر ڕۆژ و ڕۆژ ئەخاتە سەر شەو وه خۆر و مانگی ژێربارکردووە، هەریەكێكیان بۆ كاتی دیاریكراوی خۆی ئەڕوات، ئەوەی ئەمانە ئەكات الله یە پەروەردگاری ئێوە خاوەنی هەموو شتێكە، وه ئەوانەی جگە لەو هاواریان ئەكەن خاوەنی پەردەی دەنكە خورمایەكیش نین ﴾.

﴿ قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ قُلِ ٱللَّهُۚ قُلۡ أَفَٱتَّخَذۡتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ لَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ نَفۡعٗا وَلَا ضَرّٗاۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ أَمۡ هَلۡ تَسۡتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُۗ أَمۡ جَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُواْ كَخَلۡقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلۡخَلۡقُ عَلَيۡهِمۡۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّٰرُ (الرعد - ١٦) بڵێ کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، بڵێ الله، بڵێ ئایا جگە لەو کەسانێکتان کردووەتە هاوبەش کە سوود و زیانیان بۆ خۆشیان نییە، بڵێ ئایا کوێر و چاوساغ یەکسانن، یان ئایا تاریکایی و ڕوناکی یەکسانن، یان هاوەڵانێکیان بۆ الله داناوە کە وەك خوا شت دروست ئەکەن تا لێیان تێکچووبێت کامە دروستکراوە، بڵێ الله دروستکەری هەموو شتێکە، وە ئەویش تاقانە و باڵادەستە ﴾.

﴿ قَالَ أَفَرَءَيۡتُم مَّا كُنتُمۡ تَعۡبُدُونَ (٧٥) أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلۡأَقۡدَمُونَ (٧٦) فَإِنَّهُمۡ عَدُوّٞ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٧٧) ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهۡدِينِ (٧٨) وَٱلَّذِي هُوَ يُطۡعِمُنِي وَيَسۡقِينِ (٧٩) وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ (٨٠) وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحۡيِينِ (٨١) وَٱلَّذِيٓ أَطۡمَعُ أَن يَغۡفِرَ لِي خَطِيٓـَٔتِي يَوۡمَ ٱلدِّينِ (٨٢) (الشعراء) ئیبراهیم بە قەومەکەی فەرموو: دیقەتتان داوە ئەوانەی ئەیانپەرستن (٧٥) خۆتان و باووباپیرانتان (٧٦) ئائەوانە دوژمنی منن، جگە لە پەروەردگاری جیهانیان (٧٧) ئەو زاتەی دروستی کردووم هەر ئەو هیدایەتم ئەدات (٧٨) وە ئەوەی خواردن و خواردنەوەم ئەداتێ (٧٩) وە گەر نەخۆشبکەوم شیفام ئەدات (٨٠) وە ئەوەی ئەمرێنێت و زیندووم ئەکاتەوە (٨١) وە ئەوەی ئومێدمە لە تاوانم خۆشببێت لە قیامەتدا (٨٢) ﴾.

٦. پەروەردگارێتیی پوخت و بێ خەوش، جودایی و دابڕانی خوا ئەخوازێت لە جیهان بە زاتی پیرۆزی.

واتە زاتی خوا جیایە لە مەخلوقاتەکانی و تێکەڵ بە هیچ دروستکراوێکی نەبووە. وە ئەم دابڕانەی خوای گەورە لە پێویستیی پەروەردگارێتییەکەیەتی، چونکە گەر خوای گەورە لە یەکێك لە مەخلوقەکانیدا هەبێت، ئەوا ئەویش سیفەتی خوایەتی وەرئەگرێت و ئەمەش پێچەوانەی هەموو دەقەکانی قورئان و سوننەتە کە باس لە تاقانەیی خوای گەورە ئەکەن. وە خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە جگە لە خۆی هیچ شتێك خوا بێت.

- ﴿ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ (النحل - ٥١) وە خوای گەورە فەرمووی دوو خوا بۆخۆتان بڕیار مەدەن، بەڵکو تەنها یەك خوای حەق هەیە، وە تەنها لە من بترسن ﴾.
- ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (محمد - ١٩) چاك بزانە کە هیچ خوایەکی حەق بوونی نییە جگە لە الله ﴾.
- ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ (الأنعام - ١٠٢) ئەوە الله یە پەروەردگاری ئێوە هیچ خوایەك نییە جگە لەو، بەدیهێنەری هەموو شتێکە ئێوە بیپەرستن، وە بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴾.

٧. باوەڕهێنان بە بەرزی و حوکمڕانیی خوا لە واجب و زەرورییەکانی پەروەردگارێتییە.

خوای گەورە حاکمی ڕەهای گەردوونە، وە لە حوکمڕانیدا شەریکی نییە. وە خوای گەورە لە بەرزیدایە لەسەروو عەرشەوە.

- ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ (الأنعام - ٥٧) حوكم تەنها بۆ الله یە ﴾.
- ﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ (الشورى - ٢١) ئایا ئەوان کەسانێکیان کردووە بە شەریك بۆ خوا کە شتانێکیان داڕشتووە لە دیندا کە خوای گەورە ئیزنی نەداوە ﴾.
- ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ (الملك - ١٦) ئایا ئەمینن لەو خوایەی لە ئاسماندایە بەناخی زەویدا بتانبات کە زەوییەکە بجولێت ﴾.
- ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ (الأعراف - ٥٤) پەروەردگاری ئێوە الله یە کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە لە ماوەی شەش ڕۆژدا پاشان بەرزبووەوە بۆ سەر عەرش ﴾.

٨. ویست و مەشیئەتی پەروەردگار سەرەتایی و هێنانەبوونە، وە ویست و مەشیئەتی بەندەکان شوێنکەوتە و هۆکارییە.

خوای گەورە و عەبدەکانی ویست و ئیرادەیان هەیە، بەڵام جیاوازی ئەم ویستە ئەوەیە کە ویستی خوای گەورە پێش ویستی عەبدەکانی ئەکەوێت، وە ئەگەر شتێك خوای گەورە نەیەوێت ڕوونادات گەرچی عەبد ویستی لێ بێت، وە شتێك خوای گەورە ویستی لێ بێت ڕوودەدات گەرچی عەبد ویستی نەبێت.

وە ویستی عەبد شوێن ویستی خوای گەورە ئەکەوێت، وە دوای ویستی خوا دێت، واتە کاتێك عەبد ویستی لە شتێکە و ئەنجامی ئەدات، ئەوا پێشوەخت خوای گەورە ڕێیداوە ئەو کارە جێبەجێ ببێت لەبەر حیکمەتێك کە خۆی ئەیزانێت، ئەگینا عەبدەکە نەیئەتوانی بە ویستی خۆی ئەنجامی بدات.

﴿ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلُواْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ (البقرة - ٢٥٣) گەر خوا ویستی بوایە شەڕیان نەئەکرد، بەڵام خوای گەورە ئەوە ئەکات کە بیەوێت ﴾.

﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (التكوير - ٢٩) ئێوە هیچ ویستێکتان نییە ئیللا بەویستی خوای گەورە نەبێت ﴾.

وە ئەوە بزانە کە مەبەست لە ویستی خوای گەورە لێرەدا ویستی کەونییە نەك شەرعی. وە ویستی شەرعی ئەو شتانەیە کە خوای گەورە لێیان ڕازییە و فەرمانی پێ کردوون یان ڕێی لێ گرتوون لە شەریعەتەکەیدا، وە بەم ویستە ئەوترێت: خۆشویستن. وە ویستی کەونی مەرج نییە خوای گەورە لێی ڕازی بێت و لای پەسەند بێت، بەڵام لەبەر حیکمەتێك کە خۆی ئەیزانێت ڕێگە بە بوونی ئەدات. بۆنموونە: ڕێگەدانی خوای گەورە بەوەی لە زەویدا کوفر و شیرك هەبێت، یان زوڵم ڕووبدات، یان کوشتن و دزی و داوێنپیسی هەبێت. ئەمانە بە ویستی کەونی خوای گەورە هەن و خۆی ڕێگەی داون لەبەر حیکمەتێك، وە بە بوونیان ڕازی نییە و حەرامی کردوون. وە بوونی تەوحید و نوێژ و دەستپاکی و داوێنپاکی لە ویستی شەرعین و بەمانە ڕازییە و فەرمانی پێکردوون.

وەك نموونەی مامۆستایەك کاتێك کە تەلەبەکانی تاقی دەکاتەوە و لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکەدا وەڵامی ڕاست و هەڵە ئەدات بە تەلەبەکان، وە وەڵامە ڕاستەکە ئەو وەڵامەیە کە مامۆستاکە لە تەلەبەکانی ئەوێت کە هەڵیبژێرن، وە بوونی وەڵامی هەڵە لە هەڵبژاردنەکاندا واتای ئەوە نییە مامۆستاکە بە وەڵامە هەڵەکان ڕازییە، یان کاتێك تەلەبەیەك وەڵامێکی هەڵە هەڵئەبژێرێت مامۆستاکە بە بەهەڵەداڕۆشتنی تەلەبەکەی ڕازییە، یان ئەیەوێت تەلەبەکان وەڵامی هەڵە بدەنەوە.

خشتەی بەراورد لە نێوان ویستی کەونی و شەرعی خوای گەورە سبحانە وتعالی

| ویستی کەونی (ڕێگەدان) | ویستی شەرعی (خۆشویستن، ڕازی بوون) |
|---|---|
| ڕێگەدانی خوایە بەو ڕووداوانەی لە گەردووندا ڕوودەدەن لەلایەن دروستکراوەکانیەوە لە موسوڵمان و کافر | فەرمانکردنی خوای گەورەیە لە شەریعەتەکەیدا بە ئەنجامدان یان نەکردنی قسە و کردارێك |
| مەرج نییە خوای گەورە لێیان ڕازیبێت، بەڵام لەبەر حیکمەتێك ڕێگە بە بوونیان ئەدات | خوای گەورە بەبوونیان ڕازییە و حەز بە بوونیان ئەکات و خۆشیانی ئەوێت |
| ڕووئەدات لە کەوندا | مەرج نییە ڕووبدات |
| نموونە: مانەوەی زاڵمان لە حوکمدا، بوونی کوفر و شیرك، تەوحید، داوێنپیسی، داوێنپاکی | نموونە: تەوحید، نوێژ، داوێنپاکی، پاکژی، ڕاستگۆیی، خۆپاراستن لە حەرام |

کەواتە ئێستە سەرمان لێ ناشێوێت کە ببینین کەسێك تاوان ئەکات و بڵێین: باشە چۆن خوای گەورە ڕازییە بەم تاوانە ڕووبدات؟ یان: ئەگەر خوای گەورە ویستی لە کوفر نییە ئەی چۆن کوفر هەیە؟ یان: گەر ویستی خوا لەپێش ویستی بەندەکانە ئەی چۆن خوای گەورە تەوحیدی ئەوێت و عەبدەکەش موشریکە؟

چونکە ئێستە ئەزانین ویستی خوای گەورە دوو جۆرە و، بوونی تاوان و کوفر و شیرك بە ویستی کەونی خوای گەورەیە و لەبەر حیکمەتێك ڕێیان پێ ئەدات و، گەر نەیەوێت ڕوونادەن، وە مەرج نییە بەبوونیان ڕازی بێت. وە ویستی شەرعی خوای گەورەش ئەوانەیە کە لێیان ڕازییە و، هەرگیز کوفر و شیرك و تاوانی پێ خۆش نییە.

وە ئەمە وەڵامی ئەو قسەیەشە کە ئەڵێت: گەر خوا ویستی لێبوایە ئەو تاوانەم نەئەکرد، بەڵام بۆیە ئەیکەم دیارە خوا ئەیەوێت بیکەم و بە کارەکەم ڕازییە.

وە ئەوەی ئەم جۆرە قسەیە ئەکات نەفامە بە ویستی کەونی و شەرعی خوای گەورە.

٩. خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە (خالِق)، جا هیچ بەدیهێنەرێك نییە جگە لە خوا.

مەبەست لە بەدیهێنان دروستکردنە لە نەبوونەوە، نەوەك نەخشاندن یان گۆڕانکاری. وە دووەمیان تەنها خوای گەورە نییە کە توانای هەبێت، ئەوەتا مەخلوقاتیش شتیان دروستکردووە بە نەخشاندن (وێنەکێشان، هەڵکۆڵین) و گۆڕانکاری کردن (سەیارە، مۆبایل). بەڵام یەکەمیان کە بەدیهێنانە لە نەبوونەوە تایبەتە بە خوای گەورە و هیچ کەس جگە لەو ناتوانێت لە نەبوونەوە شت بهێنێتە بوون.

﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ (غافر - ٦٢) ئەوە الله یە پەروەردگاری ئێوە دروستکەری هەموو شتێك، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، ئیتر چۆن لە عیبادەتی ئەو لائەچن بۆ شیرك ﴾.

﴿ أَمۡ جَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُواْ كَخَلۡقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلۡخَلۡقُ عَلَيۡهِمۡۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّٰرُ (الرعد - ١٦) یان هاوەڵانێکیان بۆ الله داناوە کە وەك خوا شت دروست ئەکەن تا لێیان تێکچوویێت کامە دروستکراوە، بڵێ الله دروستکەری هەموو شتێکە، وە ئەویش تاقانە و باڵادەستە ﴾.

١٠. سوود و زیان ئەدرێنە پاڵ خوا بە دروستکردن و بەدیهێنان، وە ئەدرێنە پاڵ بەندەکان بە بەدەستهێنان و دەستخستن.

دروستکەر و بەدیهێنەری سوود و زیان لە نەبوونەوە خوای گەورەیە، وەك: (باران و وشکەساڵی، سەرکەوتن و دۆڕان، لەشساغی و نەخۆشی). وە ئەو کەسەی کە سوودمەند یان زەرەرمەند دە پێیان بەندەکانن.

کەواتە خوای گەورە باران ئەبارێنێت و عەبدەکانی سوودی لێ ئەبینن. وە خوای گەورە وشکەساڵی ئەهێنێت و عەبدەکان پێی زەرەرمەند ئەبن. وە خوای گەورە نەخۆشی دروستئەکات و عەبدەکان تووشی ئەبن و نەخۆش ئەکەون. وە خوای گەورە لەشاغی دروستکردووە و عەبدەکان بەدەستی ئەهێنن.

وە ئەم بنەمایە وەڵامە بۆ دوو جۆر کەس کە هەریەکە و جەمسەرێکی بابەتەکەیان گرتووە. یەکێکیان ئەڵێت: خوای گەورە سوود و زیانی دروستکردووە و هەرئەویشە بەدەستی ئەهێنێت و ئەیکات بە توشی بەندەکانەوە. وە لایەنی دووەمیش ئەڵێت: نەخێر ئەوە بەندەکانن سوود و زیانەکان دروست ئەکەن و هەرئەوانیشن بەدەستی ئەهێنن.

وە ئەهلی سوننەش لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەدا نێوەندگیرن و ئەڵێن: سوود و زیانەکان خوای گەورە دروستی کردوون، وە بەندەکان بەدەستیان ئەهێنن و توشی خۆیانی ئەکەن.

هەر لە هەمان نموونەی مامۆستا و قوتابییەکاندا ئەبینین کە، ئەوە مامۆستاکەیە دەرچوون و کەوتنی داناوە بۆ تەلەبەکان و پرسیار و وەڵامی بۆ داناون، بەڵام ئەوە تەلەبەکانن کە دەرئەچن یان ئەکەون بە گرتنەبەری هۆی دەرچوون یان کەوتن.

١١. خاوەنی شتەکان لە ڕاستیدا کەس نییە جگە لە خوا (مالِك).

گەرچی مرۆڤ بە خاوەنی شتێك وەسف بکرێت و بوترێت: فلاَن کەس خاوەنی فلاَن شتە. ئەوە واتای ئەوە نییە کە خاوەنی ئەسڵی و ڕاستەقینە و بنەڕەتی ئەو شتەیە، بەڵکو خاوەندارێتییەکەی کاتی و سنوردارە. وە ئەو کەسەی خاوەنی ڕەها و ڕاستەقینەی شت و سەرچاوە و کات و شوێنەکانە تەنها خوای گەورەیە سبحانە وتعالی. وە لە قورئاندا خوای گەورە بەوە خوایەتی و پەروەردگارێتی بت و خوا بەتاڵەکان ڕەتئەکاتەوە کە خاوەنی هیچ نین.

- ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ (فاطر - ١٣) ئەوە الله یە پەروەردگاری ئێوە هەموو موڵك هی ئەوە، وە ئەوانەی لەگەڵیا هاواریان ئەکەن خاوەنی پەردەی سەر ناوکە خورمایەك نین ﴾.
- ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ (آل عمران - ٢٦) بڵێ خوایە خاوەنی هەموو موڵکێك، موڵك بە هەرکەس بتەوێت ئەبەخشیت، وە موڵك لە هەرکەس بتەوێت ئەسەنیتەوە، وە هەرکەست بوێت سەربەرزی ئەکەیت، وە هەرکەست بوێت ڕسوای ئەکەیت، چاکە و خێر بەدەستی تۆیە بەتەنها، تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەلاَت و بەتوانایت ﴾.

وە لە جیاوازی نێوان موڵکداری خوای گەورە و عەبدەکانی ئەوەیە کە: موڵکداری خوای گەورە بۆ هەموو شتێکە، بەلاَم مەخلوق خاوەنی چەند شتێکی کەمە. وە موڵك و موڵکداری خوا بێ کۆتا و نەبڕاوەیە، وە موڵکی مەخلوق بڕاوەیە و ئەفەوتێت، وە موڵکدارییەکەی کاتییە و بە مردنی نامێنێت.

١٢. ڕێکخەر و بەڕێوەبەری گەردوون کەس نییە جگە لە خوا (مُدَبِّر).

وە ئەمە پایەیەکە لە پایەکانی پەروەردگاریتیی، وە کەس لەگەڵ خوای گەورەدا گەردوون بەڕێوەنابات، چ فریشتەکان، یان پێغەمبەران، یان پیاوچاکان.

﴿ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦ (یونس - ٣) خوای گەورە کاروباری ئاسمانەکان بەڕێوەئەبات، هیچ تکاکارێك نییە لای خوای گەورە ئیللا لەپاش ئیزنی خۆی ﴾.

﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ (یونس - ٣١) پێیان بڵێ کێیە ڕزقی ئێوە ئەدات لە ئاسمان و زەوی، کێ توانای بیستن و بینینی ئێوەی بەدەستە، وە کێ لە مردوو زیندوو دەرئەهێنێت وە لە زیندوو مردوو دەرئەهێنێت، وە کێیە کاروبار ڕائەپەڕێنێت، جا لە وەڵامدا ئەڵێن الله، بڵێ ئەی بۆ تەقوای خوا ناکەن ﴾.

﴿ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ (السجدة - ٥) خوای گەورە کاروبار هەڵئەسوڕێنێت و فەرمان ئەکات لە ئاسمانەوە بۆ زەوی ﴾.

﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ (سبإ - ٢٢) بڵێ هاواری ئەوانە بکەن کە لەگەڵ خوا داتاشیناون یا وەڵامتان بدەنەوە گەر ڕاستئەکەن، هێندەی مسقاڵ و گەردێکیان لە ئاسمانەکان و زەویدا بەدەست نییە، وە لە ئاسمان و زەویدا هیچ شەریکایەتییەکیان نییە لەگەڵ خوادا، وە خوای گەورە پشت و پەنای لەناویان نییە ﴾.

١٣. كەس نەزانراوی ڕەها (غَیب) نازانێت جگە لە خوا.

نەزانراو واتە: غەیب، نادیار، شارراوە. وە غەیب دوو جۆرە: ڕێژەیی (نِسبـي)، ڕەها (مُطلَق).

غەیبی ڕێژەیی: ئەو بابەتەیە کە لای هەموو مەخلوقات شارراوە نییـە، بـەڵکو هەنـدێك ئـەیزانێت و هەندێك نایزانێت. هەروەها خوای گەورەش ئەیزانێت.

غـەیبی ڕەهـا: ئـەو بابەتەیـە کـە سـەدا سـەد شـارراوەیە و هـیچ بەشـێکی نازانرێـت لەلایـەن مەخلوقەکانەوە، وە تەنها خوای گەورە ئەیزانێت. وەك: (بەرواری ڕۆژی دوایی، کات و سـاتی مردنـی بەندەکان، ڕێژەی ڕزقی بەندەکان).

﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ (النمل - ٦٥) بڵێ هیچ کەس لە ئاسمان و زەویدا جگە لە خوا غەیب نازانێت، وە ئەوانەی ئیددیعا و بانگەشەی غەیب ئەکەن یان ئێوە ئەڵێن ئەیزانن، نازانن کە مردن کەی زیندوو ئەکرێنەوە ﴾.

﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ (الأنعـام - ٥٩) وە خوای گەورە کلیلەکانی غەیبی لەلایە، کەس نایانزانێت جگـە لـەو، وە هەرچـی لـە وشکانی و دەریادایـە ئـەیزانێت، وە گەڵایـەك بەرنابێتـەوە ئـیللا ئـەیزانێت، وە تۆوێـك لـە تاریکایی زەویدا وە هیچ تەڕ و وشکێك نییە ئیللا لە لەوحدایە ﴾.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ (لقمـان - ٣٤) خـوای گەورە زانستی قیامەتی لایە، وە باران ئەبارێنێت، وە ئەزانێت چی لە ڕەحمی ئافرەتاندایە، وە

کەس نازانێت سبەی چی بەسەردێت، وە کەس نازانیٚ لە چ زەوییـەك ئـەمرێت، بەدڵنیاییـەوە خوای گەورە زۆر زانا و شارەزایە ﴾.

١٤. کەس خاوەنی سوود و زیان نییە بەڕاستی جگە لە خوا.

خوای گەورە سوود ئەگەیەنێت بە عەبدەکانی و زیانیان پیٚ ئەگەیەنێت، وە گەر ویستی نـەبێت سـوود یان زەرەر بـە کـەس ناگـات. وە نـەبوونی توانـای سـوود و زەرەر گەیانـدن بەڵگـەی بـەتاڵێتی خـوا بەتاڵەکانە.

- ﴿ كنتُ خلفَ رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يومًا قال يا غـلامُ، إنـي أعلِّمُـك كلمـاتٍ: احفَـظِ اللهَ يحفَظْك، احفَظِ اللهَ تجِدْه تُجاهَك، إذا سألتَ فاسألِ اللهَ، وإذا استعنْتَ فاستعِنْ بـاللهِ، واعلـمْ أنَّ الأمةَ لو اجتمعتْ على أن ينفعـوك بشـيءٍ، لم ينفعـوك إلا بشـيءٍ قـد كتبـه اللهُ لـك، وإنِ اجتمعوا على أن يضُرُّوك بشيءٍ لم يضُروك إلا بشيءٍ قـد كتبـه اللهُ عليـك (سـنن الترمـذي - ٢٥١٦) پێغەمبەری خوا بە ئیبن عەباسی فەرموو: ئەی لاو من چـەند شـتێکت فێـر ئەکـەم، خوا بپارێزە ئەتپارێزێت، خوا بپارێزە بەرەو ڕووت ئەیبینیتەوە، گەر هاوار و پاڕانـەوەت کـرد لە خوا بپاڕێرەوە، وە گەر داوای یارمەتیت کرد لە خوا داوابکە، وە بزانە گەر هەموو ئۆمـەت کۆببنەوە سودێکت پیٚ بگەیەنن سوودت پـیٚ ناگەیـەنن مەگـەر بـە شـتێك کـە خـوا بـۆتی نوسیبێت، وە گەر کۆببنەوە زیانێکت پیٚ بگەیەنن زیانت پیٚ ناگەیەنن مەگەر بە شـتێك کـە خوا لەسەرتی نوسیبێت ﴾.
- ﴿ **قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرًّا وَلَا نَفۡعًا** (المائدة - ٧٦) بڵـیٚ ئایـا لـە غەیری خوا شتانێك ئەپەرستن کە سوود و زەرەری بۆتان نییە ﴾.

﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمۡ وَلَا يَضُرُّهُمۡ (الفرقـان - ٥٥) وه لـه غـهیری خـوا شتانێك ئەپەرستن نە سوودیان پێ ئەگەیەنێت وە نە زەرەریان لێ ئەدات ﴾.

١٥. كەس ڕۆزیدەری ڕاستەقینە نییە جگە لە خوا. وە ڕزقدانی دروستكراوەكان شوێنكەوتە و هۆكارییە نەك سەرەتایی و بەدیهێنان.

ڕزقی مەخلوقەكان بەدەست خوای گەورەیە و خـۆی ڕزقیـان ئـەدات، وە هـیچ كـەس لـە بنەڕەتـەوە ڕۆزیدەر نییە جگە لە خوای گەورە سبحانە وتعالی.

وە مەخلوقەكان هەرچەندە بەڕوكەش ڕزقی چواردەوریان بدەن، وەك: (دایك و باوك خواردن و جـل بـۆ منداڵەكانیان دابین بكەن، خێرخـواز صـەدەقە و زەكـات بـە هـەژاران بـدەن، حكومـەت و دەسـەڵات مەعاشی خەڵك بدات)، ئەم ڕزقدانەیان هۆكاریی و شوێنكەوتەییە. واتە خـوای گـەورە كردوونـی بـە هۆكارێك كە ڕزقی بەندەكانی پیایان ئەنێرێت، وە شوێن ویستی خوای گەورە ئەكەون لـەو ڕزقدانـەدا. نەوەك دایك و باوك یان خێرخوازان یان حكومەت وابزانن ڕزقی منداڵ و فەقیر و خەڵك بەدەست ئەوانە و گەر ئەوان نەیانەوێت خەڵك نان و ئاوی دەست ناكەوێت. بەڵكو هـەر مرۆڤـەو لـە سـكی دایكیـدا ڕزقی بڕدراوەتەوە و، ڕزقەكەی زیـاد ئـەكات كـەم ناكـات. وە ئـەوانیش بەرپرسـیارن كـە نەفەقـە و یارمەتی كەسانی ژێر دەستی خۆیان و هەژاران بدەن بەوەی كە واجبە لەسەریان.

﴿ وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ (الذاریات - ٢٢) وە ڕزقتان لـە ئاسمانەوەیـە، وە ئـەو بەهەشتەشی كە بەڵێنتان پێ دراوە ﴾.

﴿ أَمَّن يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (النمـل - ٦٤) كێ هەیە لە سەرەتاوە شتەكان دروسـت بكـات، وە

کێ ڕزقتان ئەدات لە ئاسمان و زەوی، ئایا خوای تر لەگەڵ الله هەیە، بڵێ گەر هەیە و ڕاست ئەکەن بەڵگەکانتان بێنن ﴾.

﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ (٢) يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَـٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ (٣) (فاطر) هەر ڕەحمەتێك خوای گەورە بیڕژێنێت بەسەر خەڵکدا ئەوا کەس ناتوانێت بیگرێتەوە، وە گەر خۆی بیگرێتەوە ئەوا کەس نییە لە دوای ئەو بینێرێت، وە خۆی بەعیززەت و دانایە (٢) ئەی خەڵکینە یادی نیعمەتی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە، ئایا هیچ بەدیهێنەرێکی تر هەیە رزقتان بدات لە ئاسمان و زەوی، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، ئیتر چۆن لە حەق لائەدەن (٣) ﴾.

﴿ أَمَّنْ هَـٰذَا ٱلَّذِي يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ (الملك - ٢١) ئایا ئەوە کێیە ڕزقتان ئەدات گەر خوا ڕزقی لێ گرتنەوە ﴾.

﴿ وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (آل عمران - ٢٧) وە خوایە تۆ ڕزقی هەر کەسێك ئەدەیت خۆت بتەوێت بەبێ حساب ﴾.

﴿ كنتُ خلفَ رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يومًا قال يا غلامُ، إني أعلِّمُك كلماتٍ: احفَظِ اللهَ يحفَظْك، احفَظِ اللهَ تجِدْه تُجاهَك، إذا سألتَ فاسألِ اللهَ، وإذا استعنْتَ فاستعِنْ باللهِ، واعلمْ أنَّ الأمةَ لو اجتمعتْ على أن ينفعوك بشيءٍ، لم ينفعوك إلا بشيءٍ قد كتبه اللهُ لك، وإنِ اجتمعوا على أن يضُرُّوك بشيءٍ لم يضُروك إلا بشيءٍ قد كتبه اللهُ عليك (سنن الترمذي - ٢٥١٦) پێغەمبەری خوا بە ئیبن عەباسی فەرموو: ئەی لاو من چەند شتێکت فێر ئەکەم، خوا بپارێزە ئەتپارێزێت، خوا بپارێزە بەرەو ڕووت ئەیبینیتەوە، گەر هاوار و پاڕانەوەت کرد لە خوا بپاڕێرەوە، وە گەر داوای یارمەتیت کرد لە خوا داوابکە، وە بزانە گەر هەموو ئۆمەت کۆببنەوە سودێکت پێ بگەیەنن سوودت پێ ناگەیەنن مەگەر بە شتێك کە خوا بۆتی

نوسیبێت، وە گەر کۆببنەوە زیانێکت پێ بگەیەنن زیانت پێ ناگەیەنن مەگەر بە شتێك کە خوا لەسەرتی نوسیبێت ﴾.

﴿ حَدَّثَنَا رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وهو الصَّادِقُ المَصْدُوقُ، قالَ: إنَّ أحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ في بَطْنِ أُمِّهِ أرْبَعِينَ يَوْمًا، ثُمَّ يَكونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذلكَ، ثُمَّ يَكونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذلكَ، ثُمَّ يَبْعَثُ اللَّهُ مَلَكًا فيُؤْمَرُ بأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ، ويُقَالُ له: اكْتُبْ عَمَلَهُ، ورِزْقَهُ، وأَجَلَهُ، وشَقِيٌّ أوْ سَعِيدٌ، ثُمَّ يُنْفَخُ فيه الرُّوحُ (صحيح البخاري – ٣٢٠٨) ئیبن مەسعود فەرمووی: پێغەمبەری خوا قسەی بۆ کردین کە ڕاستگۆ و باوەڕپێکراوە، فەرمووی: بەدڵنیاییەوە هەر یەکێکتان دروستئەکرێت و کۆئەکرێتەوە لە سکی دایکیدا لە ماوەی چل ڕۆژدا، پاشان ئەبێت بە پارچەیەکی هەڵواسراو وەك ئەوە، پاشان ئەبێت بە پارچەیەکی شێوە جووراو وەك ئەوە، پاشان خوای گەورە فریشتەیەك ئەنێرێت فەرمانی بە چوار شت پێ ئەکرێت، وە پێی ئەوترێت: کردەوەکانی بنووسە وە ڕزقەکەی وە ئەجەلەکەی وە بەدبەختە یان دڵخۆشە، پاشان ڕۆحی بەبەردا ئەکرێت ﴾.

وە ئەوەش بزانە هەموو نەفسێك ڕزقی خۆی جیایە و کورد وتەنی: کەس لەسەر ورگی کەس ناژی. وە کەس ڕزقی کەم ناکاتەوە و ئەو بڕەی کە بۆی دیاریکراوە هەمووی لە دنیا وەرئەگرێت، وە هەرچەن هەوڵبدرێت بێ بەش بکرێت لێی هەر ڕزقەکەی وەرئەگرێت، هەروەك چۆن هەرچەند هەوڵی ڕزقی زیاتر بدات وەری ناگرێت گەر بۆی نەنوسرابێت.

جا لەمەوە، نابێت کەس بڵێت: ژن ناهێنم یان منداڵ ناخەمەوە لەبەرئەوەی فەقیرم یان مەسرەفیانم پێ ناکێشرێت. یان بڵێت: ناتوانم واز لە نۆکەری و شوێنکەوتنی فلان حیزبی کافر بهێنم چونکە ئیش و کارم دەستناکەوێت. چونکە موسوڵمان ئەزانێت ڕزقی بڕدراوەتەوە و کەس ناتوانێت ڕزقی ببڕێت، وە ژن و منداڵ نابن بە بار بەسەریەوە و هەموو ڕزقی خۆی هەیە.

وە چۆنییەتی دەستخستنی ڕزقەکەش کەوتۆتەوە سەر عەبدەکان کە ئایا بە حەڵاڵی بەدەستی ئـەهێنن یان بە حەرامی.

بۆنموونە: کەسێك گەر لە ڕزقی تەنها دە (١٠) دینار مابێت، ئەوا هەرچەندە هەوڵ و ڕەنج بدات لـەوە زیاتر وەرناگرێت، وە چواردەوری هەرچەندە ڕێگری بن هەر وەریئەگرێت، چونکە ئەوە ڕزقێتی و خـوای گەورە بۆ ئەوی داناوە، وە ویسـتی خـوای گـەورە زاڵـە بەسـەر ویسـتی بەندەکانـدا. وە ئـەو کەسـە کەوتۆتەوە سەر خۆی کە بە چ ڕێگەیەك ڕزقەکەی پەیدا ئەکات، گەر هۆکاری شـەرعی و ڕێگەپێـدراو بگرێتە بەر ئەوا بە حەڵاڵی دەستی ئەکەوێت، وە گەر بە دزی و فێڵ و لەشفرۆشی و دەنگکۆکردنـەوە بۆ حیزبی عالەمانی و ئەندام بوون لە حیزبی عالەمانی و هتد هەوڵ بدات ئەوا هەر وەریئەگرێت بەڵام بە حەرامی.

- ﴿ **وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ** (الذاريات - ٢٢) وە ڕزقتان لـە ئاسمانەوەیـە، وە ئـەو بەهەشتەشی کە بەڵێنتان پێ دراوە ﴾.
- ﴿ ثُمَّ يَبْعَثُ اللَّهُ مَلَكًا فيُؤْمَرُ بأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ، ويُقَالُ له: اكْتُبْ عَمَلَـهُ، ورِزْقَـهُ، وأَجَلَـهُ، وشَـقِيٌّ أوْ سَعِيدٌ، ثُمَّ يُنْفَخُ فيه الـرُّوحُ (صـحيح البخـاري – ٣٢٠٨) پاشـان خـوای گـەورە فریشـتەیەك ئەنێرێت فەرمانی بە چوار شـت پـێ ئـەکرێت، وە پێـی ئـەوترێت: کردەوەکـانی بنووسـە، وە ڕزقەکەی، وە ئەجەلەکەی، وە بەدبەختە یان دڵخۆشە، پاشان ڕۆحی بەبەردا ئەکرێت ﴾.
- ﴿ أيُّها النَّاسُ اتَّقوا اللَّهَ وأجملوا في الطَّلبِ فإنَّ نفسًا لـن تمـوتَ حتَّـى تسـتوفيَ رزقَهـا وإن أبطأَ عنْها فاتَّقوا اللَّهَ وأجملوا في الطَّلبِ خذوا ما حلَّ ودعوا ما حَرُمَ (صحيح ابن ماجه - ١٧٥٦) خەڵكینە تەقوای خوا بکەن، وە بەجوانی داوای ڕزقتان بکەن، چـونکە نـەفس نامرێـت هـەتا ڕزقەکەی بەتەواوی وەرئەگرێت ئەگەر بە هێواشیش پێـی بگـات، جـا تـەقوای خـوا بکـەن و بەجوانی هەوڵی بەدەستهێنانی ڕزق بدەن، ئەوە بەرن کە حەڵاڵە وە واز لە حەرام بهێنن ﴾.

جا خۆشیی لەوەی کە باوەڕی بەمە هەیە و سەبر لەسەر ناڕەحەتی ژیان و گوزەرانی ئەگرێت و چاوەڕێ ئەکات بە حەڵاڵی ڕزقەکەی دەستکەوێت، نەك خۆی خەجاڵەت و ڕووڕەش بکات و ئەو ڕزقە بڕاوەیەی بە حەرام دەستکەوێت.

١٦. داواکردنی یارمەتی و بەهاناوەچوون تەنها لە خوا لە پێویستی و خوازراوییەکانی پەروەردگارێتییە، وە پەرستنی خوا بەتەنها لە پێویستییەکانی خوایەتییە.

داوای یارمەتی تەنها لە خوای گەورە ئەکرێت لەو شتانەی کە مەخلوقەکان توانایان بەسەریدا ناشکێت. وە ئەنجامدانی هەموو عیبادەتەکان مەبەست لێی ڕازیکردنی خوایە بەتەنها، دوور لە شیرك و ڕیا.

وە باشتر وایە موسوڵمان لەو شتانەشدا کە توانای هەیە و لە توانای عەبدەکانیشدایە هەر پشت بە عەبدەکان نەبەستێت و خۆی ئیشی خۆی ڕاپەڕێنێت لەگەڵ پشت بەستی بە خوا.

- ﴿ **إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ** (الفاتحة - ٥) ئەی پەروەردگار تەنها تۆ ئەپەرستین، وە داوای یارمەتی تەنها لە تۆ ئەکەین ﴾.
- ﴿ كُنَّا عِنْدَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، تِسْعَةً، أَوْ ثَمانِيَةً، أَوْ سَبْعَةً، فقالَ: أَلا تُبايِعُونَ رَسولَ اللهِ؟ وكُنَّا حَديثَ عَهْدٍ بِبَيْعَةٍ، فَقُلْنا: قدْ بايَعْناكَ يا رَسولَ اللهِ، ثُمَّ قالَ: أَلا تُبايِعُونَ رَسولَ اللهِ؟ فَقُلْنا: قدْ بايَعْناكَ يا رَسولَ اللهِ، ثُمَّ قالَ: أَلا تُبايِعُونَ رَسولَ اللهِ؟ قالَ: فَبَسَطْنا أَيْدِيَنا وقُلْنا: قدْ بايَعْناكَ يا رَسولَ اللهِ، فَعَلامَ نُبايِعُكَ؟ قالَ: علَى أَنْ تَعْبُدُوا اللَّهَ ولا تُشْرِكُوا به شيئًا، والصَّلَواتِ الخَمْسِ، وتُطِيعُوا، (وَأَسَرَّ كَلِمَةً خَفِيَّةً)، ولا تَسْأَلُوا النَّاسَ شيئًا فَلقَدْ رَأَيْتُ بَعْضَ أُولَئِكَ النَّفَرِ يَسْقُطُ سَوْطُ أَحَدِهِمْ، فَما يَسْأَلُ أَحَدًا يُناوِلُهُ إيَّاهُ (صحيح مسلم - ١٠٤٣)

عەوفی کوڕی مالیك ئەفـەرموێت: چـەند نەفـەرێك لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوا بـووین و پێـی فەرمووین: بەیعەت ئەدەن بە پێغەمبەری خوا؟ .. ئێمەش دەستمان درێـژکرد بـۆ بەیعـەت و وتمان خۆ بەیعەتمان داوە پێـت ئـەی پێغەمبـەری خـوا، جـا لەسـەر چـی بەیعـەتت بـدەینێ؟ فەرمووی: لەسەر ئەوەی تەنها الله بپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، وە پێـنج نوێژەکـە، وە گوێڕایەڵ بن، (وە قسەیەکی بە نهێنی وت)، وە داوای هیچ نەکەن لە خەڵکی. جا هەندێك لەو نەفەرانەم بینی دواتر، گەر قامچی یەکێکیان بکەوتایە بەکەسی نەئەوت بیداتەوە دەستی ﴾.

١٧. هیچ شتێك نییە خوای گەورە توانا و دەسەڵاتی بەسـەردا نـەبێت (خـوای گـەورە لـە ئاست هیچ شتێك بێ دەسەڵات و دەستەوسان نییە).

چونکە خوای گەورە توانا و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، وە هەموو شتێك دروستکراوی خوایە. وە شـتێك گەر توانای سنوردار بێت یان لە ئاست هەندێك یان زۆر شتدا بێ دەسەڵات بێت ئەوە خوا نییە.

﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَيْءٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِ (فـاطر - ٤٤) وە هـیچ شتێك نییە لە دەسەڵاتی خوای گەورە دەربچێت لە ئاسمانەکان و زەوی ﴾.

﴿ وَٱذْكُرْ فِي ٱلْكِتَٰبِ إِبْرَٰهِيمَ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا (٤١) إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْـًٔا (٤٢) (مريم) تۆ لەم قورئانە باسی ئیبراهیم بکە، ئەو ڕاستگۆ و پێغەمبەر بوو (٤١) کاتێك کە بە بـاوکی وت: هـۆ باوکـە بـۆ عیبـادەتی شـتێك ئەکەیت نابیستێت و نابینێت و هیچ سوودێکی بۆت نییە (٤٢) ﴾.

١٨.	سیفەتەکانی پەروەردگارێتی شایستەی خوان پێش بوونی شوێنەواریان.

واتە خوای گەورە پێش ئەوەی کردارێك بکات بەو کردارە وەسف ئەکرێت، وە مەرج نییە کردارەکە ئەنجام بدات ئینجا ببێت بە خاوەنی سیفەتەکە یان پێی وەسف بکرێت. چونکە سیفەتەکانی خوای گەورە سبحانە وتعالی هەتاهەتایی و ئەزەلین.

بۆنموونە: دروستکەر و بەدیهێنەرە پێش دروستکردنی مەخلوقەکان، ڕۆزیدەرە پێش ڕزقدان، ژیێنەرە پێش ژیاندنی دروستکراوەکان، مرێنەرە پێش مراندنیان، لێبووردەیە پێش ئەوەی لە تاوان ببورێت، خاوەن و پاشای ڕۆژی قیامەتە پێش هاتنی قیامەت.

١٩.	تەوحیدی پەروەردگارێتی کەس لە ناخەوە نکوڵی نەکردووە.

ئەمە شتێکی ئاشکرا و ڕوونە، وە بە دەق و عەقڵ و هەست و فیترەت سەلماوە، وە پێویست ناکات لەسەری زۆر بڕۆین. کە هەموو کەسێك لە ناخەوە باوەڕی بە دروستکەرێك هەیە کە گەردوونی دروستکردووە و بەڕێوەی ئەبات. وە ئەمە لە ناخی موسوڵمان و کافردا هەیە و هەریەکێك لەوان هەست بەوە ئەکات، هەرچەندە هەندێك لە کافران بە زمانیش نکوڵی بکەن. وە ئەو قسەیەش هەڵەیە کە ئەڵێت: پێغەمبەران بۆ ناساندنی خوا بە خەڵکی هاتوون. بەڵکو خەڵکی خوایان ناسیوە بەڵام کێشەی سەرەکییان هاوەڵدانان بووە بۆی.

﴿ قُل لِّمَنِ ٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٨٤) سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (٨٥)
قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبۡعِ وَرَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ (٨٦) سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ
(٨٧) قُلۡ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيۡهِ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٨٨)
سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ فَأَنَّىٰ تُسۡحَرُونَ (٨٩) (المؤمنون) بڵێ زەوی و ئەوەی تیایەتی هی کێیە

گەر ئەزانن (٨٤) زوو ئەڵێن هی الله یە، بڵێ بۆ بیرناکەنەوە و باوەڕ ناهێنن (٨٥) بڵێ کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکە و پەروەردگاری عەرشی مەزنە (٨٦) زوو ئەڵێن هی الله یە، بڵێ بۆ تەقوا ناکەن و ناترسن (٨٧) بڵێ کێ موڵکی هەموو شتێکی بەدەستە، وە ئەو پەنای بۆ ئەبرێت و کەس پەنادەری کەسێك نییە گەر ئەم سزای بدات (٨٨) زوو ئەڵێن هی الله یە، بڵێ چۆن گومڕا ئەبن و لە ڕێی ڕاست لائەدەن (٨٩) ﴾.

- ﴿ **قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَيَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ** (یونس - ٣١) پێیان بڵێ کێیە ڕزقی ئێوە ئەدات لە ئاسمان و زەوی، کێ توانای بیستن و بینینی ئێوەی بەدەستە، وە کێ لە مردوو زیندوو دەرئەهێنێت وە لە زیندوو مردوو دەرئەهێنێت، وە کێیە کاروبار ڕائەپەڕێنێت، جا لە وەڵامدا ئەڵێن الله، بڵێ ئەی بۆ تەقوای خوا ناکەن ﴾.
- ﴿ **فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ** (العنكبوت - ٦٥) کاتێك سواری کەشتییەکان ئەبن هاواری خوا ئەکەن بە دڵسۆزی و بێ شیرك و ڕیا، وە کاتێك ڕزگاریان ئەکات بۆ وشکانی ئەوان شەریك دائەنێنەوە بۆ خوا ﴾.

٢٠. هەرکەس هەرشتێك هاوتا و یەکسان بکات بە خوا لە شتێك لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگارێتیدا ئەوا کردوویەتی بە هاوەڵ (شەریك) لەگەڵ خوادا.

جا هەرکەس بانگەشەی ئەوە بکات فریشتەیەك یان پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێك یان هەر مەخلوقێك وەکو خوای گەورە یان لەگەڵ خوادا غەیبی ڕەها ئەزانێت، یان گەردوون ئەبات بەڕێوە یان بەهەشت و

جەهەننەمی بەدەستە، یان زیندووکردنەوە و مراندنی بەدەستە، یـان لـە هـەر تایبەتمەندییـەکی تـری پەروەردگارێتیدا هاوبەشی خوایە، ئەوا کردوویەتی بە شەریك لەگەڵ خوای گەورەدا.

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئْتُونِي بِكِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَآ أَوْ أَثَٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (الأحقاف - ٤) بلّێ ئەوانەی ئێوە جگە لە خوا هاواریان ئەکەن نیشانم بدەن چییان دروستکردووە لـە زەوی، یـان شەریکی خوان لە ئاسمانەکان، لەپێش ئەم قورئانە کتێبێکم بۆ بێنن کە ئـەوەی ئێـوە ئـەیڵێن تیای نوسرابێت، یان زانیارییەکی بەجێماو گەر ئێوە ڕاستگۆن ﴾.

﴿ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓۗ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ (٥٩) أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُواْ شَجَرَهَآۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ (٦٠) أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًاۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٦١) أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (٦٢) أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِۦٓۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٦٣) أَمَّن يَبْدَؤُاْ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٦٤) قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ (٦٥) (النمل) بلّێ حەمد و سوپاس بۆ خوا وە سەلامی خوا لەسـەر بەنـدەکانی کە هەڵێبژاردوون، ئایا الله باشـترە یـان ئەوانـەی کردووتـانن بـە شـەریکی (٥٩) ئایـا کـێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە وە لە ئاسمانـەوە ئـاوی بـۆ دابەزانـدوون، بەهۆیـەوە بـاخ و باخاتی جوانمان ڕواندووە، کە نەتانئەتوانی بیرویـنن، ئایـا خـوا هەیـە لەگـەڵ الله دا، بـەڵکو ئەمانە کەسانێکن لە حەق لائەدەن (٦٠) کێیە ئەم زەوییەی ڕاخستووە وە لەناویـدا ڕووبـاری

داناوە، وە شاخیشی وەك مێخ بۆ داناوە، وە لەنێوان دوو دەریاکـەدا بەربەسـتی دانـاوە، ئایـا لەگەڵ الله دا خوا هەیە، بەڵکو زۆربەیان نازانن (٦١) کێیە وەڵامی لێقەوماو بداتەوە کاتێـك هاواری بکات، وە خراپە و بەڵا لائەبات، وە ئەتانکات بە جێنشـینی زەوی، ئایـا خـوا هەیـە لەگەڵ الله دا، زۆر کەم بیرئەکەنەوە (٦٢) کێیە ڕینوێنیتان ئەکات لـە تاریکـایی وشـکانی و دەریادا، وە کێ با ئەنێرێت وەك موژدەدەر و ڕەحمەت، ئایا خـوا هەیـە لەگـەڵ الله دا، خـوای گەورە بەرز و بڵندە لەوەی بۆی ئەکەن بە هاوەڵ (٦٣) کێیە بوونـەوەر لـە سـەرەتاوە دێنێتـە بوون و پاشان ئەیانگێڕێتەوە، وە کێیە ڕزقتان ئەدات لە ئاسمان و زەوی، ئایا لەگەڵ الله خـوای تر هەیە، بڵێ بەڵگەکانتان بێنن گەر ڕاستگۆن (٦٤) بڵێ کەس لە ئاسمانـەکان و زەوی غـەیب نازانێ جگە لە الله، وە ئەوانەی ئێوە ئەڵێن غەیب ئـەزانن نـازانن کـەی زینـدوو ئەکرێنـەوە (٦٥) ﴾.

٢١. هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە فەوتاندنی حەقی پەروەردگارێتییە.

گەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوای گەورە دابنێت، ئەوا گەورەترین تاوانی کـردووە، وە تـووڕەیی خـوای بـۆ خۆی حەڵاڵ کردووە، وە بەهەشتی لەخۆی حەرامکردووە، وە خۆی کردووە بە دوژمنی خوای گـەورە و فریشتەکان و پێغەمبەران و موسوڵمانان.

﴿ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَآءَتْ مَصِيرًا (الفتح - ٦)

وە تا خوای گەورە سزای مونافیق نێر و مێیان بـدات، وە موشـریك نێـر و مێیـان، ئەوانـەی

گومانی خراپ بە خوا ئەبەن، ئەو گومانە بەسەر خۆیاندا ئەگەڕێتەوە، وە خوای گەورە توڕەیە لێیان و بە لەعنەتی کردوون و جەهەننەمی بۆ ئامادەکردوون، وە ئەوە خراپترین ئەنجامە ﴾.

٢٢. دروستکراو هەرچەندیش پلەی بەرزبێت شایەنی هیچ شتێك لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگارێتی نییە.

مەزنترین دروستکراوەکانی خوای گەورە دووانن: (فریشتە، پێغەمبەر)، وە ئەمانە هیچیان شایەنی ئەوە نییە گەردوون بەڕێوەببات، یان زیندووبکاتەوە و بمرێنێت، یان غەیبی ڕەها بزانێت، یان هاواری بکرێت و داوای یارمەتی لێبکرێت.

وە ئەم دروستکراوانە سەرەڕای بەرزی پلەیان، بەڵام هێشتا توانا و دەسەڵاتی ڕەهایان نییە و پلەیان لە خوار پلەی پەروەردگارێتییەوەیە. وە ئەوانەی خوار ئەمانن ئەولاترە کە پەروەردگار نەبن.

◆﴿ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ (سبإ - ٢٣) شەفاعەتی هیچ کەسێك لای خوا سوودی نییە ئیللا کەسێك خۆی ئیزنی بدات، کاتێك خوای گەورە فەرمان دەرئەکات مەلائیکەت سوجدە ئەبەن و ئەترسن کاتێك ترسەکە لەدڵیان ڕۆی ئەپرسن خوای گەورە چی فەرموو، ئەڵێن حەقی فەرموو، وە خوا زۆر بەرز و مەزنە ﴾.

◆﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ أَوۡ يَتُوبَ عَلَيۡهِمۡ أَوۡ يُعَذِّبَهُمۡ فَإِنَّهُمۡ ظَٰلِمُونَ (آل عمران - ١٢٨) ئەی موحەممەد هیچ شتێك بەدەستی تۆ نییە لە بارەی کافرانەوە، یان لێیان خۆشبێت یان سزایان بدات ئەوان ستەمکارن ﴾.

٢٣. هەركەس گوێڕایەڵی كەسێك بكات گوێڕایەڵیكردنێكی ڕەها و بێ قەید و بەند، ئەوا كردوویەتی بە پەروەردگار لەگەڵ خوادا.

چونكە گوێڕایەڵی ڕەها و سەدا سەد بۆ غەیری خوای گەورە نییە لە سەرەتاوە، وە بۆ غەیری پێغەمبەرەكەی لە گەیاندن و جێبەجێكردنی شەرعدا. وە غەیری ئەوان لە: (دایك و باوك، دراوسێ، برادەر، خزم، دەسەڵاتدار، سەرۆك، زانایانی شەرع، هتد) گوێڕایەڵییەكەیان ڕێژەیی و سنوردارە، وە تەنها لەوەدایە كە پێچەوانەی شەرع نییە، وە مەرج نییە لە هەموو شتێكدا گوێڕایەڵی بكرێن.

﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡكَٰفِرِينَ (آل عمران - ٣٢) بڵێ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بن، جا گەر پشتیان هەڵكرد ئەوا خوای گەورە كافرانی خۆش ناوێت ﴾.

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (التوبة - ٣١) زانا و خواپەرستەكانیان كرد بە پەروەردگار جگە لە الله، وە هەروەها مەسیحی كوڕی مەریەم، لەكاتێكدا فەرمانیان پێ نەكرابوو جگە لەوەی یەك خوا بپەرستن، هیچ خوایەك نییە جگە لەو، پاكی و بێ گەردی بۆ خوا لەو هاوەڵانەی بڕیاریانداوە ﴾.

﴿ لا طاعَةَ لمخلوقٍ في معصيةِ اللهِ عزَّ وجلَّ (مسند أحمد – ٢/ ٢٤٨) گوێڕایەڵی نییە بۆ هیچ دروستكراوێك لە سەرپێچی خوادا ﴾.

٢٤. جگە لە الله هەرکەس بانگەشەی پەروەردگاریّتی بکات ئەوا درۆزن و دەججالە.

چونکە خوای گەورە زۆر بە ڕوونی لە قورئانەکەیدا ڕەتیکردۆتەوە هەر شەریکێکی هەبێت لە خوایەتی و پەروەردگاریێتییەکەیدا، وە ئەو کەسەی کە بانگەشەی پەروەردگاریّتی ئەکات درۆزنە و خەڵك ئەخەڵەتێنێت. وەك فیرعەون کاتێك بانگەشەی خوایەتی و پەروەردگاریّتی کرد. وە لە ئاخر زەمانیشدا مەسیحی دەججال ئەو بانگەشەیە ئەکات و، ئەویش هەر درۆزنە و خەڵك هەڵئەخەڵەتێنێت. خوا لەو فیتنەیە بمانپارێزێت. وەغەیری ئەوانیش زۆرن.

٢٥. سەلماندنی هۆکارێتیی بناغەکەی لەسەر سەلماندنی بەڵگەی شەرع یان قەدەرە.

هۆکارێتیی ئەوەیە شتێك بە هۆکاری شتێك دابنێیت، بۆنموونە: تۆبەکردن هۆکاری لێخۆشبوونە، تەوحید هۆکاری چوونە بەهەشتە، کوفر هۆکاری چوونە جەهەننەمە، خەوتن هۆکاری ئیسراحەتی لەشە، ئاگر هۆکاری سوتاندنە، فلاّن دەرمان چارەسەری فیسار نەخۆشییە، وە هەروەها.

جا بۆ زانینی ئەوەی چ شتێك هۆکارە بۆ چی؟ ئەوا دوو ڕێگەمان هەیە سێهەمی نییە:

أ. لە شەرعدا دەق ئاماژەی پێدابێت. چونکە خوای گەورە دروستکەری هۆکار و ئاسەوارەکانیانە، وە خۆیشی سبحانە وتعالی باشتر ئەزانێت چی هۆکاری چییە.

ب. تاقیکردنەوەی کەسانی ڕاستگۆ و شارەزا سەلماندبێتی. چونکە ئەشێ بە تاقیکردنەوە و تەجروبە هۆکارەکان بدۆزرێنەوە.

وە بە دەقەکان ئەڵێین شەرع، وە بە تاقیکردنەوەکان ئەڵێین قەدەر.

٢٦. هەركەس شتێك بكات بە هۆكار كە بەڵگەی شەرعی و قەدەریی لەسەر نییە، ئەوا كەوتووەتە شیركی بچووكەوە. وە گەر وابزانێت هۆكارەكان خۆیان بەبێ دەسەڵاتی خوا كاریگەرن ئەوا كەوتووەتە شیركی گەورەوە.

دوای ئەوەی سەرچاوەكانی زانینی هۆكارێتیمان زانی، واجبە لەسەرمان تەنها لەو سەرچاوانەوە ڕاستی و دروستی هۆكارەكان بسەلمێنین. وە گەر هاتوو كەسێك شتێكی سەلماند بەبێ بەڵگە لەو دوو سەرچاوەیەوە ئەوا كەوتووەتە شیركی بچووكەوە، چونكە بیروباوەڕی لەسەر شتێكی بێ بنەما داڕشتووە و وائەزانێت فلان شت هۆی فیسار شتە و لە ڕاستیشدا وا نییە. بۆنموونە: وابزانێت بە هەڵواسینی چاوەزار خوا لە بەڵا ئەیپارێزێت.

وە گەر هاتوو كەسێك وای دانا كە هۆكارەكان (چ شەرعی و قەدەری یان بێ بنەماكان) خۆیان بەبێ توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە شوێنەواریان هەیە و دەسەڵات بە خۆیانە، ئەوا كەوتووەتە شیركی گەورەوە لە پەروەردگارێتیدا، چونكە پێشتر زانیمان كە تەنها خوای گەورەیە گەردوون ئەبات بەڕێوە و، تەنها ئەوە وایكردووە شتەكان بن بە هۆكار و شوێنەواریان هەبێت، وە ئەمیش شتێكی كردووە بە پەروەردگار لەگەڵ خوای گەورەدا. بۆنموونە: وابزانێت بورجەكان خێر و شەڕ و سوود و زیانیان بەدەستە، چاوەزار خۆی توانای پاراستنی هەیە، ئاگر خۆی توانای سوتاندنی هەیە بێ دەسەڵاتی خوا.

شیركی بچووك: هەر شتێكە كە هۆكار بێت بۆ كەوتنە شیركی گەورەوە و دەقی قورئان یان سوننەت بە شیرك وەسفیان كردبێت. وە یەكسانكردنی مەخلوقێك یان زیاترە بە خوا سبحانە وتعالی لە تایبەتمەندییەكی خوای گەورەدا، یەكسانكردنێكی ڕێژەیی نەك ڕەها.

شیركی گەورە: یەكسانكردنی مەخلوقێك یان زیاترە بە خوا سبحانە وتعالی لە شتێكدا كە تایبەتە بە خواوە، یەكسانكردنێكی ڕەها و سەدا سەد.

خشتەی جیاوازی نێوان شیرکی گەورە و بچوک

| شیرکی گەورە | شیرکی بچوك |
|---|---|
| هاوتاکردنی شتێك بە خوا بەشێوەی ڕەها و سەدا سەد لە شتێك لە تایبەتمەندییەکانی خوادا | هاوتاکردنی شتێك بە خوا لە تایبەتمەندییەکیدا بە شێوەی ڕێژەیی، یان کردن یان وتنی هەر شتێك کە هۆکاری شیرکی گەورەیە و بە شیرك وەسفکراوە لە دەقەکاندا |
| کەسەکە ئەباتە دەرەوەی ئیسلام | کەسەکە ناباتە دەرەوەی ئیسلام |
| بەتاڵکەرەوەی کردەوەکانە | کردەوەکان بەتاڵ ناکاتەوە |
| خاوەنەکەی شایەنی بەرائەتی ڕەهایە لەلایەن موسوڵمانانەوە | خاوەنەکەی شایەنی بەشێك لە بەرائەتە |
| خاوەنەکەی تا هەتایە لە ئاگرایە گەر تۆبەی لێ نەکات لە دونیا | خاوەنەکەی گەر خوای گەورە لێی خۆش نەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر سزا ئەدرێت پاشان ئەچێتە بەهەشتەوە |
| بۆنموونە: سوجدەبردن بۆ غەیری خوا، بڕوابوون بەوەی دەرمانەکان بە توانای خۆیان شیفا ئەدەن، وابزانێت ئەستێرە و بورج بەبێ توانای خوا خۆیان کاریگەرن لەسەر ژیانی خەڵك | بۆنموونە: ریابازیی، وابزانێت ئەستێرەکان کاریگەرییان هەیە بەسەر رزق و ژیان و مردن و هاوسەرگیری خەڵك بە ئیزنی خوا، چاوەزار بەویستی خوا پارێزەرە |

٢٧. ڕووداوەکانی زەوی نابەسترێنەوە بە ڕووداوەکانی ئاسمانەوە مەگەر بە بەڵگەی شەرع یان قەدەر.

گەر شتێك لە ئاسمان ڕوویدا نابێت بڵێین فلانە شت لەسەر زەوی ڕوودەدات بەهۆیەوە، یان بە پێچەوانەوە. مەگەر لە قورئان یان سوننەت سەلمابێت، یان تاقیکردنەوە و تەجروبە سەلماندبێتیان.

کەواتە ناکرێت بڵێین: گەر ئەستێرە و بورجەکان هەڵهاتن یان ئاوا بوون ئەوا ژیانی مرۆڤەکان وا و وایان لێ دێت، یان باران بەهۆیەوە ئەبارێت، یان گەر ئەستێرەیەك دەرکەوت داوای شتێکی لێ بکە بۆت جێبەجێ ئەکات، یان گەر خۆر و مانگ گیرا ئەوا نیشانەی مردن یان لەدایك بوونی کەسێکی خواناس و مەزنە.

﴿ صلَّى لنا رسولُ اللهِ صلَّى عليه وسلم صلاةَ الصُّبح بالحُدَيبيَةِ في إِثْرِ سماءٍ كانت من اللَّيلِ فلمَّا انصرَف أقبَل على النَّاسِ فقال: هل تدرونَ ماذا قال ربُّكم؟ قالوا: اللهُ ورسولُه أعلَمُ. قال: أصبَح مِن عبادي مُؤمِنٌ بي وكافرٌ فأمَّا مَن قال: مُطِرْنا بفضلِ اللهِ وبرحمتِه فذلكَ مُؤمِنٌ بي كافرٌ بالكوكبِ وأمَّا مَن قال: مُطِرْنا بنَوْءِ كذا وكذا فذلكَ كافرٌ بي مُؤمِنٌ بالكواكبِ (صحيح ابن حبان - ١٨٨) پێغەمبەری خوا بەرەبەیانێك دوای شەوێکی باراناوی چووە ناو خەڵکەوە و فەرمووی: ئایا ئەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟ وتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن. فەرمووی: لە عەبدەکانم ئیماندار و کافر پەیدابوون، جا هەرکەس وتی: بارانمان بەسەردا باری بە فەزڵی خوا و ڕەحمەتی، ئەوە ئیمانی پێم هەیە و کافرە بە هەسارەکە، وە هەرکەس وتی: بارانمان بەسەردا باری بەهۆی فلان و فلان ئەستێرە و هەسارەوە، ئەوە کافرە بە من و ئیمانی بە هەسارەکەیە ﴾.

﴿ إنَّ الشَّمْسَ والقَمَرَ لا يَنْكَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ، فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُمَا، فَصَلُّوا، وادْعُـوا حتَّـى يُكْشَـفَ ما بكُمْ (صحيح البخاري - ١٠٤٠) بەدڵنیاییەوە خۆر و مانگ ناگیرێن لەبەر مردنی کـەس، جا گەر بینیتانن نوێژ بکەن، وە دوعا بکەن تا ئەوەی لەسەرتانە لائەچێت ﴾.

بەڵام ئەشێ بڵێین: بەهۆی ئەستێرەکانەوە لە شەودا ڕێگە ئەدۆزرێتەوە لەسەر زەوی، وە بەهۆی خۆرەوە زەوی ڕووناك ئەبێتەوە و گەرم ئەبێت، وە بەهۆی خۆرەوە خۆرهەڵات و خۆرئـاوا و بـاکور و باشـووری زەوی ئەزانرێت، وە لەکاتی خۆرگیراندا ئازار بە چـاو ئـەگات گـەر تەماشـای خـۆر بکرێـت. چـونکە ئەمانە بەڵگەی شەرع و قەدەریان لەسەرە.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ (الأنعام - ٩٧) وە خوای گەورەیە ئەستێرەی بۆ دروستکردوون تا ڕێگای پێ بدۆزنەوە لە تاریکایی وشکانی و ئاودا، بەدڵنیاییەوە ئایەتەکانمان ڕوونکردۆتەوە بۆ قەومێك کە بـزانن ﴾.

٢٨. هۆکارە شەرعی و قەدەرییەکان کاریگەرن بەڵام بەتوانای خۆیان نا.

هۆکارە ڕاستەکان خوای گەورەیە کاریگەری پێیان بەخشیوە، وە هۆکارەکان خۆیان توانا و دەسەڵاتیان نییە بەبێ ویستی خوای گەورە. وە گەر خـوای گـەورە نەیـەوێت کاریگـەرییان نامێنێـت، یـان گـەر بیەوێت کاریگەرییان پێچەوانە ئەبێتەوە.

بۆنموونە: ئاگر خوای گەورەیە توانای سوتاندنی پێ بەخشیوە، وە ئاگر خۆی هیچ توانایـەکی نییـە. وە گەر خوای گەورە نەیەوێت ئاگر هیچ ناسوتێنێت. وە گەر خوای گەورە بیەوێت بـە پێچـەوانەوە ئـاگر ئەبێت بە هۆکاری ساردکردنەوە و بەستن (تَجمید).

﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ (الأنبيـاء - ٦٩) وتمـان ئـەی ئـاگر سـارد و سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم ﴾.

٢٩. هاوەڵـدانان بـۆ خـوای گـەورە لـە پەروەردگارێتیـدا پێشـەکی هاوەڵدانانـە بـۆی لـە خوایەتیدا.

گەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوای گەورە دابنێت لە شـتێك لـە پەروەردگارێتییەکەیـدا، ئـەوا ئـەوە ڕێگـە خۆشکەر ئەبێت بۆ ئەوەی ئەو شتەی لە پەروەردگارێتیدا کردوویەتی بە شەریکی خوای گەورە بیکات بە شەریکی لە خوایەتیشدا. چونکە گەر شتێك لە پەروەردگارێتی ببەخشێت بە مەخلوقێك، ئەوا ئەو مەخلوقە لەبەر چاویدا گـەورە ئـەبێت، وە ئـەو گەورەییـەی وا ئـەکات کـە لـە دواتـردا شـتێك لـە پەرستنەکانی بۆ تەرخان بکات. وە لە سەرەتاوە گەر خەسڵەتی پەروەردگارێتی بەو شتە نەبەخشـیایە، ئەوا هیچ پەرستنێکیشی بۆ تەرخان نەئەکرد و وەکو مەخلوقەکانی تر سەیری ئەکرد.

وە ئەمە حاڵی موشریکەکانە لەمڕۆدا هەروەك لە سەردەمانی کۆنیشدا وابـوو. چـونکە قـەومی نـوح علیه السلام بتەکانیان لەخۆڕا نەئەپەرست، ئیلا دوای ئەوەی توانـا و دەسـەڵاتی شـەفاعەتیان پێـدان لەلای خوا و، جیایان کردنەوە لە باقی مروڤەکان و پلەی زۆر بەرزیان پێدان. وە قەومی ئیبراهیم علیه السلام و قورەیش بتەکانیان نەئەپەرست، هەتا توانای سوود و زیانگەیاندن و بەڕێوەبردنی گەردوونیان پێدان. وە قەبرەکان تەوافیان نەکرا و سوجدەیان بۆ نەبرا، تا توانای بیستنی دوعا و پاڕانەوەی هەموو خەڵکی و گۆڕینی نوسراوی لەوحی مەحفوز و گۆڕینی قەدەر و سوود و زیانگەیاندن و بەخشینی منداڵ و چاککردنەوەی نەخۆشی و پێـدانی ڕزقیـان پێـدرا. وە پاشـا و حـاکم و دەسـەڵاتدار و سـەرۆکەکان نەپەرستران بە زیندوویی و سوجدە بۆ خۆیان یان بۆ وێنـەکانیان نـەبرا، تـا گوێرایـەڵی ڕەهایـان پـێ

بەخشرا و ڕەتکردنەوەی فەرمانیان یەکسان کرا بە ڕەتکردنەوەی فەرمانی خـوای گـەورە. وە لـەمڕۆدا پەرلەمان و یاساکانی نەپەرستران، هەتا قسە و دەستهەڵبڕینی کەسـەکانی نـاوی وەك فـەرمانی خـوا تەماشا نەکران کە هەرگیز ڕەتناکرێنەوە و هەڵە نـین، وە تـا بڕیـار و یاسـاکانی نەخرانـە ئاسـتێکی بەرزەوە کە گوێرایەڵی ڕەهایان هەیە و نابێت کەس هیچ یاسایەکی ڕەتبکاتەوە و تانەی لێبدات.

جا بۆیە خوای گەورە بەوە خوا بەتاڵـەکان ڕەتئەکاتـەوە و بـەتاڵییان ئەسـەلمێنێت لـە قورئانـدا، کـە سیفاتەکانی پەروەردگارێتییان نییە لە: (دروستکردن لە نەبوونەوە، سـوود و زیـان گەیانـدن، توانـا و دەسەڵاتی ڕەها، زانستی ڕەها، وەڵامدانەوەی داواکاری، هتد)، ئیتر چۆن ئەیانپەرستن؟

٣٠. تەوحیـدی پـەروەردگارێتی کـردەوەی دڵـە، وە تەوحیـدی خوایـەتی کـردەوەی دڵ و جەستەیە.

چونکە تەوحیدی پەروەردگارێتی چەند سیفەتێکە و تەنها بەوەندەی باوەڕیان پـێ بهێنیـت جێبـەجێت کردووە. لە: (بوونی خوا، دروستکەر لە نەبوونـەوە، زانـەری غـەیبی ڕەهـا، ڕزقـدەر لـە بنەڕەتـەوە، خاوەنداری ڕاستەقینە و بنەڕەتی شتەکان، بەڕێوەبەری گەردوون، هتد).

بەڵام تەوحیدی خوایەتی کردارە و، لەلای مرۆڤیش کردار دوو بەشە:

أ. کردەوەی دڵ: ترس، خۆشویستن، پشتبەستن، دڵسۆزی، هتد.

ب. کردەوەی جەستە: شایەتمان هێنان، زیکری خوا، قورئان خوێندن، نوێژ، ڕۆژوو، حەج، قوربانی، پاڕانەوە، هتد.

وە بەوەندەی کردارەکان بەگوێرەی شەرع بن و تەنها بۆ خوای گەورە بن خوایەتیت جێبەجێ کردووە.

### ٣١. تەوحیدی پەروەردگارێتی واجب و زەروریە بۆ تەوحیدی خوایەتی.

هەرکەس دانی بە تەوحیدی پەروەردگارێتیدا نا، ئەوا واجبە لەسەری دان بە تەوحیدی خوایەتیشدا بنێت، چونکە ئەو زاتەی خاوەنی سیفەتەکانی پەروەردگارێتییە هەر ئەویش شایەنی پەرستنە.

وە هەردوو بابەتەکە (پەروەردگارێتی و خوایەتی) پەیوەست و هۆگر (متلازم)ی یەکن، واتە گەر یەکێکیان هەبوو ئەوی تریش لەگەڵیدایە.

جا لەمەوە، گەر هاتوو بپرسین لە کەسێك: ئایە کێ دروستی کردوویت؟ وە کێ ڕزقت ئەدات؟ کێ موڵکی ئاسمانەکان و زەوی بەدەستە؟ لە وەڵامدا ئەڵێت: خوا (الله). وە گەر لێمان پرسی: ئەی کێ ئەپەرستیت؟ ئەبێت لە وەڵامدا بڵێت: خوا (الله). نەوەك بڵێت: لات، یان هوبەل، یان عەشتار (ئەمانە ناوی بتن کە لە کۆندا ئەپەرستران)، یان شەیتان، یان فیرعەون، یان بارزانی، یان تاڵەبانی، یان کاك ئەحمەدی شێخ، یان گەیلانی، هتد. یان بڵێت: هیچ ناپەرستم (وەکو جاهیلێکی ئەم سەردەمە کە ئەڵێت: خوا ناپەرستم وە خواش زۆر گەورەیە و لەوە گەورەترە بیپەرستم. وەگەر سەلما وای وتووە ئەوا بەو قسەیە کافر ئەبێت هەرچەندە دان بە بوون و گەورەیی خواشدا بنێت سبحانە وتعالی).

چونکە پەرستنی غەیری خوا، یان نەپەرستنی لەگەڵ دانانی بە سیفەتەکانی پەروەردگارێتیدا دژیەکییەکی ڕوونە. چۆن زاتێك ئەناسیت بەو هەموو گەورەیی و سیفاتە بەرزانەوە و غەیری ئەو ئەپەرستیت؟ چۆن غەیری ئەو ئەپەرستیت و ئەو دروستی کردوویت؟

﴿ سَأَلْتُ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، أيُّ الذَّنْبِ أعْظَمُ عِنْدَ اللَّهِ؟ قالَ: أنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا، وهو خَلَقَكَ (صحيح البخاري - ٧٥٢٠) پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد چ تاوانێك گەورەترینە لەلای خوا، فەرمووی: هاوتا بۆ خوا دابنێیت لەکاتێکدا ئەو دروستی کردوویت ﴾.

ئەی چۆن ناپپەرستیت لەکاتێکدا تەنها ئەو شایستەی پەرستنە؟ چۆن ناپپەرستیت لەکاتێکدا فەرمانی پێت کردووە بیپەرستیت، کڕنوشی بۆ ببەیت، زیکری بکەیت؟ چۆن ناپپەرستیت لەکاتێکدا تۆ موحتاجی ئەوەیت خوا بپەرستیت بۆئەوەی نەچیتە جەهەننەم و بچیتە بەهەشتەوە؟

جا دژیەکی موشریکەکە وەکو دژیەکی کەسێکە کە دوای ئەوەی دایکی خواردنێکی خۆشی بۆ دروستکردووە و تێر و پڕی کردووە، بچێت سوپاسی ژنە دراوسێکەیان بکات، وە گوێڕایەڵی ئەو بکات و بەدەم داوای ئەوەوە بچێت و پشت لە دایکی بکات. موشریکەکەش خوای گەورە دروستیکردووە و ئەو ڕزقی ئەدات، بەڵام غەیری ئەو ئەپەرستێت.

وە دژیەکی کافرەکەش وەکو دژیەکی و گومڕایی کەسێکی زۆر برسییە کە ماوەیەکی زۆرە هیچی نەخواردووە، وە کاتێك دایکی خواردنی بۆ حازر ئەکات و بۆی دائەنێت هیچی لێ ناخوات و دەمی بۆ نابات. وە کاتێك دایکی پێی ئەڵێت: کوڕم ئەوە بۆ هیچ ناخۆیت؟ لە وەڵامدا ئەڵێت: بۆیە هیچ ناخۆم چونکە خواردنەکەت لەوە خۆشترە منێکی برسی لێی بخۆم. کافرەکەش ئەڵێت: بۆیە خوا ناپەرستم چونکە لەوە گەورەترە من بیپەرستم. سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی عەقڵ و ئیمان.

٣٢. داننان بە تەوحیدی پەروەردگارێتییدا بەتەنها و بەبێ تەوحیدی خوایەتی بەس نییە بۆ حوکمدان بە موسوڵمانێتی، وە لە قیامەتدا سوودی نییە.

چونکە هەردوو تەوحیدەکە واجبن لەسەر مەخلوقات، وە هەردووکیان وابەستە و پەیوەست بەیەکن. وە ناکرێت کەسێك تەسلیمی پەروەردگارێتی ببێت و خوا نەپەرستێت، یان غەیری ئەو بپەرستێت. وە پەروەردگارێتی ڕێگەی گەشتنە بە خوایەتی، وە لە قورئاندا بۆ سەلماندنی خوایەتی خۆی خوای گەورە ئاماژە بە سیفەتەکانی پەروەردگارێتی ئەکات.

وە خوای گەورە لە باسکردنی هۆی دروستکردنی جنۆکە و ئینساندا باس لە پەرستنی خۆی ئەکات بە تەنها و بیٚ شەریك. ئیتر چۆن گەر کەسێك خوایەتی خوای گەورە نەپارێزێت بە موسوڵمان حسابە؟ یان لە قیامەت سوودمەندە؟

- ﴿ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (البقرة - ٢٢) ئەو خوایە زەوی بۆ کردوون بە ڕاخەر، وە ئاسمانی وەك سەقف لێکردووە، وە لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاندووە وە لەوەوە بەرهەمی بۆ دەرهێناون و کردوێتی بە رزق بۆتان، دەی ئێوە هاوەڵ بۆ خوا دامەنێن لەکاتێکدا ئەزانن هاوەڵەکان ئەوانەیان نەکردووە کە خوا کردوێتی ﴾.
- ﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يقولوا: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فمَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فقَدْ عَصَمَ مِنِّي مالَهُ ونَفْسَهُ إلَّا بحَقِّهِ، وحِسابُهُ علَى اللَّهِ (صحيح البخاري - ٦٩٢٤) فەرمانم پیٚ کراوە جەنگی خەڵك بکەم هەتا ئەڵێن: هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لە الله، جا هەرکەس وای وت، ئەوا پارە و نەفسی پارێزراوە لێم مەگەر بە حەقی خۆی، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوای گەورەیە ﴾.
- ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (محمد - ١٩) ئەی موحەممەد بزانە کە هیچ پەرستراوێکی حەق بوونی نییە جگە لە الله ﴾.
- ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا (الكهف - ١١٠) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ من مرۆڤێکم وەك ئێوە جیاوازیم ئەوەیە وەحیم بۆ دێت، وە وەحییەکەش ئەوەیە کە خواکەتان یەك خوایە، جا هەرکەس ئومێدی گەشتن بەپەروەردگارەکەی هەیە با کردەوەی چاك بکات، وە لە عیبادەتی پەروەردگارەکەیدا با هیچ کەس بە شەریك دانەنێت ﴾.

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (الذاريات - ٥٦) وه جن و ئینسم دروستنەکردووه تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت ﴾.

٣٣. باوەڕهێنان بە ناو و سیفاتەکانی خوا لە واجب و زەروورییەتەکانی پەروەردگارێتییە.

خوای گەورە خاوەنی ناو و سیفاتی بەرزە، وە یەکێك لە بابەتەکانی پەروەردگارێتی باوەڕهێنانە بە ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە.

﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِيٓ أَسْمَـٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (الأعراف - ١٨٠) وه خوای گەورە ناوە جوان و چاکەکانی هەیە دەسا پێیان بانگی بکەن، وە لەوانە بگەڕێن کە بێ باوەڕن بە ناوەکانی، سزای ئەوە وەرئەگرن کە ئەیانکرد ﴾.

﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ (الشورى - ١١) هیچ شتێك وەکو خوا نییە، وە ئەو بیسەر و بینەرە ﴾.

## بابەتی چوارەم

## ناساندنی تەوحیدی خوایەتیی

١. هیچ خوایەكی حەق بوونی نییە جگە لە الله عز وجل.

تەنها الله خوای حەقە، وە هەر شتێكی تر خوایەتییەكەی بـەتاڵ و پـووچ و درۆیـە، گەرچـی پێشـیان بوترێت خوا. وە تەنها خوای تاقانە (الله) شایستەی پەرستنە، وە هیچ شـتێكی تـر شـایەنی پەرسـتن نییە، وە پەرستنیان بەتاڵە.

وە ئەم بنەمایە واتا و پێناسەی لا ئیلاهە ئیللەڵایە.

﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (آل عمران - ١٨) الله خۆی شایەتی ئەدات كە هیچ خوایەكی حەق نییە جگە لەو، وە هەروەها فریشتەكانیش شایەتن وە زانایان بە دادپەروەرانە، هیچ خوایەكی حـەق نییـە جگـە لەو باڵادەست و كاربەجێیە ﴾.

﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (محمد - ١٩) بزانە كە هیچ خوایەكی حەق بوونی نییـە شـایەنی پەرستن بێت جگە لە الله ﴾.

٢. تەوحیدی خوایەتی لەخۆگری تەوحیدی پەروەردگارێتییە.

واتە گەر كەسێك باوەڕی بە خوایەتی الله هەبوو، وە وتی: تەنها ئەو شایەنی پەرستنە. ئەوا لە هەمان كاتدا وتوویەتی: الله بەدیهێنەر و ڕزقدەر و ژیێنەر و مرێنەر و خاوەن موڵك و بەڕێوەبەری گەردوونە.

٣. تەوحیدی خوایەتی ئەو تەوحیدەیە کە ناکۆکی هەبوو لەسەری لەنێوان پێغەمبەران و میللەتەکانیان.

پێغەمبەران بانگەوازی قەومەکانیان کردووە بۆ پەرستنی خوا بەتەنها و بێ شەریك و بێ هاوەڵ و بێ واستە، وە قەومەکانیان لەمەدا دژایەتییان کردوون و چوونەتەوە بەگژیاندا. وە وانەزانیت لە بابەتەکانی پەروەردگارێتیدا دژیان بوون، یان خوایان وەك پەروەردگار نەناسیوە و نەیانزانیوە پەروەردگارێك هەیە لە ئاسمان کە نابینرێت و ئەو دروستکەر و ڕۆزیدەرە. نەخێر بەڵکو چاك زانیویانە، بەڵام کێشەیان ئەوە بووە هاوەڵیان بۆی داناوە لە پەرستندا، وە واستە و هۆکاریان داناوە لەنێوان خۆیان و ئەودا.

- ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ (الزمر - ٣) بێگومان عیبادەتی پاك و بێ شیرك بۆ الله یە، وە ئەوانەی جگە لە خوا ئەولیایان داناوە بۆ خۆیان ئەڵێن ئەمانە ناپەرستین ئیللا بۆ ئەوەی لە خوا نزیکمان بکەنەوە ﴾.
- ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (٨٤) سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (٨٥) قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ (٨٦) سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ (٨٧) قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (٨٨) سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ (٨٩) (المؤمنون) بڵێ زەوی و ئەوەی تیایەتی هی کێیە گەر ئەزانن (٨٤) زوو ئەڵێن هی الله یە، بڵێ بۆ بیرناکەنەوە و باوەڕ ناهێنن (٨٥) بڵێ کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکە و پەروەردگاری عەرشی مەزنە (٨٦) زوو ئەڵێن هی الله یە، بڵێ بۆ تەقوا ناکەن و ناترسن (٨٧) بڵێ کێ موڵکی هەموو شتێکی بەدەستە، وە ئەو پەنای

بۆ ئەبرێت و کەس پەنادەری کەسێك نییە گەر ئەم سزای بدات (٨٨) زوو ئەڵێن هــی الله یــە، بڵێ چۆن گومڕا ئەبن و لە ڕێی ڕاست لائەدەن (٨٩) ﴾.

﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ (يونس - ٣١) پێیان بڵێ کێیە ڕزقی ئێوە ئەدات لە ئاسمان و زەوی، کێ توانای بیستن و بینینی ئێــوەی بەدەستە، وە کێ لە مردوو زیندوو دەرئەهێنێت وە لە زیندوو مردوو دەرئــەهێنێت، وە کێیــە کاروبار ڕائەپەڕێنێت، جا لە وەڵامدا ئەڵێن الله، بڵێ ئەی بۆ تەقوای خوا ناکەن ﴾.

﴿ فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ (العنكبوت - ٦٥) کاتێــك ســواری کەشــتییەکان ئــەبن هــاواری خــوا ئەکــەن بــە دڵسۆزی و بێ شیرك و ڕیا، وە کاتێك ڕزگاریان ئەکات بۆ وشکانی ئەوان شــەریك دائەنێنــەوە بۆ خوا ﴾.

﴿ إِنَّهُمۡ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسۡتَكۡبِرُونَ (٣٥) وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٖ مَّجۡنُونِۢ (٣٦) (الصافات) کافرەکان گەر پێیان بوترایە هــیچ خوایــەکی حــەق بــوونی نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله لووتبەرزتر ئەبوون (٣٥) وە ئــەڵێن ئایــا ئێمــە واز لــە خواکانمان بێنین بۆ شاعیرێکی شێت (٣٦) ﴾.

﴿ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ (ص - ٥) کافرەکان وتیان ئایــا خواکــانی کرد بە یەك دانە، ئەمە بەڕاستی شتێکی سەیرە ﴾.

وە لەمەوە هەڵەی ئەو کەسانەت بۆ دەرئەکەوێت کــە ئــەڵێن: پێغەمبــەران هــاتوون تــا بــوونی خــوا بسەلمێنن، یان: هاتوون تا بڵێن خوایەك هەیە لە ئاسمان و ئێوەی دروستکردووە.

٤. ئیسلام بوونی نییە مەگەر بە داننان بە خوایەتیدا.

ئەو کەسەی دان بە خوایەتی خوای گەورەدا نەنێت، یان دانی پێدا بنێت و لەگەڵیدا شتی تر بپەرستێت، ئەوا موسوڵمان نییە. چونکە الله خوای حەقە و تاقانە و بێ هاوەڵە. وە بناغەی ئیسلام لەسەر ئەم خوایەتییە دروستبووە و یەکەم واجبە لەسەر خەڵك، وە پێغەمبەران بۆ ئەوە هاتوون و کتێبەکان بۆ ئەوە دابەزیون، وە شیرك و کوفر پێچەوانە و هەڵوەشێنەرەوەیەتی.

وە ئەو کەسەی دان بە خوایەتی خوای گەورەدا بنێت بەتەنها، ئەوا موسوڵمانە لە ڕوکەشدا و حوکمی موسوڵمان بەسەریدا ئەدرێت.

- ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێکی نییە، وە بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکەم ملکەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.
- ﴿ أُمِرْتُ أنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يقولوا: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فمَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، فقَدْ عَصَمَ مِنِّي مالَهُ ونَفْسَهُ إلَّا بحَقِّهِ، وحِسابُهُ علَى اللَّهِ (صحيح البخاري - ٦٩٢٤) فەرمانم پێ کراوە جەنگی خەڵك بکەم هەتا ئەڵێن: هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لە الله، جا هەرکەس وای وت، ئەوا پارە و نەفسی پارێزراوە لێم مەگەر بە حەقی خۆی، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوای گەورەیە ﴾.
- ﴿ مَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وكَفَرَ بما يُعْبَدُ مَن دُونِ اللهِ، حَرُمَ مالُهُ ودَمُهُ، وحِسابُهُ علَى اللَّهِ (صحيح مسلم - ٢٣) هەرکەس بڵێت لا اله الا الله، وە بێ باوەڕبێت بە هەرشتێك لە غەیری خوا بپەرسترێت، پارە و خوێنی حەرامە، وە لێپرسینەوەی لەسەر خوایە ﴾.

٥. الله خوای حەقە، وە ئەوانەی لەبری خوا هاواریان ئەکرێت بەتاڵ و پووچن.

تەنها الله خوای حەقە، وە خواکانی تر خوای بـەتاڵن هەرچـەندە پێیـان بوترێـت خـوا، وە هەرچـەندە بپەرسترێن. وە هیچ کامیان سیفەتەکانی پەروەردگارێتییان نییە هـەتا سـیفەتی خوایـەتی وەرگـرن و بپەرسترێن و هاواریان بکرێت و شەفاعەت بۆ خەڵك بکەن.

کەواتە لەمەوە، ئەو شتانەی کە ئەپەرسترێن و هاواریان ئەکرێت لە: بت، ئاژەڵ، قەبر، پاشا، سەرۆك، زانا، پیاوچاك، پێغەمبەران، شەیتانەکان، فریشتەکان، هتد. هەموویان بـەتاڵن. وە تـەنها هـاوار لـە خوا ئەکرێت.

- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ (الحج - ٦٢) بـەم شـێوازە الله خوای حەقە، وە ئەوانەی لەبری ئەو هاواریان ئەکرێت بەتاڵن ﴾.
- ﴿ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (یوسف - ٤٠) ئەوانەی جگە لە خوا ئەیانپەرستن هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك ناو ئێوە و باوك و باپیرتان ناوتان ناون، الله هیچ بەڵگەیەکی لەسـەر ڕاسـتییان نـەناردووە، حـوکم تـەنها بـۆ خوایە، فەرمانی کردووە هیچ نەپەرستن تەنها خۆی نەبێت، ئەوە دینی ڕاسـتە بـەڵام زۆربـەی خەڵکی نازانن ﴾.
- ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ (الزمر - ٣) بێگومان عیبادەتی پاك و بێ شیرك بۆ الله یە، وە ئەوانەی جگە لـە خـوا ئەولیایان داناوە بۆ خۆیان ئەڵێن ئەمانە ناپەرستین ئیللا بۆ ئەوەی لە خوا نزیکمـان بکەنـەوە ﴾.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ
(١٩٤) أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ
لَهُمۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۗ قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ (١٩٥) إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ
ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ (١٩٦) وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَطِيعُونَ
نَصۡرَكُمۡ وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ (١٩٧) وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَسۡمَعُواْۖ وَتَرَىٰهُمۡ
يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ وَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ (١٩٨) (الأعراف) ئەوانەی لەبری خوا هاواریان ئەکەن وەك
ئێوە عەبد و مەخلوقن، جا بانگیان بکەن با وەڵامتان بدەنەوە گەر ڕاست ئەکەن (١٩٤) ئایا
قاچیان هەیە و پێی بڕۆن، یان دەستیان هەیە بیوەشێنن، یان چاویان هەیە پێی ببینن، یان
گوێیان هەیە پێی ببیستن، بڵێ شەریکەکانتان بانگ بکەن، پاشان پلانم لێ بگێڕن و مۆڵەتم
مەدەن (١٩٥) پشتیوان و سەرخەرم الله یە کە کتێبی دابەزاندووە، وە خۆی سەرپەرشتی
پیاوچاکان ئەکات (١٩٦) وە ئەوانەی لەبری ئەو ئەیانپەرستن ناتوانن سەرتانبخەن وە
سەرخەری خۆشیان نین (١٩٧) وە گەر بانگیان بکەن بۆ ڕێی ڕاست گوێبیست نین، وە
ئەیانبینیت سەیرت ئەکەن و ناشبینن (١٩٨) ﴾.

﴿ إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ (٩٨) لَوۡ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ
ءَالِهَةٗ مَّا وَرَدُوهَاۖ وَكُلّٞ فِيهَا خَٰلِدُونَ (٩٩) لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَهُمۡ فِيهَا لَا يَسۡمَعُونَ (١٠٠)
(الأنبياء) ئێوە و ئەوانەشی ئەیانپەرستن جگە لە خوا سووتەمەنی جەهەننەمن، هەمووتان
ئەچنە ناوی (٩٨) گەر ئەوانە خوا بوونایە نەئەچوونە ئاگرەوە، وە هەموویان تیایدان تاهەتایە
(٩٩) دەنگی هەناسەدانیان دەردەچێت تیایدا وە لە ناویا هیچ نابیستن (١٠٠) ﴾.

﴿ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ
مُّسَمّٗىۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ (١٣)
إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ

بِشِرۡكِكُمۡۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ (١٤) (فـاطر) خـوای گـەورە شـەو ئەخاتـە نـاو ڕۆژەوە و ڕۆژ ئەخاتە ناو شەوەوە وە خۆر و مانگی ژێربار کـردووە، هەریـەکێکیان بـۆ کـاتی دیـاریکراوی ئەڕوات، ئەوە الله یە پەروەردگارتان موڵك هـی ئـەوە، وە ئەوانـەی جگـە لـەو ئەیانپەرسـتن هێندەی پەردەی ناوکە خورمایەکیان بەدەست نییە (١٣) وە گەر بانگیـان بکـەن گوێیـان لـە هاوارتان نییە، وە گەر گوێشیان لێ بووایە وەڵامیان نەئەدانەوە، وە لە قیامەتدا خۆیان بـەری ئەکەن لەو شیرکەتان، وە هیچ کەس وەك خوای شارەزا ئەم هەواڵانـەت پـێ ناگەیـەنێت (١٤) ﴾.

﴿ هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ (غافر - ٦٥) خوای گەورە هەمیشـە زیندووە، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، بیپەرستن بە دڵسۆزییەوە ﴾.

﴿ فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ (غافر - ١٤) عیبادەتی خوا بکەن بـە دڵسۆزییەوە، با کافرانیش پێیان ناخۆش بێت ﴾.

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ (غافر - ٦٠) پەروەردگارتان فەرمووی لـێم بپاڕێنـەوە و وەڵامتان ئەدەمەوە ﴾.

﴿ كنتُ خلفَ رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يومًا قال يا غـلامُ، إنـي أعلِّمُـك كلمـاتٍ: احفَـظِ اللهَ يحفَظْك، احفَظِ اللهَ تجِدْه تُجاهَك، إذا سألتَ فاسألِ اللهَ، وإذا استعنْتَ فاستعِنْ بـاللهِ، واعلـمْ أنَّ الأمةَ لو اجتمعتْ على أن ينفعـوك بشـيءٍ، لم ينفعـوك إلا بشـيءٍ قـد كتبـه اللهُ لـك، وإنِ اجتمعوا على أن يضُرُّوك بشيءٍ لم يضُروك إلا بشيءٍ قـد كتبـه اللهُ عليـك (سـنن الترمـذي - ٢٥١٦) پێغەمبەری خوا بە ئیبن عەباسی فەرمووز: ئەی لاو من چـەند شـتێکت فێـر ئەکـەم، خوا بپارێزە ئەتپارێزێت، خوا بپارێزە بەرەو ڕووت ئەیبینیتەوە، گەر هاوار و پاڕانـەوەت کـرد لە خوا بپاڕێرەوە، وە گەر داوای یارمەتیت کرد لە خوا داوابکە، وە بزانە گەر هەموو ئۆمـەت کۆببنەوە سودێکت پێ بگەیەنن سوودت پـێ ناگەیـەنن مەگـەر بـە شـتێك کـە خـوا بـۆتی

نوسیبێت، وە گەر کۆببنەوە زیانێکت پێ بگەیەنن زیانت پێ ناگەیەنن مەگەر بە شتێك کە خوا لەسەرتی نوسیبێت ﴾.

٦. عیبادەت مافی بێ خەوش و خاوێنی خوایە بەتەنیا.

واتە تەنها خوای گەورە مافی ئەوەی هەیە بپەرسترێت، وە هیچ شتێکی تر شایەنی پەرستن نییە. جا ئەو شتە هەرچەندە پلە و پایەی دینی یان دونیایی بەرزبێت، لە: فریشتەکان، پێغەمبەران، پیاوچاکان، مەلا، شێخی تەریقەت، سەرۆکی وڵات، سەرۆکی حیزب، هتد.

- ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (الذاريات - ٥٦) وە جنۆکە و ئینسانم دروستنەکردووە ئیللا بۆ ئەوەی بمپەرستن ﴾.
- ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّـٰغُوتَ (النحل - ٣٦) وە بەدڵنیاییەوە لەناو هەموو ئۆمەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە، کە بە ئۆمەتەکەیان وتووە الله بپەرستن و لە شەیتان و لەسنوردەرچووەکان و پەرستراوە بەتاڵەکان دووربکەونەوە ﴾.
- ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥٓ (الأعراف - ٥٩) بەدڵنیاییەوە نوحمان نارد بۆ قەومەکەی، جا وتی هۆ قەومەکەم الله بپەرستن هیچ خوایەکتان نییە جگە لەو ﴾.
- ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ (آل عمران - ١٨) الله خۆی شایەتی ئەدات کە هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، وە هەروەها فریشتەکانیش شایەتن وە زانایان بە دادپەروەرانە، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو باڵادەست و کاربەجێییە ﴾.

﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئـەی موحەممـەد پێیـان بڵـێ نوێـژ و حـەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێکی نییـە، وە بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکەم ملکەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.

٧. هەر شتێك خوا خۆشیئەوێت و پێی ڕازییە عیبادەتە.

هەر کردار و گوفتارێك خوای گەورە خۆشی بوێت، ئەوا ئەچێتە قـاڵبی عیبادەتـەوە. لـە: شـایەتمان، قورئان خوێندن، زیکر، نوێژ، ڕۆژوو، حەج، تەوحید، فەرمان بەچاکە، ڕێگری لە خراپە، جیهاد، هتد.

٨. خوا سبحانـە وتعالی بەوە ئەپەرسترێت کە لە شەرعدا دایناوە، وە ناپەرسترێت بەو شتەی هەوا و ئارەزووە و داهێنراوە.

﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيۡهِ وَكِيلًا (الفرقان - ٤٣) ئایا نابینیـت ئـەو کەسەی هەوای خۆی کردووە بە خوا، ئایا تۆ ئەی موحەممەد بەزۆر هیدایەتی ئەدەیت ﴾.

﴿ مَن أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هـذا مـا لـيسَ فِيـهِ، فَهـو رَدٌّ (صـحيح البخـاري - ٢٦٩٧) هەرکـەس شتێك لەم دینەماندا دابهێنێت کە تیای نییە ڕەتئەکرێتەوە ﴾.

﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيۡكُم مَّا حُمِّلۡتُمۡۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهۡتَدُواْۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ (النـور - ٥٤) بڵـێ گوێڕایـەڵی خـوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، جا گەر پشتیان هەڵکرد ئەوا پێغەمبـەر ئـەوەی لەسـەرە کـە دیـن

بگەیەنێت، وە ئێوەش لێپرسینەوەتان لێ ئەکرێت لەسەر ئەوەی لەسەرتانە، وە گەر گوێرایەڵی بکەن هیدایەت وەرئەگرن، وە جگە لە گەیاندنی ڕوون هیچ لەسەر پێغەمبەر نییە ﴾.

- ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (آل عمران - ٣١) بڵێ گەر خواتان خۆش ئەوێت شوێنم بکەون خوا خۆشتانی ئەوێت و لە تاوانتان خۆش ئەبێت، وە خوا لێبووردە و بەبەزەییە ﴾.

٩. هەموو داهێنانێك لە دیندا ڕەتئەکرێتەوە.

چونکە بابەتەکانی دین تەوقیفین، واتە لەسەر بوونی دەقی ڕاست و ڕوون وەستاون. ئەگەر دەق باسی شتێکی کردبوو ئەوا جێبەجێی ئەکەین و، گەر باسی نەکردبوو لێی بێدەنگ ئەبین.

وە شێوازی داهێنانکردن لە دیندا زۆرە، لەوانە:

- داهێنانی عیبادەتێك کە ئەسڵ و بناغەی نییە. وەك: مەولودی پێغەمبەر، تەوافی قەبر، هاوارکردنی غەیری خوا، دەف لێدان، لەخۆدان و خۆ بریندار کردن لە ساڵیادی وەفات یان کوژرانی کەسوکاری پێغەمبەردا (آل البیت).
- داهێنان لە هۆکاری عیبادەتدا، بەشێوەیەك کە عیبادەتەکە لە شەرعدا هاتووە و دەقی لەسەرە، بەڵام هۆکارێك بۆ ئەنجامدانی دائەهێنن کە دەقی لەسەر نییە. وەك: فاتیحە دادان لەسەر قەبری مردوو، فاتیحە دادان لە تەعزیێ، فاتیحە دادان لەکاتی مارەبڕیندا.

١٠. سوود لە وشەی تەوحید وەرناگیرێت تا مەرجەکانی جێبەجێ ئەکرێن و ڕێگرییەکانی (هەڵوەشێنەرەوەکانی) ناهێڵرێن.

وشەی تەوحید واتە شایەتمان: لا إله إلا الله محمد رسول الله.

گەر کەسێك شایەتمان بهێنێت سوودی نییە بۆی هەتا مەرجەکانی بەجێ دێنێت، وە کۆمەڵێك ڕێگریی هەیە لەسەر ڕێی لایان ئەبات.

مەرجەکان حەوتن، وە ڕێگرییەکانیش حەوتن و هەر مەرجێك پێچەوانەکەی ڕێگرییەکە:

| مەرجەکان | ڕێگرییەکان |
|---|---|
| زانینی تەوحید (عِلم) | نەزانینی تەوحید (جَهل) |
| دڵسۆزی لە دەربڕیندا (إخلاص) | ڕیابازی (ریاء) |
| خۆشویستن (محبة) | ڕقلێبوونەوە (بُغض) |
| دڵنیایی (يَقين) | شك و دوودڵی (شَك) |
| ڕاستگۆیی (صِدق) | درۆکردن (كَذِب) |
| تەسلیم بوون (إستِسلام) | ملکەچ نەبوون (عَدَم الإستِسلام) |
| بێ باوەڕبوون (کافر بوون) بە خوا بەتاڵەکان | باوەڕهەبوون بە خوایەکی بەتاڵ یان زیاتر |

کەواتە ئەو کەسەی کە وشەی تەوحید ئەڵێت، ئەبێت واتای تەوحید بزانێت نەوەك جاهیل و نەفام بێت پێی، وە دڵسۆزانە بیڵێت نەوەك ڕیاباز و دنیاویستانە، وە تەوحیدی خۆشبوێت نەوەك ڕقی لێی ببێتەوە، وە دڵنیایی و یەقینی هەبێت نەوەك لە دوودڵی و گوماندا بێت، وە ڕاستگۆیانە بیڵێت نەوەك بە درۆوە، وە خۆی ڕادەستی بکات نەوەك گوێڕایەڵی نەکات، وە باوەڕی بە خوایەتی هیچ خوایەکی بەتاڵ نەبێت نەوەك باوەڕی بەوەبێت خوای تر شەریکن لەگەڵ الله دا.

وە وشەی تەوحید سوودی نییە لەگەڵ کەوتنە ناو هەڵوەشێنەرەوەکانی.

- ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (محمد - ١٩) ئەی موحەممەد بزانە کە هیچ خوایەك نییە حەق بێت و شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله ﴾.
- ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ (الزمر - ١١) بڵێ من فەرمانم پێکراوە کە خوا بپەرستم بەدڵسۆزی و بێ شیرك ﴾.
- ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ (الحجرات - ١٥) بەدڵنیاییەوە ئیمانداران ئەوانەن کە ئیمانیان بە خوا و پێغەمبەر هێناوە، پاشان دوودڵ نەبوون، وە بە سامان و نەفسیان جیهادیان کردووە لەپێناو خوا، ئەوانەن ڕاستگۆکان ﴾.
- ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِ (البقرة - ١٦٥) وە لەناو خەڵکیدا تیایانە هاوەڵ بۆ خوا دائەنێت وەك خوا خۆشیان ئەوێن، وە ئیمانداران خوایان زیاتر خۆشئەوێت لەوان ﴾.
- ﴿ ما مِن أحَدٍ يَشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، صِدْقًا مِن قَلْبِهِ، إلَّا حَرَّمَهُ اللَّهُ علَى النَّارِ (صحيح البخاري - ١٢٨) هیچ کەس نییە شایەتی بدات کە هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لە الله وە موحەممەد پێغەمبەری الله یە، ڕاستگۆیانە لە دڵیەوە، ئیللا خوای گەورە لە ئاگر حەرامی ئەکات ﴾.
- ﴿ إِنَّهُمۡ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسۡتَكۡبِرُونَ (الصافات - ٣٥) ئەو کافرانە گەر پێیان بوترایە لا اله الا الله لوتبەرزی و فیز ئەیگرتن و ملکەچی نەئەبوون ﴾.

﴿ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا (البقرة -٢٥٦) جا هەرکەس کوفر بە طاغوت بکات و ئیمان بە خوا بێنێت، ئەوا دەستی بە ئیمانەوە گرتووە و ناشپچڕێت ﴾.

١١. خوا ئەوەیە کە دڵ ئەیپەرستێت بە تەواوی خۆشەویستی و بەگەورەدانان و ڕێز و پیرۆزی و ترس و ئومێدەوە.

موسوڵمان عیبادەتەکانی بە شێوەیەك ئەکات کە ئەم سیفەتانەی تیا کۆبووبێتەوە. بۆنموونە: نوێژ ئەکات چونکە خوای خۆش ئەوێت، وە بەگەورەی دائەنێت، وە ڕێزی ئەگرێت، وە بە پیرۆزی ئەزانێت، وە لێی ئەترسێت، وە ئومێدی پێی هەیە. وە هەروەها لە هەموو عیبادەتەکانی تردا بەم شێوەیەیە.

وە هەر شتێك بەم شێوازە و بە ڕەهایی مامەڵەی کرا ئەوا کراوە بە خوا.

١٢. هەرکەس غەیری خوا هاوتا بکات بە خوا لە شتێك لە تایبەتمەندییەکانی خوایەتییەکەیدا، ئەوا شیرکی کردووە لە تەوحیدی خوایەتیدا.

چونك هەرشتێك تایبەت بوو بە خوای گەورەوە، ئەوا حەرامە هاوەڵی بۆ دابنرێت تیایدا. وە خوای گەورە بێ هاوەڵە لە تایبەتمەندییەکانی خوایەتییدا.

بۆنموونە: هەرکەس سوجدە بۆ غەیری خوا ببات شیرکی کردووە، وە هەرکەس لە غەیری خوا داوای لێخۆشبوونی تاوان بکات لە تاوانێك کە بەرامبەر خوای گەورە کردوویەتی شیرکی کردووە، هەرکەس نوێژ و ڕۆژوو و نەزر و قوربانی بۆ غەیری خوا بکات شیرکی کردووە. وەهەروەها.

﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێکی نییە، وە بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکەم ملکەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.

﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ (٩٧) إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٩٨) (شعراء) کافران بە خواکانیان ئەڵێن لە ئاگردا: سوێند بە خوا لە گومڕاییەکی ڕووندا بووین (٩٧) کاتێك ئێوەمان هاوتا و یەکسان ئەکرد بە پەروەردگاری جیهانیان (٩٨) ﴾.

﴿ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (البقرة - ٢٢) جا هاوتا بۆ الله دامەنێن کاتێك ئەزانن تەنها الله پەروەردگارە ﴾.

﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ (الفاتحة - ٥) پەروەردگار تەنها تۆ ئەپەرستین و داوای یارمەتی تەنها لە تۆ ئەکەین ﴾.

١٣. شیرکی خوایەتی لقی شیرکی پەروەردگارێتییە.

واتە شیرك لە بنەڕەتدا لە پەروەردگارێتیدا ڕوو ئەدات پاشان سەرئەکێشێت بۆ خوایەتی. بۆنموونە: سەرەتا وا ئەزانێت مردووەکە توانای شەفاعەتی هەیە، یان ڕزقی بەدەستە، یان منداڵ بەخشینی بەدەستە، پاشان دواتر سوجدەی بۆ ئەبات و هاواری ئەکات و تەوافی قەبرەکەی ئەکات.

کەواتە شیرکی خوایەتی لقێکە لە شیرکی پەروەردگارێتیی و، گەر شیرك لە پەروەردگارێتیدا نەبێت لە خوایەتیشدا ڕوو نادات. چونکە گەر ڕەگ نەبێت لق و پۆپیش نابێت.

هەر بۆیە گەر سەرەتا بەر بە شیرك لە پەروەردگاریێتیدا بگیرێت، ئـەوا بـەر بـە شـیرك لـە خوایەتیـدا ئەگیرێت. وە خوای گەورە و پێغەمبەران کاتێك خوایەتی خوا بەتاڵـەکان پوچـەڵ ئەکەنـەوە، سـەرەتا پەروەردگاریێتییەکەیان بەتاڵ ئەکەنەوە.

◆﴿ وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِبۡرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيًّا (٤١) إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ شَيۡـٔٗا (٤٢) (مریم) تۆ لەم قورئانە باسی ئیبراهیم بکە، ئەو ڕاستگۆ و پێغەمبەر بوو (٤١) کاتێك کە بە بـاوکی وت: هـۆ باوکـە بـۆ عیببـادەتی شـتێك ئەکەیت نابیستێت و نابینێت و هیچ سوودێکی بۆت نییە (٤٢) ﴾.

◆﴿ قَالُواْ نَعۡبُدُ أَصۡنَامٗا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ (٧١) قَالَ هَلۡ يَسۡمَعُونَكُمۡ إِذۡ تَدۡعُونَ (٧٢) أَوۡ يَنفَعُونَكُمۡ أَوۡ يَضُرُّونَ (٧٣) (الشعراء) قـەومی ئیـبراهیم وتیـان ئێمـە بـت ئەپەرسـتین و بەدیاریانەوە ئەمێنینەوە و لـە چـواردەوریانین (٧١) ئیـبراهیم وتـی ئایـا گوێبیسـتتانن کـە هاواریان ئەکەن (٧٢) یان سودتان پێ ئەگەیەنن یان زیان (٧٣) ﴾.

◆﴿ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (البقرة - ٢٢) پەروەردگار ئەو زاتەیە کە زەوی بۆ کردوون بە ڕاخـەر، وە ئاسمـانی وەك سـەقف لێکـردووە، وە لـە ئاسمانـەوە ئـاوی دابەزاندووە جا بەهۆیەوە بەروبومی دەرکردووە وەك رزق بۆ ئێوە، جا هاوتـا بـۆ الله دامـەنێن کاتێك ئەزانن تەنها الله پەروەردگارە ﴾.

١٤. هەركەس داواى يارمەتى بكات لە غەيرى خوا لە بابەتێكدا كە غەيرى خوا تواناى بەسەردا نييە ئەوا شيركى كردووە.

داواكردن بەپێى داواكراوەكە دوو جۆرە:

أ. داواكراوێك كە لە تواناى خوا و غەيرى خواشدايە. بۆنموونە: داواكردنى يارمەتى لە هەڵگرتنى بارێكى قورسدا، داواى يارمەتى لە دكتۆرێك لە چارەسەرى نەخۆشيدا، داواى يارمەتى لە دەوڵەمەند بۆ هەژار و دەستكورت، داواى يارمەتى لە شتنى جل و بەرگدا، داواى دوعا، داواى ئاو، هتد.

ب. داواكراوێك كە لە تواناى غەيرى خوادا نييە. بۆنموونە: ڕزقدان لە بنەڕەتەوە، زيادبوونى بەرەكەت، پێدانى منداڵ لە بنەڕەتەوە، چارەسەرى نەخۆشى لە بنەڕەتەوە، داواى لێخۆشبوون لە تاوان، داواى بەهەشت و پاراستن لە سزاى ئاگر و گۆڕ، داواى قبوڵكردنى عيبادەتەكان.

جۆرى يەكەميان ڕێگەپێدراوە داوا لە غەيرى خوا بكرێت بەو مەرجەى: داوالێكراوەكە زيندوو بێت، وە حازر بێت و گوێى لە داواكە بێت، وە لە تواناىدا بێت يارمەتى بدات. وە داواكارەكە سەرەتا پشت بە خواى گەورە ببەستێت و بزانێت هەموو كارێك بەدەست خواى گەورەيە و، داوالێكراوەكە لە هۆكارێك زياتر هيچ نييە. وە باشترە لەم جۆرەدا مرۆڤ تا بتوانێت تەنها پشت بە خواى گەورە ببەستێت و ڕوو نەكاتە دروستكراوەكان و خۆى هەستێت بە ئەنجامدانيان.

جۆرى دووەميان حەرامە لە غەيرى خوا داوابكرێت و، هەركەس لە غەيرى خوا داواى بكات شيركى كردووە.

﴿ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ (الأحقاف - ٥) کێ لەو کەسە گومڕاترە کە جگە لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە لە کەسێك کە تا قیامەت وەڵامی ناداتەوە، وە لە هاوار و پاڕانەوەیان بێ ئاگان ﴾.

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ (البقرة - ١٨٦) موحەممەد گەر عەبدەکانم پرسیاری منیان لێت کرد ئەوا من نزیکم لێیانەوە، وەڵامی دوعای ئەوە ئەدەمەوە لێم ئەپاڕێتەوە گەر لێم پاڕایەوە ﴾.

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ (غافر - ٦٠) وە پەروەردگارتان فەرموویەتی لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان ئەدەمەوە، ئەوانەی خۆیان بە گەورە ئەزانن لە بەرامبەر پەرستن و پاڕانەوەمدا بە زەلیلی ئەچنە جەهەننەمەوە ﴾.

﴿ يَدْخُلُ الجَنَّةَ مِن أُمَّتي سَبْعُونَ أَلْفًا بغيرِ حِسابٍ، هُمُ الَّذِينَ لا يَسْتَرْقُونَ، ولا يَتَطَيَّرُونَ، وعلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (صحيح البخاري - ٦٤٧٢) لە ئوممەتەکەم حەفتا هەزار بەبێ حساب ئەچنە بەهەشتەوە، ئەوانەن کە داوای روقیە ناکەن، وە هیچ بە شووم نازانن، وە پشت بە خوا ئەبەستن ﴾.

﴿ كُنَّا عِنْدَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، تِسْعَةً، أَوْ ثَمانِيَةً، أَوْ سَبْعَةً، فقالَ: أَلا تُبايِعُونَ رَسولَ اللهِ؟ وكُنَّا حَديثَ عَهْدٍ بِبَيْعَةٍ، فَقُلْنا: قدْ بايَعْناكَ يا رَسولَ اللهِ، ثُمَّ قالَ: أَلا تُبايِعُونَ رَسولَ اللهِ؟ فَقُلْنا: قدْ بايَعْناكَ يا رَسولَ اللهِ، ثُمَّ قالَ: أَلا تُبايِعُونَ رَسولَ اللهِ؟ قالَ: فَبَسَطْنا أَيْدِيَنا وقُلْنا: قدْ بايَعْناكَ يا رَسولَ اللهِ، فَعَلامَ نُبايِعُكَ؟ قالَ: علَى أَنْ تَعْبُدُوا اللَّهَ ولا تُشْرِكُوا به شيئًا، والصَّلَواتِ الخَمْسِ، وتُطِيعُوا، (وَأَسَرَّ كَلِمَةً خَفِيَّةً)، ولا تَسْأَلُوا النَّاسَ شيئًا فَلَقَدْ رَأَيْتُ بَعْضَ أُولَئِكَ النَّفَرِ يَسْقُطُ سَوْطُ أَحَدِهِمْ، فَما يَسْأَلُ أَحَدًا يُناوِلُهُ إيَّاهُ (صحيح مسلم - ١٠٤٣) عەوفی کوڕی مالیك ئەفەرموێت: چەند نەفەرێك لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووین و پێی

فەرمووین: بەیعەت ئەدەن بە پێغەمبەری خوا؟ ئێمەش دەستمان درێژکرد بۆ بەیعەت و وتمان خۆ بەیعەتمان داوە پێت ئەی پێغەمبەری خوا، جا لەسەر چی بەیعەتت بدەینێ؟ فەرمووی: لەسەر ئەوەی تەنها الله بپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، وە پێنج نوێژەکە، وە گوێرایەڵ بن، (وە قسەیەکی بە نهێنی فەرموو)، وە داوای هیچ نەکەن لە خەڵکی. جا هەندێك لەو نەفەرانەم بینی دواتر، گەر قامچی یەکێکیان بکەوتایە بەکەسی نەئەوت بیداتەوە دەستی ﴾.

﴿ عن عائشةَ أنَّها سُئِلت: ما كان الـنَّبيُّ صـلَّى اللهُ عليـه وسـلَّم يعمَلُ في بيتِـه؟ قالـت: كـان يَخيطُ ثوبَه ويخصِفُ نعلَه ويعمَلُ ما يعمَلُ الرِّجالُ في بيوتِهم (صحيح ابن حبان - ٥٦٧٧)

پرسیار لە عائیشە خێزانی پێغەمبەر کرا ڕەزای خوای لێ بێت: پێغەمبەر چی ئەکرد لە ماڵی خۆیدا؟ فەرمووی: جلەکانی خۆی ئەدوری، وە نەعلەکانی خۆی ئەدوری، وە ئەوەی ئەکرد کە پیاوان لە ماڵەوە ئەیکەن ﴾.

١٥. هەرکەس نەزر بۆ غەیری خوا بکات شیرکی کردووە.

نەزر ئەوەیە کە عەبد شتێك لەسەر خۆی واجب بکات کە لەسەری واجب نییە، لەبەر ڕووداوێك.

نەزر لە بنەڕەتدا ڕێپێنەدراوە. وە حەرامە گەر لە سەرپێچی خوای گەورەدا بوو، وەك بڵێت: نەزرە لەسەرم زینا بکەم، یان کەسێك بکوژم. وە حەرامە گەر لە بەرامبەر شتێکدا بوو کە خوای گەورە بیکات، بۆنموونە بڵێت: گەر خوای گەورە فلان شتم بۆ بکات منیش فلان شت ئەکەم. وە نەزر گەر لە سەرپێچی خوای گەورەدا نەبوو وە لە بەرامبەردا نەبوو، ئەوا لە بنەڕەتدا واجبە جێبەجێ بکرێت.

نەزر تەنها بۆ خوای گەورە ئەکرێت، چونکە نەزر عیبادەتە، وە عیبادەتەکانیش تەنها بۆ خوای گەورە ئەکرێن.

﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا (الإنسان - ٧) چاكەكاران گەر لە دنیا نەزرێكیان كردبێت جێبەجێیان كردووە، وە لە ڕۆژێك ئەترسن كە سزاكەی هەمووان ئەگرێتەوە مەگەر ئەوانەی خوا خۆی بیەوێت ﴾.

﴿ وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوۡ نَذَرۡتُم مِّن نَّذۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُهُۥ (البقرة - ٢٧٠) وە هەر نەفەقە و خێرێك بكەن یان نەزرێك بكەن ئەوا خوای گەورە ئەیزانێت ﴾.

﴿ مَن نَذَرَ أنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، ومَن نَذَرَ أنْ يَعْصِيَهُ فلا يَعْصِهِ (صحيح البخاري - ٦٦٩٦) هەركەس نەزری كرد گوێرایەڵی خوا بكات با گوێرایەڵی بكات، وە هەركەس نەزری كرد سەرپێچی خوا بكات با سەرپێچی نەكات ﴾.

١٦. هەركەس بۆ غەیری خوا ئاژەڵ سەربڕێت بە بەگەورەدانان و پەرستن، ئەوا شیركی گەورەی كردووە.

چونك ئاژەڵ سەربڕین بە بەگەورەدانان و پەرستن عیبادەتە، وە عیبادەتەكان تەنها بۆ خوای گەورە ئەكرێن. وە ئەمە جیایە لەوەی لەبەر ڕێز و خۆشەویستی و ئادابی میوانداری ئاژەڵ بۆ كەسێك سەربڕدرێت، وە ئەمەی دووەمیان ئاساییە.

﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێكی نییە، وە بەوە فەرمانم پێ كراوە و من یەكەم ملكەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.

﴿ وَلَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُواْ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجۡلٍ حَنِيذٖ

(هود - ٦٩) وه بەدڵنیاییەوە نێردراوانمان لە فریشتە هەواڵی خۆشی ئیسحاقیان بە ئیبراهیم دا، وە سەلامیان لێکرد، ئەویش سەلامی لێ کردن، زۆری نەخایاند گوێرەکەیەکی برژاوی هێنا ﴾.

١٧. عیبادەت بۆ خوای گەورە ناکرێت لە جێیەکدا کە هەمان جۆری عیبادەتی تیا بکرێت بۆ غەیری خوا.

لەبەر چەند هۆکارێك:

أ. تاوەکو موسوڵمان لە کافر جیابکرێتەوە.

ب. تاوەکو عیبادەتەکانی موسوڵمان خۆ چواندنی تیا نەبێت بە کافران.

ت. تاوەکو موشریکەکان وانەزانن کە موسوڵمانەکە شیرکەکەیان بە ڕاست ئەزانێت.

پ. بۆ ئەوەی عیبادەتە شیرکییەکان زیندوو نەبنەوە و گەشە نەکەن. وە شوێنە شیرکییەکان ئاوەدان نەبنەوە.

بۆنموونە: لە جێیەك ئاژەڵی بۆ غەیری خوا تیا سەرببڕدرێت، ئەوا موسوڵمان ئاژەڵی تیا سەرنابڕێت. وە لە شوێنێك هاواری غەیری خوا ئەکرا، ئەوا موسوڵمان هاواری خوا ناکات. وە لە شوێنێك سوجدە بۆ غەیری خوا ئەبرا، ئەوا موسوڵمان سوجدەی بۆ خوا تیا نابات.

﴿ نذرَ رجلٌ على عهدِ النبيِّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ أن يَنْحَرَ بِبُوَانَةَ فأتَى رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ فقال: إني نذرتُ أن أَنْحَرَ بِبُوَانَةَ. فقال لهُ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ: هل كان فيها وَثَنٌ من أوثانِ الجاهليةِ يُعبدُ. قال: لا. قال: فهل كان فيها عيدٌ من أعيادِهم. قال: لا.

فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ: أَوْفِ لِنَذْرِكَ فإنهُ لا وفاءَ بنذْرٍ في معصيةِ اللهِ ولا في قطيعةِ رَحِمٍ ولا فيما لا يَملكُ ابنُ آدمَ (السلسلة الصحيحة - ٦/ ٨٧٤) پیاوێك نەزری كرد قوربانی بكات لە جێگەیەك، جا هاتە لای پێغەمبەر و بۆی باسكرد، ئەویش فەرمووی: ئایا ئەو جێیە بتێك لە بتەكانی جاهیلییەتی تیابووە بپەرسترێت؟ وتی: نەخێر. فەرمووی: ئەی جەژنێكیانی تیا گێڕدراوە؟ وتی: نەخێر. فەرمووی: نەزرەكەت جێبەجێ بكە، چونكە نەزر جێبەجێ ناكرێت لە سەرپێچی خوادا، وە لە پچڕانی ڕەحمدا، وە لە شتێكدا كە مرۆڤ خاوەنی نەبێت ﴾.

- ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسۡجِدٗا ضِرَارٗا وَكُفۡرٗا وَتَفۡرِيقَۢا بَيۡنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَإِرۡصَادٗا لِّمَنۡ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبۡلُۚ وَلَيَحۡلِفُنَّ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّا ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ (١٠٧) لَا تَقُمۡ فِيهِ أَبَدٗاۚ لَّمَسۡجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقۡوَىٰ مِنۡ أَوَّلِ يَوۡمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِۚ (١٠٨) (التوبة) وە ئەوانەی مزگەوتێكی زیرار و كوفر و تەفرەقەیان لەنێوان ئیمانداران دروستكرد، وە بۆ ئەوەی ببێتە پەناگە بۆ ئەوانەی دوژمنایەتی خوا و پێغەمبەریان كرد لەپێشوودا، وە سوێند ئەخۆن كە مەبەستمان تەنها چاكە بووە، وە خوا شایەتە كە درۆ ئەكەن (١٠٧) موحەممەد هەرگیز نوێژ لەو مزگەوتەدا مەكە، مزگەوتێك لە ئەوەڵ ڕۆژەوە لەسەر تەقوا دروستكراوە شایەنترە نوێژی تیا بكەیت (١٠٨) ﴾.
- ﴿ من تشبَّهَ بقومٍ فهوَ منهم (صحيح أبي داود - ٤٠٣١) هەركەس خۆی بچوێنێت بە قەومێك ئەوا لەوانە ﴾.

١٨. هەرشتێك لە عیبادەت و عادەتی تایبەتی کافران بوو، حەرامە خۆچواندن پێیان تێیدا.

کەواتە لە دوو شتدا واجبە جیاوازبین لە کافران:

أ. مەراسیم و عیبادەتەکانیان. وەك: هەڵواسینی خاچ، سەردانی لالش، جەژنی نەورۆز، یۆگا، هتد.

ب. عادەتە تایبەتییەکانیان کە پێی ئەناسرێنەوە. وەك: سمێڵ هێشتنەوە و ڕیش تاشین، سفوری و ڕووتی، دۆستگرتن لە دەرەوەی هاوسەرگیری، تاتوو، هتد.

وە ئەو شتانەی کە هاوبەشن لەنێوان موسوڵمان و کافردا، یان تایبەت نییە بە کافرەوە، ئاساییە لەوان بچین. وەك: لێخوڕینی سەیارە، سەعات لەدەستکردن، هتد.

١٩. سوێند ناخورێت مەگەر بە خوا یان سیفەتێك لە سیفەتەکانی.

چونکە سوێند خواردن عیبادەتە. وە سوێند خواردن بە غەیری خوا بەناو یان سیفەتەکانی شیرکە.

نموونەی سوێندی شەرعی: بە خوا، وەڵا، بیللا، بە خوای کەعبە، بە خوای ئیبراهیم، بە قورئان، سوێند بە خوا، قەسەم بە خوا.

نموونەی سوێندی ناشەرعی: بە پێغەمبەر، بە کەعبە، بە شێخ قادر، بە سەری خۆم، بە سەری باوکم، بە گۆڕی شەهیدان، بە کوردستان، بە پیرۆزییەکان، بە کتێبی پیرۆز، بە مەسیح، بە ئیمامی عەلی، بە حسێن، بە پەراسووی زەهراء، بە نمەك، بە کەون، بە تەڵاقم.

وە سوێند خواردن بە قورئان سوێند خواردنە بە سیفەتێك لە سیفەتەكانی خوا، وە ڕێگـە پێـدراوە. وە بۆ سوێند خواردن پێی مەرج نییە دەست بخرێتە سەری یان بەدەستەوە بگیرێت، بەڵكو تـەنها بـە دەم سوێندەكە ئەخورێت.

- ﴿ مَنْ حَلَفَ بغيرِ اللهِ فقد كَفَرَ وأَشْرَكَ (سنن الترمـذي - ١٥٣٥) هەركەس سوێند بـە غـەیری خوا بخوات بەدڵنیاییەوە كوفر و شیركی كردووە ﴾.
- ﴿ ألا إنَّ اللَّهَ يَنْهاكُمْ أنْ تَحْلِفُوا بآبائِكُمْ، مَن كانَ حالِفًا فَلْيَحْلِفْ باللَّـهِ أوْ لِيَصْـمُتْ (صـحيح البخـاري - ٦٦٤٦) خوای گەورە نەهی كردووە سوێند بە باوانتان بخـۆن، هەركـەس سـوێندی خوارد با بەخوا بیخوات یان بێدەنگ بێت ﴾.

٢٠. هەركەس لە غەیری خوا بترسێت ترسی پەرستن و نهێنی ئەوا شیركی گەورەی كردووە.

گەر كەسێك لە شتێك بترسێت ترسی پەرستن ئەوا كردوویەتی بە هاوەڵی خوا، چونكە بە نهێنی و لـە دڵەوە تەنها لە خوای گەورە ئەترسرێت، لەبەر هێز و دەسەڵاتی ڕەهای خوای گـەورە و سـزای تونـد و قورسی. وە جگە لە خوای گەورە كەس خاوەن توانای ڕەها و سزای توند و جەهەننـەم نییـە، كەواتـە نابێت بەو شێوەیە لە غەیری خوا بترسرێت.

وە موشریكەكان هێندەی خوای گەورە لە بت و خواكانیان ئەترسن، چونكە وائەزانن بەتوانان و سزایان بەدەستە.

وە مەبەست لە نهێنی، نەبوونی هۆیەكی ئاشكرا و ڕاستەقینەیە هەتا ترسەكە لە جێی خۆیـدا بێـت، بەڵكو هیچ هۆیەك نییە لە ئارادا و كەسەكە تەنها لـە دڵـی خۆیـدا ئەترسـێت، وە ئـەو شـتەی لێـی ئەترسێت نە هەڕەشەی كردووە و نە ترساندوویەتی.

وە ئەمە جیایە لە ترس لە شتێك کە زیانی ڕاستەقینەیە و بە ئیزنی خوای گەورەیە، وەك: ترسان لە سەگ یان پڵنگ یان مار، ترسان لە دز و جەردە، ترسان لە جن و سیحر، ترسان لە هەورە بروسکە.

﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (آل عمران - ١٧٥) ئەوەی ئەتانترسێنێت و ترسی شوێنکەوتووەکانی ئەخاتە دڵتانەوە شەیتانە، جا لێیان مەترسن وە لە من بترسن گەر ئیماندارن ﴾.

﴿ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوْمًا نَّكَثُوٓاْ أَيْمَٰنَهُمْ وَهَمُّواْ بِإِخْرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ أَتَخْشَوْنَهُمْۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (التوبة - ١٣) ئایا ئێوەی موسوڵمان کوشتاری کەسانێك ناکەن بەڵێنیان هەڵوەشاندۆتەوە، وە ویستیان پێغەمبەر دەربکەن، وە ئەوان دەستپێشخەر بوون لە کوشتارتاندا، ئایا لێیان ئەترسن، خوای گەورە شایەنترە لێی بترسن گەر ئیماندارن ﴾.

٢١. ترسی سروشتی و فیتری عەبدی لەسەر لۆمە ناکرێت.

واتە ئاساییە کاتێك کەسێك لە شتێك ئەترسێت بە فیترەتی خۆی، یان لەبەر مەترسییەکی ڕوون و ئاشکرا، وە ئەمە ناچێتە ژێر بابەتی پێشووەوە.

وەك: ترس لە کوشتن، ترس لە زاڵم، ترس لە دەسەڵاتدار، ترس لە ئاژەڵی دڕندە، ترس لە دز و جەردە، ترس لە سیحر و جنۆکە، هتد.

﴿ فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِي رَبِّي حُكْمًا وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ (الشعراء - ٢١) موسا بە فیرعەونی وت: ڕامکرد لە دەستان کاتێك لێتان ترسام تۆڵە بسەنن لێم، وە پەروەردگارم حوکمی پێ بەخشیم و کردمی بە پێغەمبەر ﴾.

٢٢.	هەرکەس کاروباری ڕادەست بکات و بسپێرێت بە غەیری خوا (تَوَكُّل)، کاروبارێك کە غەیری خوا کەس توانای بەسەریدا نییە، ئەوا شیرکی گەورەی کردووە.

چونکە ئەو شتانەی کە غەیری خوا توانـای نییـە تێیانـدا، لـە تایبەتمەندییـەکانی خـوای گـەورەن و شەریکی نییە تیایاندا.

﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (المائدة - ٢٣) وە پشـت بـە خـوا ببەسـتن گـەر ئیماندارن ﴾.

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ (التوبة - ٥١) بڵێ هیچمان توش نابێت جگـە لـەوەی خـوا لەسـەری نوسـیوین، ئـەو پشـتیوانمانە، وە ئیمانداران با پشت بە اللە ببەستن ﴾.

﴿ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ (الطلاق - ٣) وە هەرکەس پشت بـە خـوا ببەسـتێت و کاروباری ڕادەست بکات خوای بەسە ﴾.

٢٣.	هەرکەس داوای یارمەتی لە غەیری خوا بکات (إستِعانة)، لە شـتێکدا کـە جگـە لـە خوا کەس توانای تێیدا نییە، ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجامداوە.

چونکە ئەو شتانەی کە تەنها خوای گەورە سبحانـە وتعالی دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە تایبەتن بەوەوە و، حەرامە هاوەڵی بۆ دابنرێت تیایاندا.

وە ئاساییە داوا لە دروستکراو (مخلوق)ـی زیندوو و ئامادە بکرێت، لەو شتەی کە لـە توانایدایـە. وە داوای یارمەتی ناکرێت لە مردوو وە ناحازر (غائب).

﴿ **وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ (الفاتحة - ٥)** وه تەنها داوای یارمەتی لە تۆ ئەکەین ئەی پەروەردگار ﴾.

٢٤. هەرکەس پەنا بە غەیری خوا بگرێت (إستِعاذة)، لەو بابەتەی کە جگە لە خـوا کـەس توانای نییە، ئەوا کەوتووەتە شیرکی گەورەوە.

لەمەوە، پەناگرتن بە مردوو یان ناحازر (غائب) لە هەر بابەتێکدا شیرکی گەورەیە. وە پـەناگرتن بـە مردوو یان زیندوو یان حازر یان نـا حـازر لـە لابردنـی موسـیبەت و نەخۆشـی و گرانـی و فیتنـە و وشکەسالّی و پاراستن لە سزای ئاگر، شیرکی گەورەیە، چـونکە ئەوانـە تـەنها خـوای گـەورە توانـای بەسەریاندا هەیە.

٢٥. هەرکەس داوای فریاکەوتن و بەهاناوەچوون (إستغاثة)، لە غەیری خوای گەورە بکـات لە بابەتێك کە غەیری خوا دەسەڵاتی نییە، ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجامداوە.

٢٦. هەرکەس لە بەینی خۆی و خوای گەورەدا هۆکار و شتێك دابنێت کە هاواری بکـات و داوای بەهاناوەچوونی لێبکات و کاروباری ڕادەستی بکات، ئەوا کوفری کردووە.

چونکە خوای گەورە ئـەو هۆکارانـەی لـە بـەینی خـۆی و عەبدەکانیـدا ڕەتکردۆتـەوە و بـە شـیرکی ناوبردووە. بۆنموونە: قەبر، بت، پیاوچاك، شێخ، زانا، خۆڵ، بەرد، دار، ئەستێرە، هتد.

﴿ **قُلۡ أَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ لَهُمۡ شِرۡكٞ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئۡتُونِي بِكِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ هَٰذَآ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٤) وَمَنۡ أَضَلُّ**

مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ (٥) وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ (٦) (الأحقاف) بلّێ ئەوانەی لەبری خوا ئەیانپەرستن و هاواریان ئەکەن، نیشانم بدەن چییان دروستکردووە لە زەوی، یان شەریکن لە ئاسمانەکاندا، کتێبێکم بدەنێ یان زانستێکی پێشوو وەك بەڵگە لەسەر ڕاستییان گەر ڕاستگۆن (٤) وە کێ لەو کەسە گومڕاترە کە جگە لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە لە کەسێك کە تا قیامەت وەڵامی ناداتەوە، وە لە هاوار و پاڕانەوەیان بێ ئاگان (٥) وە کاتێك خەڵکی حەشر ئەکرێت ئەبن بە دوژمنیان وە لە عیبادەتیان بەری ئەبن (٦) ﴾.

◆﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ (سبإ - ٢٢) بڵێ بانگی شەریکەکانتان بکەن، مسقاڵێکیان لە ئاسمانەکان و زەوی بەدەست نییە، وە شەریکی خواش نین تیایاندا، وە خوای گەورە پشت و پەنای نییە لەوان ﴾.

◆﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ (الزمر - ٣) بێگومان عیبادەتی پاك و بێ شیرك بۆ الله یە، وە ئەوانەی جگە لە خوا ئەولیایان داناوە بۆ خۆیان ئەڵێن ئەمانە ناپەرستین ئیللا بۆ ئەوەی لە خوا نزیکمان بکەنەوە، بەدڵنیایی خوای گەورە خۆی حوکم ئەکات لە قیامەتدا لەنێوان موسوڵمان و کافران لەو بابەتانەی تیایدا جیاوازن لە دیندا، خوای گەورە هیدایەتی کەسێك کە زۆر درۆزن و زۆر کافر بێت نادات ﴾.

◆﴿ فَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُعَذَّبِينَ (الشعراء - ٢١٣) لەگەڵ الله دا هاواری خوای تر مەکە دواتر لە سزادراوان ئەبیت ﴾.

٢٧. ڕیابازیی کردەوەکان بەتاڵ ئەکاتەوە گەر لە سەرەتای کردەوەکەوە هەبێت، یان لە کاتی ئەنجامدانیدا تێیکەوێت و کەسەکەش لەگەڵی بڕوات.

چونکە عیبادەتەکان تەنها بۆ خوای گەورە ئەکرێن بە دڵسۆزانە، وە داوای ڕەزامەندی کەسی تری تیا ناکرێت، لە: فریشتە، پێغەمبەر، پیاوچاك، خزم، دراوسێ، هتد.

جا ئەگەر ڕیابازیی لە سەرەتای عیبادەتەکە هاتە ناوی ئەوا بەتاڵە. وە ئەگەر لەناو عیبادەتەکەدا تێکەڵی بوو وە کەسەکەش پێی ڕازی بوو بەتاڵە. وە ئەگەر لەناو عیبادەتەکەدا تێکەڵی بوو، بەڵام پێی ڕازی نەبوو، وە دژایەتی کرد ئەوا عیبادەتەکە دروستە.

بۆنموونە: کەسێك نوێژ بکات و لە سەرەتای نوێژەکەیەوە نییەتی لە ئەنجامدانی ئەو نوێژە ڕازیکردنی خەڵك بێت، یان حەزبکات خەڵك مەدحی بکەن، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە. وە گەر لە سەرەتاوە بە نییەتی پاکەوە نوێژەکەی دابەستێت، بەڵام لە ڕکاتی دووەمدا ئەو ڕیابازییە هات و ئەمیش لەگەڵی ڕۆشت و ڕەتی نەکردەوە و پێی ڕازی بوو، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە. وە گەر لە ڕکاتی دووەم توشی بوو، بەڵام لەگەڵی نەڕۆشت و ڕازی نەبوو پێی و ڕەتی کردەوە، ئەوا نوێژەکەی دروستە.

﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ (١٦٣) (الأنعام) ئەی موحەممەد پێیان بڵێ نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە (١٦٢) هیچ هاوبەشێکی نییە، وە بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکەم ملکەچ و موسوڵمانم (١٦٣) ﴾.

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ (١٥) أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (١٦) (هود) هەرکەس ژیانی دونیا و ڕازاوەییەکەی بوێت کردەوەکانیان بەتەواوەتی

پێ ئەدەین تیایدا و تیایدا ئارام و تێر و ساغ ئەبن (١٥) ئەمانە ئەوانـەن کـە لـە قیامەتـدا هیچیان نییە جگە لە ئاگر، وە پوچە کار و کردەوەکانی دونیایان، وە بەتاڵە ئەوانەی ئەیانکرد (١٦) ﴾.

◆﴿ قالَ اللَّهُ تَبارَكَ وتَعالَى: أنا أغْنَى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّـرْكِ، مَـن عَمِـلَ عَمَلًا أشْـرَكَ فيـه مَعِي غَـيرِي، تَرَكْتُـهُ وشِـرْكَهُ (صـحيح مسـلم - ٢٩٨٥) خـوای گـەورە لـە فـەرموودەی قودسـی ئەفەرموێت: من بێ پێویستترین کەسم لە شەریك، هەرکەس کارێك بکات تیایدا شەریکم بـۆ دابنێت، واز لە خۆی و شیرکەکەی ئەهێنم و نامەوێت ﴾.

◆﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَـا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَـعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ (العنكبـوت - ٦٩) وە ئەوانەی لەپێناو ئێمە جیهادیان کردووە و تێکۆشاون، هیدایەتیان ئەدەین بۆ ڕێگای ڕاست، وە خوای گەورە لەگەڵ چاکەکاراندایە ﴾.

٢٨. ئەوەی لە ویستە شوێنکەوتوویەکاندا لێی ئـەبوردرێت، لـە ویسـتە سـەرەتاییەکاندا لێبوردنی نییە.

بۆنموونە گەر کەسێك سیلەی ڕەحم بکات، بەو نییەتـەی هـەتاوەکو بەهۆیـەوە پـارەی زۆرببێـت یـان تەمەنی درێژببێت، ئەگەر ئەمە ویستی سەرەتایی بێت لە سیلەی ڕەحم ئەوا کردەوەکەی بەتاڵە. بەڵام ئەگەر لە سەرەتاوە ویستی لێی ڕەزامەندی خوای گەورە و بەجێهێنانی فـەرمانی خـوا بێـت، پاشـان نییەتی تری هەبێت، ئەوا دروستە و قبوڵە.

وە ئەمە لە هەموو عیبادەتەکاندا بەم شێوەیەیە.

٢٩. هەرشتێك هۆكار بوو بۆ شیرك واجب ڕێگریكردن و نەهێشتنێتی.

ئەمەش بۆئەوەی شیرك لەو ڕێگەیەوە بلاَو نەبێتەوە و نەبێت بە دەرگایەك شیرك لێوەی بێتە ناو دینی خەڵكەوە.

بۆنموونە: هەڵواسینی وێنەی پیاوچاكان یان دەسەلاَتداران، ڕێگەیە بۆ سوجدەبردنی شوێنكەوتووەكانیان بۆیان. جا لەبەر ئەوە واجبە ڕێ لە بلاَوبوونەوە و هەڵواسینی وێنەكانیان بگیرێت.

وە بەچاوی خۆمان بینیمان كە وێنەی سەرۆكی سوریا و سەرۆكی كوردستان هەردووك سوجدەیان بۆ بران. وە ئەگەر ئەو وێنانە لەبەردەستی ئەو خەڵكەدا نەبووایە سوجدەیان بۆ نەئەبردن.

٣٠. ئەسڵ لە وێنەكێشانی خاوەن گیانەكاندا حەرامێتییە، مەگەر پێویستیی توند و زەرورەت پێویستی بكات.

﴿ مَن صَوَّرَ صُورَةً في الدُّنْيا كُلِّفَ يَومَ القِيامَةِ أنْ يَنْفُخَ فيها الرُّوحَ، ولَيسَ بنافِخٍ (صحيح البخاري - ٥٩٦٣) هەركەس وێنەیەك بكێشێت لە دونیا، لە قیامەت ئەمری پێ ئەكرێت كە ڕۆح بكات بەبەریدا، وە ناشتوانێت ڕۆحی بكات بەبەردا ﴾.

﴿ دَخَلَ عَلَيَّ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وفي البَيْتِ قِرَامٌ فيه صُوَرٌ، فَتَلَوَّنَ وجْهُهُ ثُمَّ تَنَاوَلَ السِّتْرَ فَهَتَكَهُ، وقالَتْ: قالَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: إنَّ مِن أشَدِّ النَّاسِ عَذَابًا يَومَ القِيَامَةِ الَّذِينَ يُصَوِّرُونَ هذِه الصُّوَرَ (صحيح البخاري - ٦١٠٩) پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چووەوە ماڵەوە و پەردەیەكی بینی وێنەی تیابوو، ڕەنگی هەڵگەڕا لە توڕەییدا و پەردەكەی لێكردەوە، وە فەرمووی: لە سزاتوندترینەكان لە قیامەتدا ئەوانەن ئەم وێنانە ئەكێشن ﴾.

﴿ إنَّ أصْحَابَ هذِهِ الصُّورِ يَومَ القِيَامَةِ يُعَذَّبُونَ، فيُقَالُ لهمْ أحْيُوا ما خَلَقْتُمْ وقالَ: إنَّ البَيْتَ الذي فيه الصُّوَرُ لا تَدْخُلُهُ المَلَائِكَةُ (صحيح البخاري - ٢١٠٥) خاوەنانی ئەم وێنانە عەزاب ئەدرێن لە قیامەتدا، وە پێیان ئەوترێت ئەوەی دروستتان کردووە زیندووی بکەنەوە، وە ئەو ماڵەی وێنەی تیایە فریشتەی تێ ناچێت ﴾.

وە لەمەوە، هەڵکۆڵین و نەخشاندنی وێنەی زیندەوەر (مرۆڤ، ئاژەڵ، هتد) لە بەرد و دار و هاوشێوەیان، وە کێشانی وێنەی زیندەوەر لەسەر کاغەز و بەرد و دار و جل و نوێن و هەرشتێکی تر حەرامە.

وە وێنەگرتن یان کێشان یان هەڵکۆڵین بە هەر ئامێرێك (قەڵەم، بۆیاخ، خەلۆز، کامێرا، هتد) حەرامە.

٣١. ئەسڵ لەو شتانەی کە لە قەبرسانەکان ئەنجام ئەدرێن ڕاوەستانە لەسەر بەڵگە.

واتە هیچ کارێك ناکەین و هیچ قسەیەك ناکەین لە قەبرسانەکاندا هەر لە هەڵکەندنی قەبرێکەوە بۆ ناشتنی و دواتر سەردانکردنی، ئیللا بەو شێوەیەی دەقی قورئان و سوننەت پێیان وتووین.

وە گەر دیقەت بدەیت سەرچاوەی زۆرێك لە کوفر و شیرك و گومڕاییەکان بیدعەی قەبرسانەکانە، لە: هاوارکردنی مردوو، تەوافکردنی قەبر، خۆسڕین و پەڕۆ و بەرد سڕین بە قەبردا، قوربانیکردن بۆ گەورەیی مردووەکە، نوشتە شاردنەوە لە قەبرسان، هتد.

جا گەر ئەم دەرگای بیدعەیەمان داخست ئەوا دەرگای کوفر و شیرکێکی زۆرمان داخستووە. ئەویش بە وازهێنانی خەڵکییە لە بیدعە لە قەبرسانەکاندا.

.٣٢ ئەسڵ لە چاوەزارەکاندا ڕێگرییە.

مەبەست لە چاوەزار هەر شتێکە کە بۆ هێنانی سوود و خێر و بەرەکەت و رزق، یان بۆ لابردن و پاراستن لە زەرەر و زیان و چاوی پیس و سیحر هەڵبواسرێت بە جل و لەش و ماڵ و کەلوپەلەوە، کە لە ڕاستیدا هیچ سوودێك نەهێنێت و هیچ زەرەرێك لانەبات.

وە شێوە و جۆریان زۆرە و هەموویان حەرامن، وەك: پەڕۆ، دار، بەرد، ناڵ، نوشتە، تەسبیح، ناوی خوا و پێغەمبەر، ئایەتی قورئان، قورئان (مصحف)، هتد.

- ﴿ إنَّ الرُّقَى والتَّمائمَ والتِّوَلَةَ شِركٌ (السلسلة الصحيحة - ٣٣١) نوشتە و چاوەزار و سیحری نزیککردنەوەی ژن و مێرد شیرکن ﴾.
- ﴿ مَن علَّق تميمةً فلا أتَمَّ اللهُ له ومَن علَّق وَدَعةً فلا ودَع اللهُ له (صحيح ابن حبان - ٦٠٨٦) هەرکەس چاوەزارێك هەڵواسێت خوا تەواوی نەکات، وە هەرکەس نوشتە هەڵواسێت خوا نەیپارێزێت ﴾.

.٣٣ گەر شوێنەواری شتی هەڵواسراو ڕاستەقینەبوو ئەوا چاوەزار نییە، وە گەر خەیاڵی و گریمانەیی بوو ئەوا چاوەزارە.

هەموو هەڵواسراوێك چاوەزار نییە، بەڵکو هەیانە ڕێگەپێدراوە:

أ. ئەو هەڵواسراوانەی بۆ زینە و جوانکاری هەڵئەواسرێن، نەك بۆ هێنانی سوود و لابردنی زیان. وەك: ملوانکە، گوارە، بازنگ، یان هەر خشڵێکی تر کە ئافرەت بیکات بەخۆیەوە، پەردە.

ب. ئەو هەڵواسراوانەی کە بەڕاستی سوود ئەهێنن یان زیان لائەبەن. وەك: چاویلکەی پزیشکی بۆ جوان بینین، چاویلکەی هەتاو بۆ پاراستنی چاو لە تیشکی خۆر یان هەر چاویلکەیەك کە چاو لە شتێك بپارێزێت، سەعات بۆ زانینی کات، گڵۆپ بۆ ڕووناککردنەوە.

وە گەر دیقەت بدەیت ئەشێت هەندێك لە نموونەکان هەردوو هۆکارەکەیان تێدابێت، هەم بۆ زینە بەکاربێت هەم بۆ هێنانی سوود یان لابردنی زیان. وەك: سەعات.

## بابەتی پێنجەم

## ناساندنی تەوحیدی ناو و سیفاتەکان

١. ناوە چاکەکانی خوا سبحانە وتعالی و سیفاتە بەرزەکانی لە پێویستییەکانی باوەڕهێنانە بە پەروەردگارێتییەکەی.

چونکە لەڕێی ناو و سیفاتەکانەوە خوای گەورە ئەناسین. وە ناسینی خوای گەورە لە پەروەردگارێتی خوای گەورەیە. وە هەروەها خوای گەورە لە قورئاندا وەك بەڵگە لەسەر پەروەردگارێتییەکەی ناو و سیفاتەکانی باس ئەکات.

٢. هەر تێگەشتنێك لە بابەتی ناو و سیفاتەکانی خوادا عز وجل پێچەوانەی تێگەشتنی پێشینانی ئیسلام بێت، بەتاڵە.

مەبەست لە پێشینان: هاوەڵانی پێغەمبەر (صحابة)، وە شوێنکەوتووی هاوەڵان (تابعين)، وە شوێنکەوتووی شوێنکەوتووانە (أتباع التابعين).

وە دەقەکانی قورئان و سوننەت زیاتر لە واتایەك هەڵئەگرن لە خۆیاندا، وە هەندێك لەو واتایانە بەتاڵن و دەقەکان بە واتا بەتاڵەکان لێکنادرێنەوە. وە بۆ زانینی واتای دروستی دەقەکان بەگشتی و بەتایبەت لە بابەتی ناو و سیفاتەکاندا، شوێن تێگەشتنی ئەوان ئەکەوین.

وە دیاریکردنی پێشینان وەك ڕێنیشاندەر لەبەر چەند هۆیەکە، لەوانە:

أ. خوا و پێغەمبەر بە ئیماندار وەسفی کردوون. وە فەرمانیان پێ کردووین شوێنیان بکەوین.
ب. زاناترین کەسن لە دیندا لە دوای پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم.

ت. خاوەن بیروباوەڕی دروستن و تێنەگلاون لە بیدعە و گومڕاییەوە.

پ. شارەزان بە واتای دەقەکان و زمانی عەرەبییان پاراوە.

وە تێگەشتنی پێشینان بۆ ناو و سیفاتەکان بەم شێوەیە:

أ. باوەڕ بە ناو و سیفەتە چەسپاوەکان بکە کە بە دەق سەلماون.

ب. وەك لە دەقدا هاتوون بیانناسە و لەفز و واتایان مەگۆڕە.

ت. واتاکانیان هەمان واتای ڕووکەشن و، واتای نهێنی و قوڵ و باطنیان نییە.

پ. عەقڵت دابڕە لە لێکدانەوە و هەوڵدان بۆ زانینی چۆنییەتی سیفاتەکانی خوا.

ج. سیفاتەکانی خوا بە سیفاتی دروستکراو مەشوبهێنە.

٣. بوار بە عەقڵ نادرێت لە بابەتە غەیبییەکاندا.

چونکە عەقڵ لەڕێی هەستەکانەوە زانیاری وەرئەگرێت، وە هەستەکانیش شتە ماددی و بینراوەکان هەست پێئەکەن و جیهانی غەیب و نەبینراو ناگوازنەوە بۆ مێشك. کەواتە عەقڵ توانای درککردنی غەیبی نییە و نەفامە پێی. وە نەفامیش بۆی نییە حوکم و فەتوا بدات و، پرسی پێ ناکرێت.

٤. قیاسی ناحازر (غائب) و نەبینراو لەسەر حازر و بینراو ناکرێت لە بابەتە غەیبییەکاندا.

چونکە غەیب نەزانراو و درك پێنەکراوە، وە شتێك کە نەزانین چۆنە، ئیتر چۆن لەسەر بینراو و زانراو قیاسی بکەین؟

بۆنموونە ناکرێت بلێین: خوای گەورە ڕوخسار و دەستی هەیە، وە مرۆڤیش ڕوخسار و دەستی هەیە، کەواتە ڕوخسار و دەستی خوا وەك ڕوخسار و دەستی مرۆڤە.

٥. لە حەق خوای گەورەدا سبحانە وتعالی تەنها قیاسی لەپێشتر (أولَوي) بەکاردێت، جیا لە قیاسەکانی تر.

قیاس لەلای ئەهلی سوننە چەند جۆرێکە، وە تەنها یەك جۆریان ڕێگەپێدراوە لە مەڕ خوای گەورەدا بەکاربێت، ئەویش قیاسی ئەولەوییە (لەپێشتر).

جا کاتێك سیفەتێکی جوان لە دروستکراوێکدا هەبێت و هیچ نوقسانییەکی تیا نەبێت، ئەڵێین: ئەولاترە خوای گەورەی پێ وەسفبکرێت. بۆنموونە: گەر کەسێك بەزەیی بە هەژارێکدا بێتەوە و خێری پێ بکات، ئەڵێین: ئەوە سیفەتێکی جوانە و بێ نوقسانییە، وە خوای گەورە ئەولاترە بە سیفەتی بەزەیی و ڕەحم و بەخشین وەسف بکرێت، وە خوای گەورە بەبەزەییە و بەڕەحمە و بەخشەرە.

وە کاتێك سیفەتێکی خراپ هەبێت لە دروستکراوێکدا کە هیچ لایەنێکی باشی تیا نەبێت، ئەڵێین: خوای گەورە لەپێشترە ئەم سیفەتەی لێ ڕەتبکرێتەوە و پاك و بێ گەرد ڕابگیرێت لێی. بۆنموونە: گەر کەسێك زوڵم بکات، ئەڵێین: ئەم کارە هیچ باشییەکی تیا نییە و خوای گەورە لەپێشترە کە زوڵم نەدرێتە پاڵی و لێی ڕەتبکرێتەوە، وە خوای گەورە هەرگیز زوڵم ناکات و زاڵم نییە.

وە ئاگاداربە ئێمە لەم حاڵەتەدا خوای گەورەمان قیاس نەکردووە لەگەڵ مەخلوقدا قیاسی نەبینراو لەسەر بینراو، بەڵکو ئەمە قیاسی لەپێشترە.

٦. دەربڕینی واتا شەرعییەکان بە دەستەواژەکانی دەقەکان لەپێشترە.

واتە گەر دەستەواژەیەك لە قورئان و سوننەتدا بەکارهاتبوو بۆ شتێك، ئەوا ئەولاترە هەمان دەستەواژە بەکاربهێنین بۆ ئەو شتە و، دەستەواژە و وشەی خۆمان بەکارنەهێنین. چونکە دەستەواژەکانی دەقەکان وردتر و گونجاوتر و شیاوتر و پڕواتاترە لە دەستەواژەکانی ئێمە.

جا لەمەوە، باشترە بڵێین: ئیماندار نەك باوەڕدار. وە باشترە بڵێین: السلام علیکم نەك سڵاوتان لێبێت. وە باشترە بڵێین: عەقیدە نەك بیروباوەڕ. وە بڵێین: سوننەت نەك ڕێباز. وە بڵێین: کافر نەك ناموسوڵمان. وە بڵێین: نەصرانی نەك مەسیحی یان کریستیان. وە بڵێین: یەهوودی نەك جوولەکە یان جوو. وە بڵێین: دین نەك ئایین. وە بڵێین: بسم الله الرحمن الرحیم نەك بەناوی خوای بەڕەحم و بەبەزەیی یان بەخشندە و میهرەبان.

٧. ناو و سیفاتەکانی خوا سبحانە وتعالی لەسەر دەق وەستاون.

واتە ناتوانین ناوێك یان سیفاتێك بدەینە پاڵ خوای گەورە لەخۆمانەوە، ئیللا لە قورئان و سوننەتدا سەلمابێت کە ناو یان سیفەتی خوایە. چونکە ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە غەیبین، وە بابەتەکانی غەیب سەرچاوەی زانینیان دەقە.

وە لەمەوە دێینە سەر ئەو بابەتەی کە: ئایا ڕێگەپێدراوە بە الله بڵێین: خوا، خوداوەند، پەروەردگار، یەزدان، ئێزدان، ئاهورامزدا؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: وشەی خوا، خوداوەند، پەروەردگار. لە قورئان و سوننەتدا نەدراونەتە پاڵ خوای گەورە بە هەمان دەربڕین و پیت. بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەو وشانە لە بەرامبەر وشەی (إلە، رب)،

بەکاردێن، بە واتایەکی تر وەرگێڕدراو (ترجمة)ـی ئەو وشانەن. وە ڕێگەپێدراوە ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی تر، هەم بۆ زانینی واتایان، هەم بۆ بەکارهێنانیان لە بەرامبەر الله دا. لەگەڵ مانەوەی بنەڕەتەکەدا و جەخت کردنەوە لەسەر بەکارهێنانی وشە سەرەکییەکە، وە هاندانی خەڵکی بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی دەق و دوورکەوتنەوە لەو دەستەواژانە. چونکە دەربڕینی واتا شەرعییەکان بە دەستەواژەکانی دەقەکان لەپێشترە.

ئەمە لەگەڵ حسابکردنیشمان بۆ ئەوەی کە ناوەکانی خوای گەورە زۆرن و، ئەشێ وشەی (خوا) یەکێك بێت لە ناوەکانی الله کە لە پێش ئیسلامدا میللەتانی ناوچەکە بەکاریان هێنابێت و لە پێغەمبەرێکەوە وەریانگرتبێت. بەڵام شوێن گومان خەیاڵات ناکەوین و ناڵێین بەدڵنیاییەوە ناوێکە لە ناوەکانی الله. والله أعلم.

بەڵام وشەی: یەزدان، ئیزدان، ئاهورامزدا. سەرەڕای ئەوەی لە دەقدا نەهاتووە، خاوەن دینەکانی تر وەك ناوی خواکانیان بەکاری ئەهێنن و ئەوانی پێ ئەناسرێتەوە نەك موسوڵمان. کەواتە ئەم ناوانە لە دوور و نزیك پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە و، واجبە موسوڵمان خۆی بپارێزێت لە بەکارهێنانیان، نە سوێندیان پێ بخوات و نە هاواریان بکات. چونکە وەك لە بەشی پێشوو وتمان: خۆچواندن بە کافران لە بابەتە تایبەتەکانیاندا حەرامە. والله أعلم.

٨. بابەتی سیفاتەکان فراوانترە لە بابەتی ناوەکـان، وە بابـەتی هەواڵـەکان فـراوانترە لـە بابـەتی سیفاتەکان.

ئەو شتانەی کە ئەدرێنە پاڵ خوای گەورە عز وجل سیانن: نـاو (أسمـاء)، سـیفات (صـفات)، هـەواڵ (أخبار). وە سیفاتەکانی خوای گەورە لە ناوەکانی زۆرتـرە. وە ئـەو هەواڵانـەی ئەدرێنـە پـاڵ خـوای گەورە زۆرترن لە سیفاتەکانی.

وە لەمەوە بزانە کـە، هـەموو ناوەکـانی خـوای گـەورە سـیفەتێك لـەخۆی ئـەگرێت، بـەڵام هـەموو سیفەتێکی خوای گەورە ناوی خوا نییە. وە هەموو سـیفاتەکانی خـوای گـەورە ئەشـێ وەکـو هـەواڵ بدرێنە پاڵ خوای گەورە، بەڵام هەموو هەواڵێکی خوای گەورە سیفەت نییە بۆ خوا.

نموونەی ناوەکانی خوا: الله، الرحمن، الرحیم، المَلِك، القدوس، السلام، المؤمن، المُهیمن، العزیز، الجبـار، المتکبِّر، الإله، الرب.

﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ (٢٢) هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٢٣) هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٢٤) (الحشـر) الله ئـەو زاتەیـە کـە هـیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، زانای نهێنی و ئاشکراکانە، ئەوە بـەڕەحم و بـەزەیی (٢٢) الله ئەو زاتەیە کە هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لـەو، پاشـایە، پـیرۆزە، سـەلامەتە، ئـارامی و ئاسایشە، چاودێرە، باڵادەستە، زۆر بەتوانایە، گەورە و بە هەیبەتە، پـاکی و بـێ گـەردی بـۆ خوا لەو هاوەڵانەی بۆی دائەنێن (٢٣) الله ئەو خوایەیە دروسـتکەرە، بەدیهێنـەری شـتەکانە بـەو شـێوەیەی پێشـتر دایڕشـتووە، وێنەکێشـی دروسـتکراوەکانە،، خـاوەنی نـاوە جـوان و

چاکەکانە، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوییە تەسبیحاتی ئەکەن، وە ئەو بەعیززەت و دانایە (٢٤) ﴾.

نموونەی سیفاتەکانی خوا: بەبەزەیی (الرحمن)، پاشا (المَلِك)، خاوەنی هەموو شتەکان لە بنەڕەتەوە (مالِك)، دروستکەری شتەکان لە نەبوونەوە (الخالِق)، بەڕێوەبەری گەردوون (المدبِّر)، ژیێنەر و مرێنەر (المحي المميت)، بەرز و بڵند (مستوي)، خاوەنی دەست، خاوەنی ڕوخسار.

- ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ (طه - ٥) خوای بەڕەحم لەسەر عەرش بەرز و بڵند بووەوە ﴾.
- ﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّ (ص - ٧٥) خوای گەورە بە ئیبلیس (شەیتان)ـی وت چی ڕێگری لێ کردیت سوجدە بۆ ئەوە ببەیت کە بە هەردوو دەستم دروستم کرد ﴾.
- ﴿ وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ (الرحمن - ٢٧) وە ڕوخساری پەروەردگارت ئەمێنێتەوە خاوەن ڕێز و گەورەیی ﴾.

نموونەی هەواڵەکانی خوای گەورە: هەبوو (موجود)، کۆن (قدیم)، هەتاهەتایی (أزلي)، جوڵێنەری هەور، بارێنەری باران، شکێنەری دوژمنان، سەرخەری ئیمانداران، پەرستراو، چێنەر (زارِع).

٩. ئەوەی واجبە لە ئاست ناوەکانی خوای گـەورەدا عـز وجـل سـەلماندنیانە، وە سـەلماندنی ئـەو سیفەتەیە کە لەخۆی گرتووە، وە تەعەبود کردنە بۆ خوا بە پێویستییەکانی.

کەواتە هەر ناوێکی خوای گەورە کـە لـە دەقەکانـدا هـاتووە سـێ واجـب لەسـەرمانە بەرامبـەریان: باوەڕهێنان پێی، وە سەلماندنی ئەو سیفەتەی کە ناوەکە لەخۆی ئەگرێت، وە خوای گەورە بپەرستین بـە هەستکردن بە واتای ناوەکە.

بۆنموونە لە ناوی: بیسەر (سميع)ـدا، باوەڕمان وایە کە ناوێکە لە ناوەکانی خوای گـەورە. وە سـیفەتی بیستن لەخۆی ئەگرێت، واتە خوای گەورە بیسەرە و ئەبیستێت. وە داوا لـە خـوای گـەورە ئەکـەین و ئەزانین کە گوێبیستی داواکانمانە، وە هاواری کەسێك ناکـەین کـە نەمانبیسـتێت، وە ئـەو قسـانەی ئەیانکەین ئەبێت ئاگاداریان بین حەرام نەبن چونکە خوای گـەورە ئەیانبیسـتێت، وە بیسـتنی خـوای گەورە هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە و لە هەرجێیەك بین و بـە هـەر نزمـی و بەرزییـەك قسـە بکـەین گوێبیستمانە.

١٠. ڕێککەوتن لە ناوەکاندا مەرجی ڕێککەوتن لە سیفەتەکاندا نییە.

بۆنموونە: مەرج نییە گەر دوو کەس ناویان محمد بێـت هـەمان سـیفەتی لەشـیان هـەبێت، وە هـەمان کەسایەتییان هەبێت، وە هەمان تەمەنیان هەبێت، وە لە هەمان شوێن بژین، وە هتد، هەر بەوەنـدەی ناویان لێك ئەچێت (محمد).

وە بۆنموونە: مەرج نییە دەستی مرۆڤ لە دەستی مێشوولە بچێت، یان ڕوخساری مـرۆڤ لـە ڕوخسـاری سەگ و مەیموون و بەراز بچێت، هەر بەوەندەی ناوەکانیان وەك یەکە (دەست، ڕوخسار).

بە هەمان شێوە لە سیفەتەکانی خوای گەورەدا مەرج نییە دەستی خوای گەورە و بەرزی و ڕوخسار و ڕەحم و دەسەڵات و سزای خوا، وەك دەست و بەرزی و ڕوخسار و ڕەحم و دەسەڵات و سزای مرۆڤ و ئاژەڵ و فریشتە و جن و هتد بێت، هەر بەوەندەی ناویان وەك یەکە. وە مەرج نییە گەر ناوەکان وەك یەك بوون سیفەتەکانیش وەك یەك بن.

وە گەر لە نێوان دروستکراوەکان خۆیاندا گەر ناوەکان وەك یەك بوون مەرج نەبێت سیفەتەکانیان وەك یەك بێت، ئەولاترە سیفەتەکانی خوای گەورە جیا بێت لە سیفەتی دروستکراوەکانی با ناویشیان وەك یەك بێت.

١١. ناوەکانی خوا ڕێککەوتوون لەڕووی زاتەوە، جیاوازن لەڕووی سیفاتەوە.

واتە ناوەکانی خوای گەورە هەموویان ناوی یەك زاتن. نەوەك هەر ناوەو هی زاتێکی جیا بێت. بەڵام هەر ناوێك سیفەتێکی جیا لە ناوەکەی تر لەخۆی ئەگرێت.

بۆنموونە: الرحمن، الغفور، الخالق، المَلِك، السلام، العزيز. ئەمانە هەموو ناوی یەك زاتن کە الله یە. بەڵام ناوی (الرحمن) سیفەتی ڕەحمەت لەخۆی ئەگرێت. وە ناوی (الغفور) سیفەتی لێبوردەیی لەخۆی ئەگرێت. وە ناوی (الخالق) سیفەتی دروستکەر و بەدیهێنەر لە نەبوونەوە لەخۆی ئەگرێت. وەهەروەها.

١٢. ناوەکانی خوای گەورە عز وجل لە ژمارەیەکدا سنوردار ناکرێن.

واتە ناوەکانی خوای گەورە زۆرن و دیارینەکراون بە ژمارەیەك، وە تیایانە هەموو خەڵك ئەیزانێت، وە تیایانە کەمێك لە بەندەکان ئەیزانن، وە تیایانە تەنها خوای گەورە خۆی ئەیزانێت.

﴿ أسألُكَ بكلِّ اسمٍ هو لكَ سَمَّيْتَ به نفسَكَ أو أنزَلْتَه في كتابِكَ أو علَّمْتَه أحَدًا مِن خَلْقِكَ أوِ استأثَرْتَ به في عِلمِ الغيبِ عندَكَ (صحيح ابن حبان – ٩٧٢) پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دوعای فێری هاوەڵانی کرد و فەرمووی بڵێن: خوای گەورە .. داوات لێ ئەکەم بە هەموو ناوێك کە هی تۆیە و لەخۆتت ناوە، یان لە کتێبەکەتدا داتبەزاندووە، یان فێری عەبدێکت کردووە، یان لە غەیبدا لای خۆت هەڵتگرتووە ﴾.

وە کاتێك کە پێغەمبەر فەرموویەتی خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە هەرکەس بیانژمێرێت ئەچێتە بەهەشتەوە. مەبەستی لێی ئەوە نییە کە تەنها نەوەد و نۆ ناوی هەیە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە لە هەموو ناوەکانی خوای گەورەدا هەرکەس ئەوەندەیان بژمێرێت پاداشت وەرئەگرێت.

١٣. دەقەکانی سیفاتەکان ڕوونن (مُحكَم) لە لایەنی واتاوە، وە ناڕوونن (مُتَشابِه) لە لایەنی چۆنییەتیانەوە.

بەواتایەکی تر واتا زانراو و چۆنییەتی نەزانراون. واتە سیفاتەکانی خوای گەورە واتاکانیان زانراوە لەڕووی زمانەوە، بەڵام چۆنییەتیان لەڕووی واقیع و ڕاستییەوە نەزانراوە.

وە واتاکانیان زانراوە چونکە سیفاتەکان لە دەقەکاندا هاتوون، وە دەقەکانیش بە زمانی عەرەبین و هەرکەس زمانەکە بزانێت واتای سیفاتەکانیش ئەزانێت. بەڵام چۆنییەتی سیفەتەکان نەزانراوە چونکە، لە دەقەکاندا چۆنییەتی باسنەکراوە، وە چۆنییەتی سیفاتەکانی خوا نادیارن و نەمانبینیوە، وە هاوشێوەیان نییە تا قیاسی بکەین لەسەری.

بۆنموونە: سیفەتی (یَد) واتاکەی زانراوە کە بریتییە لە دەست، بەڵام چۆنییەتی دەستی خوای گەورە نازانین. وە سیفەتی (وَجه) واتاکەی زانراوە کە بریتییە لە ڕوخسار، بەڵام چۆنییەتی ڕوخساری خوا

نازانین. وە واتای (إستواء) ئەزانین کە بریتییە لە بەرزی و بڵندی، بـەڵام چـۆنییەتی بـەرزی و بڵنـدی خوای گەورە نازانین. وەهەروەها.

وە کاتێك ئەڵێین چۆنییەتی نازانین، واتای ئـەوە نییـە چـۆنییەتیان نییـە، بـەڵکو سـیفەتەکانی خـوا چۆنییەتییان هەیە بەڵام ئێمە نایانزانین.

١٤. ئـەوەی واجبـە لـە دەقـەکانی سـیفاتە سـەلماوەکاندا سـەلماندنیانە، وە ڕەتکردنـەوەی هاوشـێوەیەتییانە بـە سـیفاتی دروسـتکراوەکان، وە نەهێشـتنی حـەزی زانـینی چـۆنییەتی سیفەتەکەیە.

سیفاتەکان بە دوو شێوە لە دەقەکاندا باسکراون، هەیانە بۆ خوای گەورە سەلمێنراون و دراونەتە پـاڵی، وە هەیانە ڕەتکراونەتەوە و خوای گەورە بە پاك و بێ گەرد ڕاگیراون لێی. وە ئەم بنەمایـە لـە جـۆری یەکەمدایە.

ئەمانە سێ واجبن لەسەرمان بەرامبەر هەر سیفەتێکی خوای گەورە کاتێك لە دەقەکاندا بە سـیفەتێك ئەگەین: سەلماندن، ڕەتکردنەوەی هاوشێوە، بیرنەکردنەوە لە چۆنییەتی.

بۆنموونە: کاتێك ئەگەین بە سیفەتی ڕوخسار ﴿وَيَبقى وَجهُ رَبِّكَ ذو الجَلالِ وَالإِكرام﴾، ئەبێت باوەڕ بەوە بهێنین کە خوای گەورە خاوەنی ڕوخسارە، دوای ئەوە بڵێین: ڕوخساری خوای گەورە لە هیچ ڕوخسارێك ناچێت، دواتر لە چۆنییەتی ڕوخساری خوا نەکۆڵینەوە و نەڵێین: ڕوخساری خوا چۆنە؟

وە لە سیفەتی بەرزی لەسەر عەرشدا ﴿الرَّحمن عَلى العَرشِ استَوى﴾، بـاوەڕ بـە بـەرزی خـوای گـەورە ئەهێنین لەسەر عەرش، وە ئەڵێین: بەرزییەکە هاوشێوەی نییە، وە ناڵێین: بەرزییەکەی چۆنە؟

وە لە سیفەتی دەستدا ﴿بَل يَداهُ مَبسوطَتان﴾، ئەڵێین: باوەڕمان بە دەستی خوای گەورە هەیە، وە دەستی خوای گەورە لە دەستی دروستکراوەکانی ناچێت، وە ناڵێین: دەستی خوا چۆنە؟

١٥. ئەوەی واجبە لە ئاست سیفاتە ڕەتکراوەکاندا ڕەتکردنەوەیانە، وە سەلماندنی تەواوی دژیانە.

ئەم بنەمایە لە سیفەتە ڕەتکراوەکاندایە.

کاتێك ئەگەین بەو سیفەتانەی ڕەتکراونەتەوە لە ئاست خوادا لە دەقەکاندا، دوو شت ئەکەین: سیفەتەکە ڕەتئەکەینەوە، دژی ئەو سیفەتە بە تەواوی و سەداسەد ئەسەلمێنین.

بۆنموونە: لە سیفەتی زوڵمدا ﴿وَلا يَظلِمُ رَبُّكَ أحَدا﴾، ئەڵێین: خوای گەورە زاڵم نییە، وە ئەڵێین: خوای گەورە دادپەروەرە تەواوی دادپەروەری.

وە لە سیفەتی خەودا ﴿لا تَأخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوم﴾، ئەڵێین: خوای گەورە هەرگیز ناخەوێت و خەو نایباتەوە، بەڵکو خوای گەورە تەواوی ژیانی هەیە و پێویستی بە خەو نییە و هیلاك نابێت.

١٦. ئەو سیفەتانەی کە تەواو و بێ نوقسانین لەلایەك و لەلایەکی ترەوە نوقسانین، بۆ خوای گەورە ئەسەلمێنرێن لە کاتی تەواوییاندا، وە ڕەتئەکرێنەوە لەکاتی نوقسانییاندا.

هەندێك سیفات هەیە نە سەدا سەد تەواو و چاك و شایستەیە تا بدرێتە پاڵ خوای گەورە، وە نە سەدا سەدیش نوقسان و خراپ و ناشرینە تا ڕەتبکرێتەوە. بەڵکو گەر لە ڕوویەکەوە سەیربکرێت شیاوە بۆ

خوا، وە لەلایەکی ترەوە نەشیاوە. جا لەم حاڵەتەدا بەپێی ئـەم بنچـینەیە ئەجولێینـەوە و وردەکـاری ئەدەینێ.

بۆنموونە: سیفەتی گاڵتەپێکردن (استهزاء)، لەو سیفەتانە نییە کە بە ڕەهایی تەواو و چـاکن، وە لـەو سیفەتانەش نییە کە بە ڕەهایی نوقسانین. وە گاڵتەپێکردن لە سـەرەتاوە بـەبێ هۆکـار نوقسـانییە و ناشرینە و شیاوی خوای گەورە نییە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ڕەتی ئەکەینەوە. بەڵام گاڵتەپێکردن لـەڕووی سزا و تۆڵەسەندنەوە و وەڵامدانەوەوە تـەواوی بـەتوانایی و دەسـەڵات دەرئـەخات، بۆیـە لـەم ڕووەوە ئەیسەلمێنین بۆ خوای گەورە.

﴿ ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهۡدَهُمۡ فَيَسۡخَرُونَ مِنۡهُمۡ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنۡهُمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ (التوبة - ٧٩) ئەو موونافیقانەی کە تانە و تەشەر لەو باوەڕدارانە ئەدەن کە خێر ئەکەن، وە لەوانەش کە تەنها توانایەکی کەمیان هەیە بۆ بەخشین، ئەمان گاڵتەیان پێ ئەکەن، خوای گەورە گاڵتە بە موونافیقان ئەکات، وە سزایەکی بەئێشیان هەیە ﴾.

وە سیفەتی لەبیرچوونەوە (نسیان)، لە عەرەبیدا بە دوو واتا دێت، واتایـەکیان بریتییـە لـە نـەزانین و لەبیرنەمان دوای زانین، بۆنموونە: لەبیرچوونەوەی شوێنی شتێك یان ناوی کەسـێك دوای ماوەیـەك. وە ئەم واتایە نەشیاوە بۆ خوای گەورە و ڕەتئەکرێتەوە.

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا (مریم - ٦٤) خوای گەورە هیچ شتێکی لەبیر ناچێتەوە ﴾.

بەڵام واتایەکی تریشی هەیە کە بریتییە لە وازهێنان لە شتێك بەئەنقەسـت لـەڕووی سـزا و تۆڵـەوە، بۆنموونـە: وازهێنـان و وەلکردنـی کەسـی بەدنـەك و بـێ وەفـا بەئەنقەسـت وەك سـزایەك بـۆ بـێ وەفاییەکەی. وە ئەم واتایەیان شیاوە و گونجاوە بۆ خوای گەورە.

﴿ نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡ (التوبة - ٦٧) خـواى گـەورەيان وازلێهێنـا، خـواى گـەورەش وازى لـێ هێنان ﴾.

﴿ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ (طه - ١٢٦) خـواى گـەورە وەڵامـى كافران ئەداتـەوە كـە بۆچـى سـزا ئـەدرێن چـونكە، ئـاوا ئايەتـەكانمان بـۆت هـاتن و بـۆت ڕوونكرانەوە، بەڵام ئيهمالت كردن و خۆت لێ كوێر كردن، جا ئـەمڕۆش ئيهمـال ئـەكرێيت و بەكوێرى حەشر ئەكرێيت ﴾.

١٧. ئەو سيفەتانەى هيچ دەقێك لەسەريان نەهاتووە بە سەلماندن يان ڕەتكردنەوە، لە ئاست دەستەواژەكەيدا (لَفـظ) ئەوەستين و نە ئەيسـەلمێنين و نـەڕەتى ئەكەينـەوە. وە لـە واتاكەيـدا وردئەبينەوە، گەر واتايەكى حەقى لێ ويسترا وەرىئەگرين و گەر واتايەكى بەتاڵى لێ ويسـترا ڕەتى ئەكەينەوە.

لەسەر زمانى كۆمەڵە گومڕاكانى ئيسـلام هەنـديك سـيفەت ئەدرێنـە پـاڵ خـواى گـەورە يـان لێـى ڕەتئەكرێنەوە، كە لە قورئان و سوننەتدا بە سەلماندن يان ڕەتكردنەوە نەهاتوون. وە ئـەهلى سـوننەش دەستەواژە (لفظ)ـى ئەو سـيفەتانە ناسـەلمێنن چـونكە دەق نەيسـەلماندوون، وە ڕەتيشـيان ناكەنـەوە چونكە دەق ڕەتى نەكردوونەتەوە. وە بەكورتى لێيان بێدەنگن وەك دەق لێيان بێدەنگە.

بەڵام سەيرى واتاكانيان ئەكەن و گەر واتايەكى حەقى تيابوو وەرىئەگرن، چونكە حـەق ڕەتناكرێتـەوە، وە گەر واتايەكى بەتاڵ بوو ڕەتى ئەكەنەوە، چونكە بەتاڵ وەرناگيرێت.

بۆنموونە: سيفەتى لايەن (جهة)، ناڵێين خواى گەورە لە لايەنێكە، وە ناڵێين خواى گـەورە لـە لايـەنێك نييە. بەڵكو بێدەنگ ئەبين. وە ئەپرسين لەو كەسەى ئەم وشـەيە بـەكاردێنێت: مەبەسـتت چييە لـە

لایەن؟ وە بەپێی وەڵامەکەی حوکم ئەدەین. جا گەر وتی مەبەستم لایەنی نزمی و خوارەوەیە. ئەڵێین: ئەوە واتایەکی بەتاڵە چونکە خوای گەورە لە بەرزی و بڵندیدایە و، ڕەتی ئەکەینەوە.

﴿ سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى (الأعلى - ١) ناوی پەروەردگاری بەرزت بە پاك ڕابگرە ﴾.

وە گەر وتی: مەبەستم لێی لایەنی بەرزییە لەسەر عەرش لە سەروو گەردوونەوە لە دەرەوەی دروستکراوەکان. ئەڵێین: ئەمە واتایەکی دروستە، بەڵام ئێمە بەمە ناڵێین لایەن، بەڵکو پێی ئەڵێین بەرزیی و بڵندیی (علو واستواء). چونکە دەربڕینی واتا شەرعییەکان بە دەستەواژەکانی دەقەکان لەپێشترە. وە دەقەکان بە بەرزیی وەسفیان کردووە نەك لایەن.

وە سیفەتی شوێن / جێ (مَكـان)، ناڵێین خوای گەورە لە شوێن و جێدایە، وە ناشڵێین خوای گەورە لە شوێندا نییە. بەڵکو بێدەنگ ئەبین وەك دەقەکان. وە واتاکەی بەپێی واتاکردنی بەرامبەر بۆ وشەکە وەرئەگرین یان ڕەتئەکەینەوە. جا گەر وتی مەبەستم لە جێ نزمییە، یان شوێنێکە کە چواردەوری خوای دابێت، ئەوا ئەو واتایە ڕەتئەکەینەوە چونکە خوای گەورە لە بەرزیدایە، وە هیچ شتێك چواردەوری خوا نادات. وە گەر وتی مەبەستم لێی بەرزی خوای گەورەیە لەسەر عەرش و جیابوونێتی لە دروستکراوەکانی. ئەڵێین: ئەوە واتایەکی دروستە، بەڵام ئێمە بەمە ناڵێین جێ بەڵکو ئەڵێین بەرزیی.

١٨. سیفەتەکانی خوا عز وجل زاتی و کردارین.

سیفاتی زاتی ئەوانەن کە وابەستە و پەیوەستن بە خوای گەورەوە و، هەرگیز لێی جیانابنەوە. وەك: زانست، ژیان، بیستن، بینین، بەرزی.

سیفاتی کرداری ئەوانەن کە پەیوەستن بە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانیانەوە لەلایەن خوای گەورەوە. وە ئەشێ لەخوای گەورە جیاببنەوە، بەو واتایەی ئەنجامیان نەدات. وەك: بەرزی لەسەر عەرش، دابەزین بۆ ئاسمانی دونیا، هاتن، قسەکردن، دروستکردن.

١٩. سیفەتە کردارییەکان بە زاتی ئەژمێردرێن بە سەیرکردنی بنەڕەتی توانای خوای گەورە بەسەریاندا.

واتە سیفاتە کردارییەکان لە بنەڕەتدا هەمیشە خوای گەورە توانای ئەنجامدانیانی هەیە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئەنجامیان بدات.

بۆنموونە سیفەتی قسەکردن: خوای گەورە بە قسەکەر وەسف ئەکرێت لە بنەڕەتەوە، وە هەمیشە توانای قسەکردنی هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێك قسە بکات، بەڵکو کەی بیەوێت قسە ئەکات، وە کەی نەیەوێت نایکات. وە ئەو کاتانەی کە قسە ناکات واتای ئەوە نییە توانای قسەکردنی نییە.

٢٠. هەرکەس نکوڵی سیفەتێك لە سیفەتە چەسپاوەکان بکات، نکوڵیکردنی بەدرۆخستنەوە و ئینکاری ئەوا کافرە. وە گەر نکوڵییەکەی لێکدانەوە (تأويل) بێت فاسقە.

ئەهلی سوننە جیاوازی ئەکەن لە نێوان کەسێك کە نکوڵی سیفەتەکانی خوای گەورە ئەکات لەو ڕووەوە کە ئەڵێت: خوای گەورە نەیفەرمووە ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾، وە ئایەتەکە ڕەتئەکاتەوە. وە ئەمیان لەلا کافرە.

وە لەنێوان کەسێك کە ئەڵێت: بەڵێ خوای گەورە فەرموویەتی ﴿بَل يَداهُ مَبسوطَتان﴾، بەلاّم واتای ﴿يَد﴾ بریتی نییە لە دەست بەڵکو واتای تری هەیە، وەك: ڕەحمەت، نیعمەت، توانا. وە ئەمەیان لەلا فاسقە نەك کافر. چونکە ئایەتەکەی ڕەتنەکردۆتەوە تا کافر ببێت، بەڵکو واتاکەی گۆڕیوە ئەویش بەهۆی لێکدانەوەیەکی بەتاڵەوە.

## بابەتی شەشەم

## ناساندنی تەوحیدی حاکمێتیی

١. هیچ کەس حوکمڕانی گەردوون و شەرع نییە جگە لە الله.

خوای گەورە حوکمی گەردوون ئەکات و بەڕێوەی ئەبات، وە چۆن ویستی لێی بێت ڕووداوەکان وا تیای ڕووئەدەن. وە خۆی دروستکەریێتی و هەرکاتیش بیەوێت لەناوی ئەبات. وە هیچ هاوبەشێکی نییە لە حوکمکردن و بەڕێوەبردن و دروستکردنی گەردووندا.

وە خوای گەورە شەریعەتی داناوە و حەلاڵ و حەرامی دیاریکردووە، وە عیبادەتەکانی دارشتووە و جێگیری کردووە، وە ڕێبازی ژیانی بۆ مرۆڤەکان دیاریکردووە. وە هیچ هاوەڵێکی نییە لە دارشتنی حوکمە شەرعییەکاندا.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحْيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِي بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (البقرة - ٢٥٨) ئایا ئەوە نابینیت ئەوەی کە بەرهەڵستی ئیبراهیمی کرد لە پەروەردگاریدا کە خوا مولکی پێ بەخشیبوو، ئیبراهیم وتی پەروەردگاری منە زیندووئەکاتەوە و ئەمرێنێت، ئەویش وتی نەخێر منیش ئەتوانم بژیێنم و بمرێنم، ئیبراهیم وتی دەی الله خۆر لە خۆرهەڵاتەوە دێنێت جا تۆ لە خۆرئاواوە بیهێنە گەر تۆش خوایت، کافرەکە بێ بەڵگە و دەسەوسان بوو، وە الله هیدایەتی قەومی زاڵم نادات ﴾.

﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (يوسف - ٤٠) حوكم تەنها بۆ الله یە، فەرمانی کردووە هیچ نەپەرستن جگە لەو، ئەوە دینی حەق و ڕاستە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی نایزانن ﴾.

٢. تەوحیدی خوا لە حوکمە گەردوونییەکانیدا لە پێویستییەکانی پەروەردگارێتییە، وە تەوحیدی خوا لە حوکمە شەرعییەکانیدا لە پێویستییەکانی خوایەتییەتی.

چونکە حوکمە گەردوونییەکان لە سیفەتی پەروەردگارێتین، بۆنموونە: خۆرهەڵاتن و ئاوابوونی، بارانبارین، گەرمی و ساردی کەش و هەوا، سەوز بوون و زەرد هەڵگەڕانی دەشت و دەر، هتد.

وە حوکمە شەرعییەکان لە سیفەتی خوایەتین، وەك: واجبێتی نوێژ و ڕۆژوو، حەرامێتی ڕووتی و سفوری، واجبێتی ڕیش و حیجاب، حەڵاڵێتی فرەژنی، حەرامێتی زینا و خەمر، هتد.

٣. حوکمڕان لە بنەڕەتەوە الله یە، وە حوکمڕان بە گەیاندن پێغەمبەرە.

واتە ئەوە خوای گەورەیە سبحانە وتعالی کە حەڵاڵ و حەرام بڕیار ئەدات لە سەرەتا و بنەڕەتەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ لای کەس و بێ پرس کردن بە کەس. وە پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم تەنها حوکمەکان ئەگەیەنێت لە خوای گەورەوە بۆ خەڵکی، نەوەك ئەویش لە بنەڕەتەوە وەك خوا بێ پرس شت حەڵاڵ و حەرام بکات.

﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ (٣) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ (٤) (النجم) وە موحەممەد لە هەوا و ئارەزووەوە قسە ناکات (٣) بەڵکو تەنها وەحییە و بۆی ڕەوان ئەکرێت (٤) ﴾.

﴿ **إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ** (الحاقة - ٤٠) ئەم قورئانە قسەی پێغەمبەرێکی بەڕێزە بە گەیاندن ﴾.

﴿ **لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ** (آل عمران - ١٢٨) هیچ شتێك بەدەست تۆ نییە ئەی موحەممەد ﴾.

٤. هەرکەس هاوەڵ بۆ خوای گەورە دابنێت لە حوکمە کەونییەکانیدا ئەوا لە پەروەردگارێتیدا شیرکی کردووە، وە هەرکەس هاوەڵ بۆ خوای گەورە دابنێت لە حوکمە شەرعییەکانیدا ئەوا لە خوایەتیدا شیرکی کردووە.

کەواتە هەرکەس بڵێت: فلان فریشتە یان پێغەمبەر یان پیاوچاك لەگەڵ خوای گەورەدا گەردوون بەڕێوە ئەبات، یان ڕزق ئەدات لە بنەڕەتەوە، یان خۆر هەڵدێنێت و ئاوای ئەکات، یان باران ئەبارێنێت، یان شیفای نەخۆشی ئەدات، یان ئەمرێنێت و ئەژیێنێت، هتد. ئەوا موشریکە لە پەروەردگارێتیدا.

وە هەرکەس بڵێت: فلان کەس یان مەلا یان حیزب یان پەرلەمان یان حکومەت یان وڵات شت حەرام یان حەلاڵ یان واجب ئەکات. ئەوا موشریکە لە خوایەتیدا.

﴿ **أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ** (المائدة - ٥٠) ئایا حوکمی نەفامییان ئەوێت، وە کێ لە خوا باشترە لە حوکمدا بۆ قەومێك کە دڵنیان ﴾.

﴿ **ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ** (التوبة - ٣١) جوولەکە و مەسیحییەکان زانا و خواپەرستەکانیان کرد بە پەروەردگار لەبری خوا وە هەروەها مەسیحی

کوڕی مەریەمیش، وە فەرمانیان پێ نەکرابوو بە هیچ جگە لە پەرستنی یەك خوای تاقانە، هیچ خوایەکی حەق نییە جگە لەو، پاکی بۆ ئەو لەو شەریکانەی بۆی بڕیار ئەدەن ﴾.

﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ (سبإ - ٢٢) بڵێ هاواری ئەوانە بکەن کە لەگەڵ خوا داتاناون بۆ وەڵامتان بدەنەوە گەر ڕاستئەکەن، هێندەی مسقاڵ و گەردێکیان لە ئاسمانەکان و زەویدا بەدەست نییە، وە لە ئاسمان و زەویدا هیچ شەریکایەتییەکیان نییە لەگەڵ خوادا، وە خوای گەورە پشت و پەنای لەناویان نییە ﴾.

﴿ مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا (الكهف - ٢٦) ئەوان جگە لە خوا هیچ سەرخەرێکیان نییە، وە هیچ کەس لە حوکمی خوای گەورەدا شەریکی نییە ﴾.

٥. هەموو حوکمێکی پێچەوانە بە حوکمی خوا حوکمی نەفامییە (جاهلي).

﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (المائدة - ٥٠) ئایا حوکمی نەفامییان ئەوێت، وە کێ لە خوا باشترە لە حوکمدا بۆ قەومێك کە دڵنیا و یەقینن ﴾.

٦. پەنا تەنها بۆ لای حوکمی خوا ئەبرێت.

واتە گەر کێشە و ناکۆکییەك دروست بوو لەنێوان خەڵکی، یان ویستمان بزانین حەڵاڵ و حەرام کامەیە، یان لە هەر بابەتێکدا کە شەرع باسی کردووە و حوکمی تیا داوە، واجبە بگەڕێینەوە بۆ لای شەرعی خوا.

بۆنموونە: گەر کەسێك دزی کرد ئەوا بەپێی حوکمە شەرعییەکان سزای ئەدەین، نەوەك بەپێی حوکمە جاهیلییەکان. وە گەر ویستمان بزانین خواردنی حەرام و حەڵاڵ کامانەن، ئەوا سەیری دەقەکانی شەرع ئەکەین. وە گەر کوڕ و کچێك ویستیان هاوسەرگیری بکەن، ئەوا بەپێی شەرع مارەیان ئەبڕین. وە گەر دوو هاوسەر ویستیان جیاببنەوە، ئەوا بەپێی شەرع جیایان ئەکەینەوە. وە گەر دەسەڵاتداری شوێنێك بووین، ئەوا بە حوکمەکانی شەرع حوکمیان ئەکەین. وە هەروەها.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي
شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ
تَأۡوِيلًا (٥٩) أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ
يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ
ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا (٦٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ
يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودٗا (٦١) فَكَيۡفَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ ثُمَّ جَآءُوكَ
يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّآ إِحۡسَٰنٗا وَتَوۡفِيقًا (٦٢) أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمۡ
فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ وَعِظۡهُمۡ وَقُل لَّهُمۡ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَوۡلَۢا بَلِيغٗا (٦٣) وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا
لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ
ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا (٦٤) فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ
بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا (٦٥) (النساء) ئەی ئیمانداران گوێرایەڵی خوا و گوێرایەڵی پێغەمبەر وە زانا و کاربەدەستەکانتان بکەن، جا گەر لە بابەتێکدا ڕاجیا و ناکۆك بوون بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر گەر باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوە چاکە و باشترین ئەنجامە (٥٩) ئایا نابینی ئەوانەی بانگەشەی ئیمان بەوەی بۆت دابەزیوە و بۆ پێش تۆش دابەزیوە ئەکەن ئەیانەوێت حوکم بەرن بۆ طاغوت، وە فەرمانیان پێ کراوە کە بێ باوەڕ بن پێی، وە شەیتان ئەیەوێت گومڕایان بکات

گومراکردنێکی دوور (٦٠) وە کاتێك پێیانبوترێت وەرن بۆ لای ئەوەی خوا دایبەزاندووە و بـۆ لای پێغەمبەر، ئەبینیت مونافیقان پشتت تێ ئەکەن (٦١) ئـەی کاتێـك کـە توشـی بـەلا و موسیبەتێك ئەبن بەهۆی کردەوەی خۆیانەوە، پاشان دێن بـۆ لات و سـوێند ئـەخۆن بـە خـوا مەبەستمان تەنها چاکە و ڕێککەوتن بووە (٦٢) ئەوانە ئەوانـەن کـە خـوا ئـەزانێت چـی لـە دڵیاندایە، تۆش پشتیان تێ بکە و عوزریان قبوڵ مەکە و نەسیحەتیان بکـە، وە لـە نەفسـی خۆیاندا ئامۆژگارییان بکە (٦٣) وە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە بۆ ئەوە نەبێت گوێڕایەڵی بکرێت بە ئیزنی خوا، وە گەر ئەوان کاتێك زوڵمیان لە نەفسیان کرد بـێن بـۆ لات، وە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن، وە پێغەمبەر داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات، ئەوا خوای گـەورەیان بە لێبوردە و بەڕەحم ئەبینییەوە (٦٤) نەخێر سوێند بە پـەروەردگارت ئیمـان نـاهێنن هـەتا نەتکەن بە داوەر لـەو بابەتانـەی ناکۆکییـان هەیـە تێیـدا، پاشـان لـە نەفسـیاندا هـیچ پـێ ناخۆشبوونێك نەبێت بەرامبەر حوکمەکەت، وە تەسلیمی بن (٦٥) ﴾.

﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ (الشورى - ١٠) وە هەر شتێك تیـای ڕاجیـا بوون ئەوا بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بۆ حوکمەکەی ﴾.

﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّ (المائـدة - ٤٨) وە قورئانمـان بـۆ دابەزاندوویت بەحـەق، بەڕاسـتدانەری کتێبـەکانی پـێش خۆیـەتی، وە شـایەت و باڵادەسـتە بەسەریانەوە، جا حوکم بکە لەنێوانیان بەوەی خوا دایبەزاندووە، وە شوێن ئارەزوویان مەکـەوە لەو حەقەی بۆت هاتووە ﴾.

﴿ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ (المائدة - ٤٤) وە هەرکەس حوکم بەوە نەکات خوا دایبەزاندووە ئەوانە کافرن ﴾.

﴿ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا (الكهف - ٢٦) وه هیچ كـهس لـه حـوكمی خـوای گـهورهدا شهریكی نییه ﴾.

٧. ڕێگهپێدراوه پهنا بۆ حوكمی نهفامی ببرێت له حاڵهتی ناچارییدا، نهوهك له كـاتی ئاسـایی و ئیسراحهتدا، لهگهڵ حهزنهكردن به پهنابردن له دهڵهوه.

ئهوهی له خاڵی پێشوودا باسمانكرد كاتێكه كه حوكمی شهرعمان لـهلابێت، وه لایـهنێك هـهبێت كـه حوكمهكه جێبهجێ بكات و بتوانین پهنای بۆ ببهین بۆ یهكلایی كردنهوهی بابهتهكانمان.

بهڵام گهر ئهو لایهنه نهبوو، یان نهمانتوانی بگهینه لای، ئـهوا واجبێتیـی چـوونه لا و پـهنابردن بـۆ شهرعمان لهسهر لائهچێت و، بۆمان ههیه بـۆ وهرگرتنـهوهی حـهق و مافمـان پـهنا بـۆ لای حـوكمی جاهیلی ببهین. بهو مهرجهی له دڵهوه ڕازی نهبین بهو پهنابردنه بۆ حوكمی جاهیلی.

بۆنموونه: موسوڵمانێك له وڵاتی كافراندا گهر مافی خورا، یان دهستدرێژی كرایـه سـهر، یـان دزی لـیّ كرا، ئهوا بۆی ههیه له مهحكهمهكانی ئهو وڵاتهدا داوای مافی خۆی بكات و مافهكهی وهربگرێتهوه. چونكه لهو دادگایهدا نهبێت شوێنێكی تری دهستناكهوێت تا داوای مافی بكات و مافی وهربگرێتـهوه، وه دادگای شهرعی دهستناكهوێت. بهو مهرجهی له دڵهوه ناڕازی بێت به پهنابردن بۆ ئهو دادگایه.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّـٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓاْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا (النساء - ٦٠) ئایا نابینی ئهوانهی بانگهشهی ئیمان بهوهی بۆت دابهزیوه و بۆ پـێش تـۆش دابهزیوه ئهكهن ئهیانهوێت حوكم بهرن بۆ طاغوت، وه فهرمانیان پیّ كراوه كه بـیّ بـاوهڕ بـن پێی، وه شهیتان ئهیهوێت گومڕایان بكات گومڕاكردنێكی دوور ﴾.

٨. ڕێگەپێدراوە یاسا لە بابەتە دنیاییەکان و ڕێکخستنەکان دابنرێت، بەو مەرجەی پێچەوانەی حوکمە شەرعییەکان نەبێت.

بۆنموونە: یاساکانی ڕێگەوبان و سەیارە، یاسای خوێندن و تاقیکردنەوەکان، یاسای پاکڕاگرتنی ژینگە، هتد.

وە ئەو مەرجەی دامانناوە زۆر گرنگە و حوکمی جاهیلی جیا ئەکاتەوە لەم جۆرە، کە پێچەوانە نەبوونی یاساکەیە لەگەڵ شەرعدا.

٩. حوکمکەر بە حوکمی جاهیلی جیایە لە پەنابەر بۆ حوکمی جاهیلی.

حوکمکەر ئەو کەسەیە کە حوکمەکە جێبەجێ ئەکات لە واقیعدا. کە بەگشتی لایەنی دەسەڵات ئەگرێتەوە لە: دەسەڵاتداری وڵات، قازی، پۆلیس.

پەنابەر ئەو کەسەیە کە پەنا بۆ لای دەسەڵاتدار و قازی ئەبات بۆ ڕایی کردنی کێشە و کاروباری، کە بەگشتی خەڵکی ئاساییە.

١٠. ئەوەی حوکم بە غەیری شەرعی خوا بکات بە ڕەهایی ئەوا کوفری گەورەی کردووە.

واتە هەر دەسەڵاتدار و قازییەك گەر لە هەموو بابەتێکدا حوکمی بە غەیری حوکمی خوا کرد، ئەوا کافرە.

١١. ئەوەی حوکم بە غەیری شەرعی خوا بکات بە ڕێژەیی، وە بزانێت و باوەڕی هەبێت کە تەنها حوکمی شەرع ئەبێت پەنای بۆ ببرێت و حوکمی پێ بکرێت، وە باوەڕی وابێت کە ئەو کارەی حەرامە، ئەوا کافرە و کوفرەکەی بچووکە.

چونکە ئەو کەسەی بە ڕەهایی حوکم ئەکات بە حوکمی جاهیلی جیایە لەوەی بە ڕێژەیی و لە چەند بابەتێکدا وە چەند جارێك نەك هەمیشە حوکمی پێ ئەکات و باوەڕیشی پێی نییە.

١٢. ئەوەی وابزانێت یان بڵێت حوکم و شەرعێکی باشتر یان هاوتا بە حوکمی خوا هەیە کافرە و کوفرەکەی گەورەیە.

چونکە خوای گەورەی بەدرۆ خستۆتەوە.

﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (المائدة - ٥٠) ئایا حوکمی نەفامییان ئەوێت، وە کێ لە خوا باشترە لە حوکمدا بۆ قەومێك کە دڵنیا و یەقینن ﴾.

١٣. هەرکەس وابزانێت یان بڵێت کە حوکمی خوا بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت، ئەوا کافرە و کوفرەکەی گەورەیە.

چونکە خوای گەورەی بەدرۆ خستۆتەوە.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (سبإ - ٢٨) موحەممەد تۆمان نەناردووە ئیللا بۆ هەموو خەڵكی بە مـوژدەدەر و ئاگاداركەرەوە، بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن ﴾.

﴿ قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا (الأعراف - ١٥٨) بڵێ ئەی خەڵكینە مـن پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان ﴾.

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا (المائدة - ٣) ئەمرۆ دینەكەم بۆ تەواوكردن، وە نیعمەتی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا، وە لـە ئیسـلام ڕازی بووم كە دینتان بێت ﴾.

١٤. هەركەس وابزانێت یان بڵێت حوكمی جاهیلی ڕێگەپێدراوە پەنای بۆ ببرێت بە ڕەهایی، ئەوا كافرە و كوفرەكەی گەورەیە.

چونكە خوای گەورەی بەدرۆ خستۆتەوە.

﴿ أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ (المائدة - ٥٠) ئایـا ئەوانە حوكمی خوایان ناوێت و حوكمی جاهیلییان ئەوێت، وە كێ لە خوا باشترە لـە حوكمـدا بۆ قەومێك كە دڵنیا و یەقینن ﴾.

﴿ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ (المائدة - ٤٤) وە هەركەس حوكم بەوە نەكات خوا دایبەزاندووە ئەوانە كافرن ﴾.

﴿ وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا (الكهف - ٢٦) وە خوا هیچ كەس ناكات بە هاوەڵی خۆی لـە حوكمڕانییەكەیدا ﴾.

١٥. هەرکەس وابزانێت یان بڵێت سزا و حەددە شەرعییەکان توند یان نامرۆڤانە یان دواکەوتوویی یان دڕندانە یان نەفامیین، ئەوا کافرە و کوفرەکەی گەورەیە.

چونکە ئەو سیفەتە ناشرینانە نادرێنە پاڵ خوای گەورە یان شەریعەتەکەی. وە جنێو و تانەدان لە خوا و شەریعەتەکەی کوفرە. وە ئەم بانگەشەیە بەدرۆخستنەوەی خوای گەورەیە.

﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ (المائدة - ٥٠) وە کێ لە خوا باشترە لە حوکمدا بۆ قەومێك کە دڵنیا و یەقینن ﴾.

﴿ صِبۡغَةَ ٱللَّهِ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗۖ وَنَحۡنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ (البقرة - ١٣٨) پەیوەست بن بە دینی خواوە، وە دینی کێ باشترە لە دینی خوا، وە ئێمە هەموو ئەو ئەپەرستین ﴾.

﴿ ماضٍ فيَّ حكمُك، عدلٌ فيَّ قضاؤُك (السلسلة الصحيحة - ١٩٩) خوایە گیان .. حوکمی تۆ بەسەرمدا ئەڕوات، دادپەروەرە بڕیارت لەسەرم ﴾.

﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا (النساء - ١٢٥) کێ دینی لەو کەسە باشترە کە ڕووی خۆی تەسلیم بە خوا کردووە، وە چاکەکارە، وە شوێن دینی ئیبراهیم کەوتووە بە پاکی و دوور لە شیرك ﴾.

﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ (فصلت - ٣٣) وە کێ قسەی لەو کەسە باشتر کردووە کە بانگەواز ئەکات بۆ لای خوا، وە کردەوەی چاك ئەکات و ئەڵێت من لە موسوڵمانانم ﴾.

﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُمۡ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلۡعَبُۚ قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ (٦٥) لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ (٦٦) (التوبة) وە کاتێك پرسیار لەوانە بکەیت کە گاڵتە بە دین و پێغەمبەر و صەحابە ئەکەن ئەڵێن ئێمە گاڵتە و گەپ و

سوعبەتمان ئەکرد، بڵێ ئایا بە خـوا و ئایەتـەکانی و پێغەمبـەر گاڵتـە ئەکـەن (٦٥) عـوزر مەهێننەوە بەدڵنیاییەوە کافر بوون دوای ئیمانتان (٦٦) ﴾.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ (الأنبياء - ١٠٧) وە موحەممەد تۆمـان نـەناردووە ئـیللا وەك رەحمەت بۆ جیهانیان ﴾.

﴿ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَـٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ (البقـرة - ١٧٩) وە لـە حـوکمی قیصاصدا ژیان بۆ ئێوە هەیە ئەی خاوەن عەقڵەکان، بەڵکو تەقوای خوا بکەن ﴾.

﴿ وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذۡنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ (الأعـراف - ٩٦) وە گەر خەڵکی شار و دێکان باوەڕیـان بێنایە و تەقوای خوایان بکردایە، ئێمەش بەرەکەتمان لە ئاسمان و زەوییەوە بەسەردا ئەڕژانـدن، بەڵام پێغەمبەر و کتێبەکانیان بەدرۆ خستەوە، ئێمەش سزامان دان بەوەی کردیان ﴾.

﴿ وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ (هود - ٥٢) وە ئەی قەومەکەم داوای لێخۆشبوون لە خوا بکـەن پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای، ئەویش بارانتان بۆ ئەبارێنێت، وە بەهێزتان ئەکات سەرەڕای هێـزی خۆتان، وە پشتهەڵمەکەن و خراپەکار مەبن ﴾.

﴿ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِم (المائـدة - ٦٦) وە گـەر ئـەهلی کیتـاب حوکمـەکانی تـەورات و ئینجیلیـان جێبەجێبکردایە، لەگەڵ ئەوەی لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان دابەزیوە، ئـەوا لـە ئاسمانـەوە ڕزقیان ئەخوارد وە لە ژێر پێشیانەوە ﴾.

١٦. هەركەس حوكمی پێچەوانە بــە شــەرعی خــوا دابڕێــژێت، ئــەوا كــافرە و كوفرەكــەی گەورەیە.

چونكە داڕێژەری حوكم تەنها الله یە و شەریكی نییە لە داڕشتنی حوكمدا. وە ئــەو كەســەی حــوكمی پێچەوانە دائەڕێژێت خۆی ئەكات بە خوا، وە زمانی حاڵی ئەڵێت من باشتر شارەزام لە شــتەكان نــەك خوا.

﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (یوسف - ٤٠) حوكم تەنها بۆ الله یە، فەرمانی كردووە هیچ نەپەرستن جگە لەو، ئەوە دیــنی حەق و ڕاستە، بەڵام زۆرینەی خەڵكی نایزانن ﴾.

﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ (الشــورى - ٢١) ئایــا ئەوانــە شەریكیان هەیە كە لە دیندا شتیان بۆ داڕشتوون كە خوا ئیزنی پیێ نەداوە ﴾.

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (التوبــة - ٣١) جوولەكــە و مەسیحییەكان زانا و خواپەرستەكانیان كرد بە پەروەردگار لەبری خوا وە هــەروەها مەســیحی كوڕی مەریەمیش، وە فەرمانیان پیێ نەكرابوو بە هیچ جگە لە پەرستنی یــەك خــوای تاقانــە، هیچ خوایەكی حەق نییە جگە لەو، پاكی بۆ ئەو لەو شەریكانەی بۆی بڕیار ئەدەن ﴾.

١٧. حـاكميّتيى خـوا هـيچ زانايـەك ڕەتـى نەكردۆتـەوە، ئەگەرچـى بـە چـوارەم بەشـى تەوحيديشى نەبينيبێت.

ئەو زانايانەى ئەهلى سوننە كە تەوحيد بۆ چـوار بەشـى سـەرەكى دابـەش ناكـەن و، حـاكميّتيى بـە تەوحيدى چوارەم نابينن، باوەڕيان بە هەموو دەقەكانى حاكميّتى خوا هەيە و شەريك بـۆ خـوا بڕيـار نادەن لە حاكميّتييەكەيدا. بەڵام هەر ئەوەندەيە كە بابەتى حاكميّتى يان لەگەڵ پەروەردگاريّتيدا بـاس ئەكەن، يـان لەگـەڵ خوايەتيـدا، يـان لەگـەڵ نـاو و سـيفاتەكاندا. وە ئەمـەش ڕاجيـايى و خـيلاف دروستناكات، وە نابێتە جێـى ڕق و بـەراء. وە ئـەم جياوازييـە وەك ئـەو جياوازييـەى زانايانـە كـە هەندێكيان ناو و سيفاتەكان لەگەڵ پەروەردگاريّتيدا باس ئەكات و هەندێكى تر بـەجيا ئـەيكات بـە تەوحيدى سێهەم.

جا نابێت بەبيانوى ئەوەى تەوحيد چوار بەش نييە، دەقەكانى حاكميّتى خوا ڕەتبكرێتەوە و شەريك بۆ خوا دابنرێت لە حاكميّتييەكەيدا.

پوختەى بنەماكانى تەوحيد تەواو بوو

والحمد لله أولا وآخرا

احمد كوردى || سلێمانى

٣/ ٦/ ٢٠٢٠ || ١١/ شوال/ ١٤٤١

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٢ |
| سەرچاوەکانی وەرگرتنی تەوحید | ٨ |
| ناساندنی تەوحید | ١٢ |
| ناساندنی تەوحیدی پەروەردگارێتیی | ٢٣ |
| ناساندنی تەوحیدی خوایەتیی | ٦١ |
| ناساندنی تەوحیدی ناو و سیفاتەکان | ٩٤ |
| ناساندنی تەوحیدی حاکمێتیی | ١١١ |
| ناوەڕۆك | ١٢٥ |